# کۆمەڵگەی مەدەنی

## لەکوردستان بەکوێ گەیشت؟

زنجیرە وتارێکن لەتەوەرێکی تایبەتی رۆژنامەی خەبات دا بڵاوکراونەتەوە



ئامادەکردنی
بەرهەم شێخ عزەدین

# کۆمەڵگەی مەدەنی
# لەکوردستان بەکوێ گەیشت؟

"زنجیرە وتارێکن لەتەوەرێکی تایبەتی رۆژنامەی (خەبات)دا بڵاوکراونەتەوە"

ئامادەکردنی:
بەرهەم شێخ عزەدین

ناوی کتێب: کۆمەڵگەی مەدەنی لەکوردستان بەکوێ گەیشت؟
بابەت: کۆمەڵە وتار
ئامادەکردنی: بەرهەم شێخ عزەدین
نەخشەسازی و بەرگ: ئەبوبەکری مەلا عەبدوڵلا
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپ: چاپخانەی منارە - هەولێر

لەسەر ئەرکی نووسینگەی وەزیری هەرێم
بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی بەچاپ گەیشتووە

# پێشەکییەکی کورت

دوای ئــەوەی لەرۆژنامــەی خــەبات و لەلاپــەڕەی (٦)دا ئــەم تــەوەرەم بەڕەزامەنــدی بەرپرسانی رۆژنامە، لـەژێر نـاوی (کۆمەڵگـەی مـەدەنی لەکوردسـتان بـەکوێ گەیـشت؟) ئامادەکرد، گرنگی و سەرنج راکێشانی بابەتەکان وای لێکردم کە لەگـەڵ وەزیـری هـەرێم بۆ کاروبـاری کۆمەڵگـەی مەدەنیـدا بـدوێم لەسـەر بابەتەکـە و دواتـریش لەسـەر بەچـاپ گەیاندنی لەدووتوێی کتێبێکدا، ئەویش بەوپەڕی خەمخۆرییەوە بەدەم داواکەمەوە هـاتن و رەزامەندییان نیشاندا.

خوێنەری بـەڕێز، ئـەو کتێبـەی لەبەردەسـتتدایە، کۆمەڵـە وتارێکـە کـە لەلایـەن کۆمەڵـە کەسێکی رۆشنبیر نووسراون و ئامـادەکراون، سـەرەتایەکی باشـن بـۆ تێگەیـشتنمان لـە کۆمەڵگەی مەدەنی و قۆناغ و هەنگاوەکانی بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگە.

بەو هیوایەم کە توانیبێتمان خزمەتێك بەو بـوارە بکـەین و لەئایندەشـدا بـەرەو پێـشتری ببەین.

**ئامادەکار**

# وتەیەکی پێویست

چـاپکردنی ئـەم کتێبـە، دوای ئـەوە دێـت کـە ڕۆژنامـەی (خـەبات)ی ئـازیز، بەسوپاسـەوە، ڕووبـەرێکی گونجـاوی لەلاپـەڕەکانی خـۆی بـۆ چـەندین بابـەتی گـرنگ و بەسوود لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنی تەرخان کرد.

ئێمە لەکاتێکدا سوپاسی بێ پایانمان ئاراستەی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئازیز دەکـەین، خوێنـەری بـەڕێز دڵنیـا دەکەینـەوە کـە هەوڵـدەدەین زنجیرەیـەك کتێـب و نامیلەکـە، سـەبارەت بـە بڵاوکردنـەوەی ڕۆشـنبیری و هۆشـیاری کۆمەڵگـەی مـەدەنی لـە هـەرێمی کوردستاندا، بەهاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن، چاپ و بڵاودەکەینەوە.

بەو هیوایـەی ئـەم دەستپێشخەرییەمان بەسـوود بێـت و، لەئاینـدەش هـەموو لایـەکمان سەرکەوتوو بین لەم هەوڵ و کۆششەدا.

**نووسینگەی وەزیری هەرێم**
**بۆکاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی**

# دامودەزگا مەدەنیەکان و کۆمەڵگای کوردی

**مافپەروەر**

**عەبدولحەکیم زراری**

بۆ ئەوەی قسەو باسەکانمان لەسەر پرسی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان و ئەو هەوڵانەی  کە دراون و لە مەودواش دەدرێن لەو پێناوەدا بە ئاقارێکی زانستی و واقیعیدا بڕواو چیتر وتارو نووسین و سەرنجەکانمان جوینەوەو دووبارەکردنەوەیەکی بێزارو وەڕسکەر نەبێ،پێویستە لە دەلاقەیەکی تازەو لە گۆشە نیگایەکی ترەوە بنواڕینە دونیای چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی،بەمەش بێگومان هەم  هەڵسەنگاندنەکانمان بۆ کارەکانی ڕابردوو ڕاست و دروست و لەجێی خۆی دەبێت،وهەمدیس خوێندنەوەمان بۆ ئایندەی کۆمەڵگاکەمان خوێندنەوەیەکی جیددی و بەرچاوڕوونانە دەبێت.

جا بۆ چوونە ناو باسی كۆمەڵگای مەدەنی لە كوردستان وام بە چاك زانی لە دەروازەی دوو ڕەهەندی گرنگ و سەرەكییەوە داخیلی نێو خودی بابەتەكە بین و بە تان و پۆیدا بچینەوە،ئەوانیش ڕەهەندی دەزگایی وڕەهەندی مەعنەوییە، دیارە هەریەك لەم دوو ڕەهەندەش ڕۆڵێكی ئەكتیڤ و هەستیار دەگێڕێت لە بونیاتنانی كۆمەڵگایەكی مەدەنی و پێشكەوتوو واتە بە نەبوونی یاخود پشتگوێ خستنی یەكێكیان لەلایەك مانای ئیفلیجبوون و ناكاملی ئەم كۆمەڵگایە دەگەیەنێت و لەلایەكی تریشەوە خوێندنەوەو توێژینەوەكانمان پڕ لە خەوش و كەم و كوڕی دەبێ و هیچ ئەنجامێكی ڕاست ودروست دەستەبەر ناكات.

ئەوەی تایبەت بێت بە ڕەهەندی دەزگایی یاخود ئۆرگانیی مەبەست لێی كۆڕو كۆمەڵی هونەریو وەرزشیو ئەدەبیو..... . ئەو گرووپ و ڕێكخراوو یەكێتیو سەندیكایانەن كە نوێنەرایەتی سەرجەم چین و توێژە جیاجیاكانی كۆمەڵگا دەكەن. جا سەبارەت بە ئەنجامدانی هەوڵ و كارەكانی ئەم دەزگاو ڕێكخراوو ئۆرگانانەی كە لە كوردستاندا هەن،دەتوانین بڵێین كارەكانیان زۆر بەسستیولاوازی بە ڕێوەچووەو نەیانتووانیوە ئەو پەیامە پیرۆزەی كە هەڵیانگرتووەو لەپێناویدا دروست بوون كە خۆی لە بە مەدەنی كردنی كۆمەڵگای كوردی دەبینێتەوە، وەكو خۆی و بە ئەمانەتەوە جێبەجێی بكەن، چونكە ڕاستە وەكو دەزگاو رێكخراو مۆڵەت پێدراون وخاوەن پەیڕەوو پرۆگرامی خۆیانن، بەڵام بە داخەوە نەیانتووانیوە وەكو پێویست ڕۆحی كۆمەڵگای مەدەنی وەبەر خۆیان بكەن و بە نەفەسێكی شارستانیانەو مۆدێرنانەو دوور لە هەر كەوتنە ژێركاریگەریەك هەنگاو بنێن.

مەبەست لەو قەیرانی ڕۆحیەش كە ئاماژەمان پێدا بریتییە لە نەبوونی ڕۆحی ڕەخنەییو چاودێریكەریی لەلایەن ئەم ڕێكخراوانەوە، ئەمەش وایكردووە كە ئەم دەزگایانە لەلایەك نەتوانن رای گشتی لە ناو جەماوەردا بخولقێنن وە لەلایەكی تریشەوە ئەو هێزەیان نەبێت كە ببن بە دەزگای فشار بۆ سەر دەسەڵات و ئەوەی بیانەوێت لە چاكسازی و

گۆڕانكاری و نوێكاریدا بهێننە ئاراوە،دیارە ئەم حاڵەتە نێگەتیڤەش وای كردووە كە ئەم دەزگایانە نەك هەر نا ئەكتیڤبن لە بەرقەراركردنی بنەماكانی كۆمەڵگای مەدەنی لە كوردستاندا، بەڵكو تارادەیەكی زۆریش وای لێهاتووە كە متمانەی خۆیان لەلایەن جەماوەرەوە لە دەستبدەن،چونكە تا ئێستا دیسان وەكو پێویست پرۆژەیەكی رەخنەیی جیددی ئەوتۆمان نەبینیووە كە شایەدی شەونخوونی و ماندووبوونێكی زۆربداو رەخنە گرتنەكانیش زۆر جار هەر تەنها لەپێناو رەخنەدا بووەو دوور لە دەرهاوێشتەی خوێندنەوەیەكی قووڵ و هەمەلایەنی واقیعی كۆمەڵگا و هەروەها بێ هیچ خستنە رووی چارەسەرێك لە پاڵ رەخنەكانیان.

وە ئەوەی ئەم رێكخراوو سەنتەرانەی زیاترلەكەدار كردووە و لە دەزگایەكی مەدەنی دایشۆراندوون ئەوەیە كە ناتوانن پشت بە خۆیان ببەستن ولەسەر پێی خۆیان بووەستن بەڵكو بەپێچەوانەوە وەكو كورد دەڵێ بوونەتە حازر خۆری بەر سێبەرێو هەر لەو رۆژەی لە دایك دەبن ئەركی بە خێو كرن و هاوكاریكردنیان دەكەوێتە سەر دەسەڵات وحكومەت، بەجۆرێك وای لێهاتووە كە ئامانج لە دامەزراندنی ئەم دەزگایانە تەنها بۆ خۆژیاندن و پارە كۆكردنەوە بێت نەك بۆ ئیشكردن لە سەر كۆمەڵگا لەپێناوی فراوانكردنی هۆشیاری مەدەنیو خولقاندنی فەزایەكی مۆدێرن ،جا بێگومان حالەتێكی لەم چەشنەش هەم لەلایەك دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئەم رێكخراوو سەنتەرانە ببن بە بار بەسەر جەستەی حكومەت و پارەیەكی زۆر لەم رووەوە بە هەدەر بڕواو جێی خۆی نەگرێت، وە هەمیش لەبەر ئەوەی دەستیان كەوتۆتە بن سەری حكومەت بۆیە زەحمەتە هەرگیز بتوانن ببنە سەرچاوەی رەخنەگرتن و چاودێریكەرێكی توندو دەزگایەكی فشار بۆ سەر حكومەت و دەسەڵات، بۆیە هەرچەندە خۆیان بە دەزگای كۆمەڵگای مەدەنی ناوزەدبكەن بەڵام لە دواجاردا هەر دەبنە سێبەری دەسەڵات و ناتوانن لەدەرەوەی ئەم دەسەڵاتەدا درێژە بە كارەكانیان بدەن،جا بۆ رزگار بوون لەم دەردە كوشندەیەی كە ئەم دەزگایانە تووشی هاتوونە پێویستە بگەڕێینەوە سەر

ڕەهەندەکەی تر ئەویش ڕەهەندی مەعنەوی کۆمەڵگای مەدەنیە،واتە بریتییە لەو هێزە مەدەنییەی کە خۆی لە بوونی ئەو ڕۆح و ووزە و ئیرادەیەدا دەبینێتەوەو وەبەر جەستەی دامودەزگا دەکرێت و کاراکتەرێکی مەدەنی پێدەبەخشێت، بەم چەشنەش لە کەلەشێکی بێ ڕۆح و بێ جوڵە و بێ ئیرادەوە دەیانکەن بە دەزگایەکی زیندو و بڕیاردەرو خاوەن ئیرادە، دیارە بۆ قسەکردن لەسەر کۆمەڵگایەکی مەدەنی ڕاستەقینە ئەم ڕەهەندە ڕەمزیەی کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕووی گرنگییەوە هیچی کەمتر نابێت لە ڕەهەندە دەزگاییەکە، ئەگەر گرنگترو کاریگەرتریش نەبێت.

جا لە ڕوانگەی تێڕوانینمان بۆ کارو هەوڵەکانی دوێنێی دەزگاو ڕێکخراوە مەدەنیەکانی و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگایەکی گەشەکردو و تەندروست بەمانای مەدەنی بوون لە کوردستاندا، ئەوا پێویستە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە وەکو پێویستیەکی زیندووی کۆمەڵگای مەدەنی لەبەر چاو بگیرێت :

١- کۆمەڵگای مەدەنی تا بەشێوەیەکی سروشتی گەشەونەشە بکات پێویستی بە کەش و هەوایەکی ئازادو دوور لە ترس و سانسۆر خستنەسەر بیرو ڕای ئازادو سەربەخۆ هەیە.

٢- بنبڕکردنی هەر توندوتیژیەك کە ببێتە زمانی قسەکردنی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ یەکتریدا، واتە نابێ لۆژیکی هێز جێگای هێزی لۆژیك بگرێتەوە بەڵکو دەبێ لە ڕێی گفتوگۆو دیالۆگەوە ڕووبەڕووی کێشەکان بینەوە.

٣- پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەر دەستێوەردانێکی حیزب و دەسەڵات لە کارەکانیدا،چونکە حیزب پێکهاتەیەکی سیاسییە و هەوڵەکانی خۆی لە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسییەوە چڕدەکاتەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵگای مەدەنی هێزێکی دەزگایی و مەعنەویە و بە ئامانجی چاودێری دەسەڵاتی سیاسی هاتۆتە بوون.

٤- کۆمەڵگای مەدەنی دروست نابێت و ناشتوانین بەم حاڵەی ئێستاوە باس لە چوارچێوەیەکی شیاوی دیموکراسیش بکرێت بۆ ژیانی ئازادانەی هاووڵاتیان ئەگەر بێت و ڕێزگرتن لە بنەماکانی ماف مرۆڤ و سەیرکردنی مرۆڤەکان وەکو مرۆڤ و بڕوابوونی تەواو

بە جیاوازیەکانیان لە ڕەنگ و زمان و ئینتیمای ئایینی و سیاسیان تەرجوومەی واقیعی کۆمەڵگا نەکرێت.

٥- چەسپاندنی ئاڵ وگۆڕی دەسەڵات وەکو یەکێك لە بنەماکانی دیموکراسی بە پێی ئەو ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتیەی کە لە نێو پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا دەبەسترێت بە ئامانجی قۆرخ نەکردنی دەسەڵات بەدەستی چەند کەس و لایەنێکی دیاریکراو.

٦- بوونی شەفافیەت و تێگەیشتنێکی تازە بۆ چەمکی کاری سیاسی ئەویش بە دەرهێنانی سیاسەت لە دونیای تاریکیەوە بۆ ڕووناکی وە لە چوارچێوەی ژوورە داخراوە تەسکەکانەوە بۆ سەر جادەی پان و بەرین.

جا دەبێت لە مەودوا سەرجەمی ئەو سەنتەرو ڕێکخراوانەی ئەگەر بڕیارە بۆ مەدەنی کردنی کۆمەڵگای کوردی و فراوانکردنی سەرزەمینە ژیارییەکانی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە تەواوی ڕووبەرەکانی ژیان و ئەرك و خزمەتگوزاریەکانی تاکەکەس دروست بوونە، ئەوا پێویستە لە ژێر ڕۆشنایی پێویستییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەنگاو بەو ئاراستەیە بهاوێن وهەڵسەنگاندنێکی وردیش بۆ هەوڵ و کارەکانی پێشوویان بکەن و بزانن ئایا تا چەند لەسەر ئەو هێڵە ڕاست و دروستە ئیشیان کردووە کە بێگومان دەیانگەیەنێتە نێو دونیای کۆمەڵگای مەدەنی.

# زۆری سەنتەر و ڕێکخراوەکان خزمەت بەڕەوتی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن؟

ئامادەکردنی
ڕەوا دڵشاد وەسانی

لە کۆمەڵگای ئێمەدا چەندساڵێکە قسە دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێ، لەگەڵ گەرمبوونی ئەو باسە کار بەوەگەیشت ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراو و سەنتەر دروست بن، بەڵام ئەنجام بەوەگەیشت قسە دەربارەی ئەو حاڵەتە بکرێت. ئیدی وایلێهات بابەتی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی لە زۆری سەنتەر و ڕێکخراودا دیتەوە، بەجۆرێك ژمارەیان زۆربوو، وایلێهات ئەرك و ئامانجی کۆمەڵگەی مەدەنی تێکەڵ و پێکەڵییەکی تێکەوت، سەنتەر و ڕێکخراوەکان بەئاڕاستەیەکدا ڕۆیشتن، نەدەکرا قسەی لەبارەوە نەکرێ، کار بەوەگەیشت زۆری و بۆری ئەو سەنتەر و ڕێکخراوانە وەك دیاردەیەك لایەنێکی گەندەڵی

پێكبهێنن. بۆ ئەم مەبەستە بەپێویستمان زانی بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە چەند لایەنێكی پەیوەندار لەم ڕیپۆرتاژەدا بدوێنین.

## كۆمەڵگەی مەدەنی بەكوێ گەیشت؟

چەند ساڵێكە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی بایەخ بە كۆمەڵگەی مەدەنی دەدەن، بەڵام بەقسەی هەندێ كەس هێشتا لەسەرەتا دایە، هەندێكیش پێیان وایە هێشتا دەرنەكەوتووە، خۆ هەشن بەهاریان هێناوەتە چۆكان و براندوویانەتەوە، لەمبارەیەوە **بەڕێز شاخەوان عومەر سلێمان، سكرتێری نووسینی بڵاوكراوەی (پرس) گوتی:** ڕاستییەكەی دەركەوتن و گەشەكردنی ماكەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی هێشتا بابەت گەلێكن بەواقیعی كۆمەڵگەی ئێمە نامۆن، بۆیە زیاتر ورووژاندن و باسكردنی، دروشمی بریقەدار و هوتاف كێشانی خەڵكانێكن كە پێیان وایە فرێدانی قسەو چەمكی ئاوا شتێكی ئاسانە و هیچ تەكلیفێك ناخاتە سەر بگۆڕیەكەی، زۆربوونی سەنتەر و ڕێكخراو و كۆمەڵەكان لە كوردستان كەمترین پەیوەندی بەكۆمەڵگەی مەدەنیەوە نییە، چونكە كۆمەڵگەی مەدەنی زادە و لێكەوتەی هەلومەرجێكە كە تیایدا سەرمایەی مادی و ڕەمزی سروشت و وڵات سەربەخۆن و هەموو كەسێكی هەوڵدەر دەتوانێت ببێتە خاوەنی، بەڵام لە كوردستان وانییە، لێرە هەندێك كەس و دەزگا هەن تا ئەبەد وەك ئەوەی لەسەریان تاپۆ كرابێت دەسەڵات و پارە و سامانی گەل لە چنگی خۆیانەو كاسبی پێوە دەكەن، لەو بازنە تەسك و بچووكە بەولاوە كەسی دیكە ناتوانێت و بۆی نییە ببێتە خاوەنی سەرمایەی مادی، هەر ئەمەشە ئەمڕۆ بۆتە هۆكاری گەشەكردنی كرمی گەندەڵی، چونكە لە وڵات و سەرزەمینێك كۆمەڵگەی مەدەنی دروست دەبێت كە سەرچاوەكانی مادە و دەسەڵات ئازاد بن و كۆت و بەندیان لەپێ نەكرابێت. هەروەها **بەڕێز فازڵ عومەر، بەرپرسی ناوەندی ئایندە بۆ پرسەكانی گەنج لەبارەی ڕێكخراوەكانی NGOو پەیوەندی نێوان خەڵك و دەسەڵات گوتی:** ڕێكخراوەكانی (NGO)، لەگەڵ كۆی

کەموکوڕییەکانیاندا هەڵقەیەکی گرنگی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵکن و بەردەوام توانیشیانە بەسەر خودی ئەم پەیوەندییەوە ببنە چاودێر، ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی کارەکانیان بەڕوونی دیارنین، بەڵام دەبێت بپرسین ئایا ئەمە لاوازی کارکردنی ئەوانە یان ئاڵۆزی بارودۆخی وڵاتی ئێمە؟ مومکین نییە لە وڵاتێکی بێ ئەزموونی وەك وڵاتی ئێمەدا کە بەدرێژایی مێژوو لەژێر سایەی زوڵم و زۆری ئیستبدادیەتدا ژیانی ڕێکردووە، سەروکار و مامەڵەی لەگەڵ مەسەلەی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکانی زۆر نوێیە، چاوەڕوانی ئەوەی لێبکەین وەك دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە جیهانی پێشکەوتوودا کاربکەین.

# زۆری و بۆری، ونکردنی ئامانج

دەمێکە لە کوردستاندا ڕەوتی کارکردن بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، بەئاقارێکدا چووە، ژمارەیەکی زۆری سەنتەر و ڕێکخراو بەحیساب بۆ درێژەدان بەڕەوتی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بوون. لەمبارەیەوە **بەڕێز شاخەوان عومەر سلێمان، سکرتێری نووسینی بڵاوکراوەی (پرس) گوتی:** هەمیشە بانگەشەو دەهۆڵکوتان بۆ زاراوە و چەمکێك بەشێوەیەکی ڕەها گەورەترین دەلالەتە لە نەبوون و بێ ئەسەری ئەو بابەتانە، لە کوردستانیش، چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی نەك گاگۆڵە ناکات، بەڵکو لە ڕەحمی دایکیشیدا نییە، بۆیە هەرای بۆ دەکەن و خەڵکی سادە و نەخوێندەوار و دەست و پێ سپی پێ هەڵدەخەڵەتێنن، نەخێر زۆربوون و بەرەکەت تێکەوتنی سەنتەر و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان نەك هەر ئاماژەنین بۆ بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵکو گەورەترین شاهیدن لەسەربوونی فەزاحەتی گەندەڵییەکی مێژوویی لە کوردستان، لەهەر وڵاتێکیش (ورد و بچووك پان و درێژ دار و بەرد وشك و تەڕ) لە زۆنگاوی گەندەڵی بگلێن باسکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی درۆیەکی شاخداری بێ وێنەیە. کەواتە ئەوە واقیع و ڕاستییەکانن

خۆیان بەقسە دێن و دەڵێن: کۆمەڵگەی مەدەنی لە جوڵە جوڵ و سەرپێکەوتن دایە نەك من و تۆ و ئەو، لە ئەوروپا و ئەمەریکا بەچارەگی چارەگی کوردستان باسی کۆمەڵگەی مەدەنی ناکرێت، بەڵام ئەوەی بڵێت کۆمەڵگەی مەدەنی لەوێ نییە (شەکری خوارد)، دواجار وای دەبینم کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی دوو شتی زۆر لێك جوودان و هێندەی نێوان ئەرز و ئاسمان نێوانیان هەیە. هەروەها **بەڕێز هیوا فریاد ڕەس، بەرپرسی ڕێکخراوی بزاڤی ژیان بۆ ڕووناکبیری و چاکسازی کۆمەڵایەتی لەوبارەیەوە گوتی:** بەردەوام ئەو قسەیە هەبووە و دەکرێ، بەڵام ڕەنگە لە کاتێك بۆ کاتێکی دیکە قسەکە زیاتر بەربڵاوبووە، لە کاتێکی دیکە کە بەوشێوەیە بەربڵاو نەبووە، بەوشێوەیە ڕەنگە ناحەقیەك بێت، حوکمێکی گشتی بەسەر هەموویان دابدەین، لەهەمان کاتدا ناحەقیشە ئەگەر ئەو حوکمە بەسەر زۆریان دانەدەین، مادام ئەو ڕێکخراوانە، ئەو هاوکارییەی کە وەری دەگرن هاوکارییەکە پێی دەگوترێت بەخشین، لایەنی پەیوەندار وەك بەخشینێك بداتە ئەم ڕێکخراوە، جا ڕێکخراوەکە لەو حاڵەتەدا خۆی بەرپرسە لەوەی کە چۆن هاوکارییەکە سەرف دەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا بەرپرسە لەوەی کە لەپێناوی ئامانجی چاکەدا وەریگرتووە، لەو پێناوەدا خەرجی بکات، بەو مانایەی کاتێك کە لەپێناوی ئەو ئامانجەدا حکومەت ئەو پارەیەی پێداوە سەرفی نەکرد، ڕاستەوخۆ پێی دەڵێن گەندەڵی، بەحوکمی ئەوەی لە ڕێگەیەکی دیکە بەمەبەستێکی دیکە خەرجی کردووە، لەکاتێکدا بەناوێکی دیکە پارەکەی پێدراوە، جا لەسەر ئەو بنەمایە هەر ڕێکخراوێك و دەزگایەك و سەنتەرێك ئەگەر ئەو ڕێگا ڕاستە کە ڕێگای سەرفکردنی چالاکییەکە بۆ کاروباری ڕێکخراوەکە بەشێوەیەکی دروست، چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە ئەگەر بەم شێوەیە سەرفی نەکرد بێگومان دەچێتە چوارچێوەی گەندەڵی، بەڵام تۆمەتبارکردنی ڕێکخراوەکان بەگەندەڵی بۆ زۆریان ئەمە ڕاست نییە و ڕەنگە لە هەندێکیان گەندەڵی کەم بێت و لە هەندێکیان هەر نەبێت.

# سەنتەر و ڕێكخراو

لەو ماوەیەی سەنتەر و ڕێكخراوەكان بوونەتە دیاردەیەك لێكدانەوەی زۆر دەربارەی ئـەو سـەنتەر و ڕێكخراوانـە دەكـرێ. **بـەڕێز فـازڵ عومـەر، بەرپرسـی ناوەنـدی ئاینـدە بـۆ پرسەكانی گەنج گوتی:** لە ڕاستیدا یەكەم جار نییە كە باس لە زۆری و بـۆری سـەنتەر و ڕێكخراوەكان دەكرێت و یەكەم جاریش نییە كە بەندە وەڵامی ئەم پرسـیارە دەداتـەوە، ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت جەختی لەسەر بكەمەوە ئەوەیە، كە پێـشتر بەپێداگرییـەوە لەبارەیەوە قسەم كردووە، ئەویش ڕاهاتنی ئێمەیە لەسەر بـەكارهێنانی چـەمكی زۆری و بۆری، ئێمە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو كێشە ئـابووری و كۆمەڵایـەتی و كولتووریانـەی كـە هەمانـە بـوونی ئـەو سـەنتەر و ڕێكخراوانـەی كـە هەریەكـەیان لـەپێناو كـاركردن لەسـەر پرسێك دروست بوون، بەزۆر و بۆر لەقەڵەم دەدەین، هەروەك چۆن كاتێك باس لە میـدیا و كەناڵـەكانی ڕاگەیانـدنی بینـراو و بیـستراو و نووسـراو دەكرێـت، بەهـەمان شـێوە دەگوترێت كە ئێمە خاوەنی بڵاوكراوە و كەناڵی ڕاگەیاندنی زۆر و بـۆرین، ئەمـە بـۆ هـەر شتێكی دیكەش، بەبێ ئەوەی ئیمكانی جۆرێـك لـە جیاكـاری و دەستنیـشانكردنی خاڵـە ئیجابییـەكانی بـوونی ئـەم ناوەنـد و ڕێكخراوانـەمان هـەبێت، ئەمـە لەلایـەك و لەلایـەكی دیكـەوە هـەموو جارێـك تێكـەڵكاری دەكـەین لـە نێـوان سـەنتەر و ڕێكخراوەكـان، كـە لەڕاسـتیدا سـەنتەر و ڕێكخراوەكـان هـەم لـەڕووی مۆڵـەت پێـدان و سـتایلی كـاركردن و مامەڵەی حكوومەتەوە دەبێـت جیـاوازبن، سـەنتەرەكان كـە لـە زۆرتـرین كاتـدا لەلایـەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە مۆڵەتیان پێدەدرێت و مینحـە یـان هاوكارییـەكی سنوورداریان دەدرێـتێ بـۆ هەنـدێك پێداویـستی لۆجـستی، بـەڵام دواتـر چـالاكییەكانیان كـە خـۆی دەبینێتەوە لە بواری ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی و تەسقیفكردنی ئەندامانی كۆمەڵگا و بارگاویكردنیـان بەڕۆشـنبیری، پـشت دەبەسـتێت بـەو پرۆژانـەی كـە دەبێـت مانگانە لە چوارچێوەی پرۆپۆزەڵێكدا پێشكەش بە وەزارەتـی پەیوەنـدار كـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیرییە بكـەن، لـە كاتێكـدا كـە ڕێكخراوەكـان ئەوانـەی پێیـان دەگوترێت NGO ئەمانە تەنها دەبێت مۆڵەتیان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ وەك وەزارەتێكی پەیوەنـدار پـێ

بدرێت، بەبێ ئەوەی بچووکترین هاوکاری مادی لە حکوومەت وەربگرن، چونکە ئەرکی ئەمانە جیاوازە لە ئەرکی سەنتەرەکان، دەبێت ببن بە هەڵقەی پەیوەندی لە نێوان جەماوەر و دەسەڵات، لەهەمان کاتدا چاودێرێکی جدی بن بەسەر ئەم پەیوەندییەوە، ئەوەی وەك سەرچاوەی مادی دەبێت پشتی پێببەستێن وێڕای کارکردن وەك خۆبەخش پەیوەندیکردنە بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ وەرگرتنی هاوکاری، هەڵبەت ئەمەش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پرۆژەی تایبەتەوە دەبێت. (بەڵام بەداخەوە لە کوردستان مامەڵەکردن لەگەڵ سەنتەر و ڕێکخراوەکان بەم شێوەیە نییە)، بەڵکو چۆن لە کاتی باسکردندا تێکەڵکاری دەکەین بەهەمان شێوە لەلایەن حکوومەتیشەوە ئەم تێکەڵکارییە بەردەوامی هەیە، دەی کاتێك تۆ لە ستایلی مامەڵەکردنت لەگەڵ سەنتەر و ڕێکخراوەکاندا ڕێکسازیت نەکردووە، دەبێت بزانین کە پارەیەکی زۆریش بەهەدەر دەدەیت، خۆ گەر وەك ئەوەی کە لە ئەساسدا هەیە ئاوها مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوەکان بکرێت نەك پارە بەفیڕۆ ناچێت، ئەوا دەتوانرێت لە ڕێگەیانەوە پارەیەکی باشی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە جیهانییەکان بێتە وڵاتەوە، ئەمە تەنها بۆ ڕێکخراو، ئەگەرچی لە زۆر حاڵەتدا سەنتەرەکانیش دەتوانن ئەم کارە بکەن.. بەهەرحاڵ هەرچی دەربارەی سەنتەرەکانە کۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕووی داوە جیاناکرێنەوە لە بوونی ئەم دامەزراوە گرنگانە کە گۆڕانێکی گرنگیان لە ئاستی بینین و بیستن و وەعی خەڵك کردووە، کاری ئەم سەنتەرانە بەپلەی یەکەم هەوڵدانە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵك و بەئاگاهێنانەوەیان لە ئەرك و مافەکانیان، بۆیە بەرئەنجامی کاری ئەم ڕێکخراوانە بەرئەنجامێکی مەلموس و دیار نییە بەقەدەر ئەوەی تەراکومێك یان کەڵەکەبوونێکی مەعریفی لەلای تاك دروست دەکەن، بۆیە دەبێت لە دەربڕینی ئەم چەمکە چەمکی (زۆر و بۆر) خۆمان بەدوور بگرین و کەمێك مەنتقیتر شرۆڤەی پرسی سەنتەر و ڕێکخراوەکان و کار و چالاکییەکانیان بکەین، دەبێت زیاتر باس لە خراپی مامەڵەی حکوومەت لەگەڵ سەنتەر و ڕێکخراوەکان بکەین، کە ئەم مامەڵەیە دوورە لە ستراتیژ و پلان. من پێم وانییە ئێمە خاوەنی سەنتەر و ڕێکخراوگەلێکی زۆر بین، ئەوەی

وایکردووە ئێمە ئەم ئیحساسەمان لادروست ببێت، نەبوونی ئەو ڕێکخستنە گرنگەیە کە دەبێت هەبێت، خاڵی یەکەمی ئەم دەستپێکردنە لە خودی مۆڵەت پێدانەوە دەست پێدەکات، کێن ئەوانەی دەبێت مۆڵەتیان پێبدرێت، بڕوانامەیان چییە، مەهامیان لە دامەزراندن و دروستکردنی ئەو ڕێکخراو یان سەنتەرە چییە، زۆر گرنگە بەدواداچوون بۆ ئەم مەبەستە بکرێت.. لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وانییە پارە و داهاتێکی زۆری حکوومەت بە کاروباری سەنتەر و ڕێکخراوەکان بەفیڕۆ بچێت، ئەوەی کە پارەیەکی زۆری حکوومەت مانگانە و ساڵانە بەهەدەر دەدات، شتگەلێکی زۆرن هەر لە موئەسەسەکانی حکوومەت بگرە تا دەگات بە ڕێکخراو و کۆمیتە و بارەگاکانی حزب، ئەگەر لەمن بپرسن لە وڵاتی ئێمەدا چ شتێك زۆر و بۆرە، تەنها شتێك شمولی چەمکی زۆر و بۆری بکات ژمارەی وەزارەتەکانە، من فوقری ڕۆشنبیریم هەیە، بۆیە پێویستم بە سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان هەیە، من بەگومانم لەپەیوەندی تەندروستی نێوان حکوومەت و خەڵك، بۆیە پێویستیم بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە تا ئەم پەیوەندییە ڕێکبخەن. بەبۆچوونی من گەر هەر گەڕەکێك لە کوردستان سەنتەرێکی ڕۆشنبیری لێبێت هێشتا کەمە، منیش دەزانم سەنتەر هەیە بەپشتگیری بەرپرسێك دامەزراوە یان بە ئیتفاق لەگەڵ بەڕێوەبەرێکی گشتی بەمەرجێك دەستکەوتەکەی بکرێتە نیوە، ئەم جۆرە سەنتەرانە دوکانێکی باشن و نابێت چاوەڕوانی هیچ شتێکیان لێبکەیت تەنها ئەوە نەبێت دەبنە مایەی دروستبوونی ئەزمەی سەکەن، بەڵام نابێت هەموو ئەو سەنتەر و ڕێکخراوانە بەئاگری ئەم چەند نموونەیە بسووتێنرێن. هەروەها دەربارەی گەندەڵی لەنێو ڕێکخراو و سەنتەرەکاندا بەڕێز **هیوا فریاد ڕەس، بەرپرسی ڕێکخراوی بزاڤی ژیان بۆ ڕووناکبیری و چاکسازی کۆمەڵایەتی لەوبارەیەوە گوتی:** بێگومان دەبێت بەخشین لێپێچینەوەی لەسەر هەبێت، هەندێك ڕێکخراو هەیە کە هەر بوونی نییە، وەکو بارەگا کە تەنها پارە وەردەگرێت، بەڵام بەڕاستی بەرپرسانێکی گەورە لەناو حکوومەتدا بەرپرسیارن لەم گەندەڵییە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوانەی کە بەبێ هیچ بوونێك هەن و بەردەوامیش بەخشینیان پێدەدرێت، هۆیەکەی ئەوەیە کەسێکیان لەپشتە، ئێستا

لیژنەیەك هەیە، هیوادارین ئەو لیژنەیە چاوپێداخشانەوەیەك بکات، ڕێکخراوی زۆر هەیە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە ڕێکخراوەکان چالاك نین، شتێکی ئاساییە ڕێکخراو زۆر بێت، بەڵام خۆی نائاساییەکە لەوەدایە، کاتێك ڕێکخراوەکە گەندەڵ بێت، گرفتەکە لەوەنییە کە ڕێکخراو زۆرە، بەڵکو گرفتەکە تەنها گەندەڵییە و ناچالاکی ڕێکخراوە گەندەڵییەکانە.

## پێداچوونەوەی ڕێکخراو و سەنتەرەکان بەکوێ گەیشت؟

دوا بەدوای زۆربوونی ژمارەی سەنتەر و ڕێکخراوەکان، قسەکردن دەربارەی دیاردەی زۆری و بۆری سەنتەر و ڕێکخراوەکان بووە بابەتی ڕۆژنامەوانی، ڕۆژنامەی خەباتیش لەوبارەیەوە پێشەنگ بووە، لە مەسەلەی چاوخشاندنەوە بەو ڕێکخراو و سەنتەرانە، بابەتی جۆراوجۆری وروژاندووە. دوا بەدوای وروژاندن و قسەکردن دەربارەی ژمارەی سەنتەر و ڕێکخراوەکان و تێوەگلانی هەندێکیان لە گەندەڵی دا، لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوەی سەنتەر و ڕێکخراوەکان لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێکهات، ئێستا ساڵێك بەسەر پێکهێنانی ئەو لیژنەیەدا تێپەڕی، بەمەبەستی ئاشنابوون بە ئیشوکاری ئەو لیژنەیە بەڕێز **مەریوان غەریب لە لیژنەی بەدواداچوونی سەنتەر و ڕێکخراوەکان گوتی:** سەبارەت بە لیژنەی یەکەم، کە لە ٢٠٠٧/١/٢٥ لەسەر بڕیاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دامەزرا ئەم لیژنەیە لە ماوەی کارەکانیدا پاش سەرژمێرکردن و ئاماری سەرجەم کۆمەڵە و سەنتەر و ڕێکخراو و سەندیکا و گۆڤار و ڕۆژنامەکان لەسەرانسەری کوردستان، فۆرمێکی بەسەر هەموو ئەو ناوەندانەدا دابەش کرد. لە پاشان و لە چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان و دیراسەکردنی ڕاپۆرتی مانگانەی ڕێکخراو و سەنتەرەکان لەڕووی دارایی و هەروەها وردبوونەوە لە چالاکی و ئیشوکارەکانی ئەو شوێنانە و سەردانی چەندین سەنتەر و چاوپێکەوتن لەگەڵ چەندەها ڕێکخراو و سەنتەر، ڕاپۆرتێکیان لەسەر هەڵسەنگاندنی کاری هەموو ناوەندەکان و دەستنیشانکردنی سەنتەر و ڕێکخراوە لاوازەکان و چەندین

پێشنیاری گونجاو بۆ ڕێكخستنەوەی كاری ڕێكخراوەكان لە مانگی ٥/٢٠٠٧ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرزكردەوە. لە پاش ئەو لیژنەیە، لیژنەیەكی دیكە پێكهێندرا بۆ ئەوەی كار لەسەر ئەم بابەتە بكات. ئەم لیژنەیەش ماوەی چەند مانگە دەستی بەكاركردووە، هەتا ئێستا چەندین كۆبوونەوە ئەنجام دراوە، بڕیاردرا سەردانی هەموو سەنتەر و ڕێكخراوەكان بكرێت و لە نزیكەوە ئاگاداری ئیشوكاری سەنتەر و ڕێكخراوەكان بن. هەروەها ئەو لیژنەیە دەستی بەسەردان و گەڕان كرد و وەك ڕاگەیەندراوە هەتا ئێستا سەردانی ژمارەیەكی زۆر سەنتەر و ڕێكخراو كراوە، هەروەها لە نزیكەوە چاو بەكاروچالاكییەكانیاندا خشێنراوە. ئەو شوێنانەی كە لە كاتی سەردانی لیژنەكە كراوە بووە لەگەڵ ستافەكانیان وتووێژ كراوە و ڕاپۆرتیان لەسەر ئامادەكراوە. هەروەها ئەو شوێنانەش كە لە كاتی سەردانەكان داخراوە یان كەسی لێ نەبووە، لیژنەكە تێبینی خۆی لەسەر نووسیوە. پێدەچێت لیژنەی دووەم لەسەر كارەكانیان بەردەوام بن هەتا سەردانی هەموو سەنتەر و ڕێكخراوەكان تەواو دەكەن.

شایانی ئاماژە پێكردنە كە هەوڵدەدرێت چاكسازییەك لە مەجالی كاری ڕێكخراوەیی دا بكرێت و كۆتایی بەزۆری و بۆری سەنتەر و ڕێكخراوەكان بهێنرێت و لە ساڵی ٢٠٠٨ چاودێری سەر سەنتەر و ڕێكخراوەكان زیاتر دەبێت و سەردانەكان بەردەوام دەبێت. هەروەها لایەنە پەیوەندارەكانیش باشتر لە جاران هەڵسەنگاندن لەسەر كاری ئەو ناوەندانەدا دەكەن، پێویستە لەمەودوا دەستەی دامەزراندن و دەستەی بەڕێوەبردنی سەنتەر و ڕێكخراوەكان لە كەسانی بەتوانا و شارەزا و پسپۆڕ لەو كارەی كە بانگەشەی بۆ دەكەن پێك بێت و هەموو ئەو شوێنانە پێویستە فایلی كەلوپەل و ئەندامان و چالاكی و سەردان و دارایی و هەمەجۆریان هەبێت، بەردەوام كراوە بن بۆ پێشوازی لە لاوان. هەروەها هەوڵبدەن سەرچاوەی مادی بۆ خۆیان دەستەبەر بكەن، لەبەر ئەوەی مەرج نییە حكوومەت هەتا هەتایە ئەو شوێنانە بەخێو بكات.

# پێكهاتەی كۆمەڵگەی مەدەنی ناكارا بەشداری كاریگەریان لەژیانی خەڵكدانیە!

هاوژین عومەر

لەكاتی باسكردنی لەبابەتێكی گرنگی وەك كۆمەڵگەی مەدەنی بێگومان پێویستمان بەوە دەبێت بەشێوەیەكی خێراش بێ لەسەرەتادا كورتە باسێك لەبارەی چەمك و چوارچێوەو كۆمەڵگەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بخەینە ڕوو تالەو گۆشەنیگاوە بتوانین باس لە قۆناغی ئێستای كۆمەڵگەی مەدەنی لەكۆمەڵگەی كوردەواری بكەین و بزانین لەچ ئاست و ڕەوشێكدایەو ڕووەو چ ڕووگەیەك هەنگاو دەنێ و بەچی دەگات. وەنەبێ چەمكی كۆمەڵگەی مەدەنی چەمكێكی تازەبابەت و نوێ بێ لەمێژووی هزری مرۆڤایەتیدا بەڵكە مێژوویەكی دوورو درێژو ڕەگ داكوتاوی هەیە و سەرەتاكەی بۆ هەزارانساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە.

گەر تەماشای لـەدایك بـوونی بكـەین دەبیـنین بۆیەكـەم جـار لەمنداڵـدانی بـیری یۆنانیـە كۆنەكان هاتۆتە وجوود،(ئەرستۆ)ی فەیلەسووفی یەكەمین كەس بـووە كەلـە فەلـسەفەی كۆندا ئاماژەی پێداوەو گووتوویەتی: بریتیە لەكۆمەڵە كەسانێكی سیاسی پابەند بەیاسـا واتە ئەو لەدەستپێكدا نەیتوانیوە جیاكاری لەنێوان دەوڵـەت وكۆمەڵگـەی مەدەنیـدا بكـا بەڵكە پێی وابووە ئـەو كۆمەڵگەیـە بریتیـە لـە ئەنـدامانی گردبوونەوەیـەكی سیاسـی كـە كۆمەڵــە هاوولاتیــەكن، بــەلام كاركــەروو پابەنــد بەیاســاكانی دەوڵــەت. لەســەدەی هەژدەهـەمینی زاینیـدا هەڵگەڕانەوەیـەكی بنەچـەیی لـەتێڕوانین بۆچـەمكی كۆمەڵگـەی مەدەنی هاتە دروست بوون چونكە لێرەوە بۆ یەكەمین جار جیاكاری لەنێوان كۆمەڵگەی مەدەنی و هەیكەلی دەوڵـەت هاتـە درسـت بـوون بیرمەنـدانی ئـەوكاتی ئـەوروپا كەوتنـە باســكردن لــەگرنگی كەمكردنــەوەی ڕۆڵ و دەســەڵاتی دەوڵــەت لــەنێو كۆمەڵــدا بــۆ بەرژەوەندی پێكهاتەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی.

لەبەراییـەكانی سـەدەی نۆزدەمیـشدا (كـارڵ مـاركس) لەخوێندنەوەیـەكی سۆسـیالانەدا كۆمەڵگەی مەدەنی بەهەڵسەنگاندنێكی جیا وەك ئەوەی لەهزری سەرمایەداریدا هـاتووە پێناسكرد كاتێك گوتی: كۆمەڵگەمەدەنی گۆڕەپانی جیاوازی چینایەتیە.

لەناوەڕاسـتی سـەدەی بیستەمیـشدا هزركـانی ئیتـاڵی بـەناوبانگ (ئـەنتۆنیۆ گـرامش) خوێندنەوەیەكی نوێ بۆ ئەو چـەمكە خـستە ڕوو كـەزۆر نزیكـە لـە پێناسـەكەی ئێـستا، گرامش پێی وایە كۆمەڵگەی مەدەنی گۆڕەپانێكە بۆململانێی نێوان دامودەزگـا سیاسـی و كۆمەڵایـەتی و پیـشەییەكانی كۆمەڵگـە، تیایانـدا تـاك و چـین وتوێـژە جیاوازەكـان لــەدەرەوەی ئاڕاســتەی هەیمەنــەو دەســەڵاتی دەوڵــەت كــار لــەپێناو داكــۆكیكردن لەمافەكانیان و پشكداری كردن لە بڕیاردان لەوپرسە هەستیارانە دەكـەن كەڕاسـتەوخۆ پەیوەندی بەژیان و چارەنووسیانەوە هەیە.

لـەو گۆشـە نیگایـەوە دەتـوانین لەپێناسـەكردنی كۆمەڵگـەی مەدەنیـدا بڵـێین: كۆمەڵـە ڕێكخراوێكی خۆبەخش و ئازادە ئـەو بۆشـاییە گشتیە پڕدەكاتـەوە كەلـەنێوان خێـزان و

دەوڵەتـدا هەیـە یـان بەواتایـەكی دیكـە بـۆ پڕكردنـەوەی كـەلێن وبۆشـایی نێـوان دامودەزگاكـانی دەوڵـەت و كۆمەڵگـە هەوڵـدەدات بێگومـان ئـەو ڕێكخـراوە خۆبەخـشە ئازادانەش لەپێناوی وەدیهێنانی كۆمەڵە ئارمـانج ومەبەسـتێك هاتوونەتـە وجـود، لەوانـە دەسـتەبەركردنی مـاف وداخـوازی ئەندامـەكانیان و پێـشكەش كردنـی خزمـەتگوزاری بەهاوڵاتیان یان ئەنجامدانی چالاكی مرۆڤانەی جۆراو جۆر.

گەر بێینە سەرباسی واقیعی كۆمەڵگەی مەدەنیش لەكوردستاندا، ئەوا ناكرێ هەمدیـسان وەك زۆرینـەی شـتەكانی دیكـە سـەرەتاكەی بگەڕێنینـەوە بـۆ سـەرەتای نـەوەدەكانی سەدەی ڕابردوو یان دوای ڕاپەڕین، بەڵكە پێویستە بگەڕێینەوە بـۆ دەسـتپێكی دروسـت بوونی كۆمەڵەو ڕێكخراوە جڤاكی و سیاسی و پیشەییەكان كە نۆبەرەیان لەسـەرەتاكانی سەدەی بیستەم و لەدوا ساتەكانی حـوكمڕانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی هاتنـە لـەدایك بوون، بەڵام دواتر لەچل وحەفتاكانی سەدەی ڕابردوو تانـەوەدەكان جیـاوازو چـالاكانەتر پێنگاڤی هاوێشت تادوای ڕاپەڕین نـاوەڕۆكی لـەڕووی چـۆنیەتی و چـەندایەتیەوە كەوتـە قۆناغێكی نوێ كەئەویش كاركردنە لەژێر سێبەری حوكمڕانی خۆماڵی كوردیدا.

بەبۆچوونی من لەكاتی باسكردن لەپرسی كۆمەڵگەی مەدەنی لە كوردستاندا زۆر گرنگـە هەڵسەنگاندنەكە دولایـەنی بـێ، واتـە لـەڕووی شـكل و پێكهاتـەوە لەگـەڵ نـاوەڕۆك و كاروكاریگـەری، چـونكە لەبـەر ڕۆشـنایی شـرۆڤەكردنی ئـەو دوو لایەنـە ئینجـا دەتـوانی بڕیاربدەی لەچ ئاستێكدایە و بەكوێ دەگات؟

گـەر لـەڕووی شـكل و پێكهاتـەوە تەماشـا بكـەین دەبیـنین سـەرجەم تـوخم و پێكهاتـە زانستیەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لەكوردستاندا بوونیان هەیە كەبریتین لە:

سـەندیكا پیـشەییەكان، كۆمەڵـە ئـەهلی و هەرەوەزیـەكان، بزووتنـەوەو چـالاكیە كۆمەڵایەتیەكان، یانە وەرزشـی و كۆمەڵایەتیـەكان، نێوەنـدەكانی گـەنجان و قوتابیـان، ژووری بازرگانی پیشەگەر و پیـاوانی كـار، دەزگاكـانی ڕاگەیانـدن وچـاپ وبڵاوكردنـەوە، ئەمانە كەپێكهاتە سەرەكیەكانن لەزۆرینـەی شـارو شارۆچـكەكان بوونیـان هەیـەو هـیچ

گرفتێك لە ڕووی چەندایەتی و ژمارەیانەوە بەدیناکرێت بەڵکە لەوانەیە کەسانێك هەبن بەزۆرو بۆریشیان لەقەڵەم بدەن، بەڵام ئەوەی گرنگە لەسەری بوەستین ناوەڕۆك وچالاکی وکاریگەری ئەو پێکهاتانەیە.

هەڵسەنگاندێکی وردو زانستیانە کەلایەنگیربێ لەگەڵ پێناسەی ئەو چەمکە و پێکهاتەو کۆمەڵەکانی دەمانگەیەنێتە ڕاستیەك کەتا ئێستا پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە وەك پێویست نەیتوانیوە بەشداری کاریگەریان هەبێ لەژیانی خەڵکیدا وکۆمەڵێ ئاڕاستە بکەن و بۆشایی نێوان دەسەڵات وخێزان بگرنە دەست، هاوکاتیش نەتوانراوە خاوەن پیشەوکاروچین و توێژە جیاجیاکان بگەیەننە ئاستێکی وەها کەتاك تیایاندا بەشداربێ لەبڕیاردان لەو پرسیارانەی پەیوەستن بەژیانی ئەو.

سەبارەت بەداکۆکیکردن لەمافەکانیان بێگومان ناتوانین حوکمێکی ڕەها بدەین چونکە سەندیکاو ڕێکخراو و کۆمەڵەهەن تائاستێکی مەقبوول داکۆکیکار بووینە لەماف ئەندامانیان بەڵام هەشیانە زۆر سست و بێ کەڵکەو تەنها دەستکەوتێکی بچووکیش بۆ ئەندامانی وەدەست نەهێناوە.

بیرمەندانی ئەو بوارەپێیان وایە کۆمەڵگەی مەدەنی دروست لەسەر چوار کۆڵەگەی سەرەکی دەوەستێ ئەوانیش:

—کاری خۆبەخشانەی ئازاد کۆبوونەوە لەچوارچێوەی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان قەبوڵکردنی جیاوازی و جۆراو جۆری لەگەڵ خودو دەوروبەر چوارەمیشیان هەوڵنەدان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات.

گەر بێین بەدوای ئەو کۆمەڵە سەرەکیانەدا بگەڕێین لەپێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەکوردستاندا دەبینین بەشێوەیەکی گشتی جگە لەتوخمی (کۆبوونەوە لە ڕێکخراو یان کۆمەڵەیەکدا) سێ تووخمەکەی دیکەیان کەمن لێرەدا مەبەستم هەر هەموویان نیەبەڵکەزۆربەیان چالاکی وکاریگەرییان لەنێوەندێك ناچێ کەکار لەپێناو کۆمەڵگەی مەدەنیدا بکات، بێگومان فاکتەرەکانی دروست بوونی ئەوحاڵەتەش پەیوەستە بە خودی

ئەو پێكهاتانە لەگەڵ ڕوانینی دەسەڵات و حزبەكانی بۆ ئامانج و كـاری ئـەوان، هـەروەها سروشتی كۆمەڵگەش فاكتەرێكەنابێ فەرامۆشبكرێ.

لەسەرئاستی حكوومەتدا بێ بەرنامـەیی هەیـە لەشـێوازی هاریكـاریكردنی پێكهاتـەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو ڕێگایانەی بەهۆیانەوە دەمانگەیەننە كۆمەڵگەیەكی لەو جۆرە، هاوكات گرنگـە دەسـەڵات بەدیدگایـەكی جیـاوازتر لـەوەی ئێـستاسەیری ئـەو پێكهاتانـە بكات بەجۆرێك ڕێگەی كارو ئیشكردنیان پێ بدرێت كەبۆشـاییەك پردەكەنـەوە و بەشـێك لەئەرك وماندووبونی دەوڵەت دەگرنەخۆ.

هێزو دەسەڵاتیش یەكجار گرنگ وپڕ بایەخە لـەبونیادنانی كۆمەڵگـەی مەدەنیـدا، نـاكرێ خۆ لەژێر سێبەری دەسەڵاتێكی لاوان یان نیمچە سەربەخۆدا باس لەكۆمەڵگەی مـەدەنی بكەی بەڵكە یاساو سەروەری یاسا ڕۆڵی یەكلاكەرەوە لەو پرسەدادەگێڕێ، لەهەمانكاتـدا میدیای ئازاد و سەربەخۆ توخمی هەرە گرنگی كۆمەڵگەی مەدەنیە بەو ڕادەیەی هەندێ لەهزرڤانان وای بۆدەچن كۆمەڵگەی مەدەنی واتە میـدیای ئـازاد و بـێ هـەبوونی نـاكرێ باس لەكۆمەڵگەی مەدەنی بكەن.

سـەبارەت بەسـەندیكا و ڕێكخـراو و كۆمەڵـە و سـەنتەرەكانیش زۆرجـار بـەوە تۆمـەتبار دەكرێن كەبێ ئایدیاو پرۆگرامی كارن یا پاشكۆی حزب ودەسەڵاتن.

گرنگــی كۆمەڵگــەی مــەدەنی وەك تــۆڕێكی تێكهــەڵكێش لەپەیوەندیــەكان لەوەدایــە كەكۆمەڵێك پەیوەندی لـەنێوان تاكـەكانی كۆمـەڵ لەلایـەكو ئەوانـەی لەگـەڵ دەسـەڵاتدا لەلایەكی دیكە ڕێك دەخات، بۆیـە ئەگـەر بمانـەوێ پێكهاتـەكانی بەئـەركی ڕاسـتەقینەی خۆیان هەڵسن و كۆمەڵگەی مەدەنی لەچوارچێوەی دروشم دەربێنن، پێویـستە كـار بـەو ئامارە بكرێ سەندیكاو ڕێكخراوو نێوەندەكانی دیكە بەڕاسـتی داكۆكیكـاری مـاف چـین و توێژەكانی كۆمەڵ بن بـرەو بەڕاگەیانـدنی سـەربەخۆ بـدرێ و سـەروەری یاسـا بـچەسپێ پێكهاتــەكانی كۆمەڵگــەی مــەدەنیش لەلایــەن كەســانی چــالاك و شــارەزا دوور لــە مەحسوبیەت وئینتیمای حزبی بەڕێوەبچێ.

# گرنگی راگەیاندن...
# لە بونیاتنانی كۆمەڵگای مەدەنی!

**جۆرج مەنسور**

جۆرەكانی پەیوەندی لە بنەڕەتدا بنەماگەلێكی گرنگە بۆ بەیەك گەیاندنی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئەگەرچی جیاوازیەكی زۆریش لە پێناسەكردندا هەیە، پێویست دەكات لە هەمان كاتدا زۆر راستیشە كاتێك پەرەی پێبدرێ و بەردەوامیش دەبێ. ئەو ئاڵوگۆڕە زانستیەی و بیروبۆچوونانەی كە لەنێوان كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەیە، هەروەها كۆكراوە بنەڕەتییەكان كە رای جیاوازیان هەیە لە یەكتر گەیشتندا، لەكاتێك هەر هەمووشیان ئاڵوگۆڕیان پێ دەكرێ لەنێو كۆمەڵگاكان و كەمە نەتەوایەتییەكان و ئایینەكان و لەنێوان وڵاتان و لەسەر ئاستی دەرەكیش هەر هەموو پێویستن.

راگەیاندن ئەم پێویستیە گرنگەیە كە پەیوەندیە جەوهەریەكانی لەمادەیەكی فكری و بیروبۆچووندا دەیان كات بەشتێكی مەعریفی هەر ئەمەشە وادەكات كە راگەیاندن وەك پەیامبەرێك پەیامێك لە خۆ بگرێ و لە سێ بەشی سەرەكی خۆی ببینێتەوە كە ئەمانەن (پەیامبەر، داهاتوو، پەیام) هەروەها بەكۆی هەر سێ پشكەوە ئەم كاتە دەتوانێ

ئامانجەکانی خۆی بپێکی کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ پێناساندن و رۆشنبیری و رێگاخۆشکردن و وروژاندنی بابەتەکان و سەروبەرکردنی کەموکورییەکانیان، رەنگە ئەمانە لەبنەڕەتدا هەموویان یەك مانا بدەن بەدەستەوە، هەر بۆیەش لە هەندێك کات راستییەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان دەگۆڕێن، زۆر جاریش بۆ مەبەستی خراپ و ناشیاو بەکاربێن وەك ئەوەی کە بۆ لە ناوبردنی خەڵکی بێ، بکرێ بەشتێکی قێزەون هەروەك زۆرێك لەدەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان زۆر جار راگەیاندن لەپێناو مەبەستە گڵاوەکانی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر بەکاردێنن، یان لەپێناو سەرکردەیێکی دیکتاتۆردا بەکاردێ بۆ چەواشەکردنی خەڵکی و یان ئازاردانی خەڵك، بۆیەش هەر لێرەوە تەواوی مافەکانی مرۆڤایەتی پێشێل دەکرێ یان بەدیو ئەو دیوەی مرۆڤایەتی وەك شتێکی بێبەهای لێ دێ، زۆر جار ئەمە رەنگدانەوەی دەبێ لەناو حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان، بۆ نموونە لەسەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعسی لەناوچوو کەدەزگا راگەیاندنەکانیان بۆ ئەوەبوو کە بیرو بۆچوونەکانی شۆڤێنی بەعسی بەکاربێنێ و هەموو بوارەکانی راگەیاندن کران بە ئامرازی شەڕو ئاژاوەگێڕی لە هەموو پارێزگاو ناوچە و ناحیەکان، هەر لەم سەردەمەش تەواوی مافە مرۆییەکانی ئێراق لەدەست چوون ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی ئێراق کە لە ساڵی ١٩٦٣ تەواوی وڵاتیان شێواند. هەر لەگەڵ ئەوەدا هیچ شتێك وەك خۆی نەمایەوە، کە سەرەتاییێك بوو بۆ حوکمی (سەدام حوسێن) بەتایبەتی لەبواری راگەیاندن. بە هەموو بەشەکانی وەك نووسراو، بینراو، بیستراو و خوێنراو هیچ ئاسەوارێکی بە بنەما گرنگەکانی مافی مرۆڤایەتی تێدانەبوو، ئەوەی راستی بێت هەر لەسەرەتا دیاربوو کە لەڕووی رۆشنبیری هیچیان بۆ ئەوە نەبوون کە هاووڵاتیان لەیەك نزیك بکات و هەموو بەرنامەیەکیان زیاتر جیاوازییە ئایینیەکان و نەتەوایەتییەکان و مەزهەبییەکان و کێشەکانی ناو ئێراقی قووڵتر دەکردەوە هەر بۆیەش هیچ فەلسەفەیەك لە راگەیاندنی دەسەڵاتی حزبی بەعسی هەڵوەشاو بەدی نەدەکرا جگە لە هەڕەشەو تۆقاندن و زیندەبەچاڵ کردن و لەناوبردن ئەمانە بوون بە ئایدیۆلۆژیای بەعسییەکان هەرچی سەروەت و سامانی ئێراقیش بوو بۆ خزمەتکردن بەخۆی و حزبی بەعس بەکاری دەهێنا.

بەڕاستی نەهامەتییەکی بێ شوماری بەسەر گەلی ئێراق داهێنا، ئەوانەی کە قسەی لەسەر دەکەین مێژوو گەواهی راستیان بۆ دەدات، ئەگەر لەروانگەی مافی مرۆڤایەتی سەیری بکەین و یان لەڕووی ئازادی سیاسی و ئازادی کۆمەڵایەتی هیچیان نابنە مایەی ئەوەی کە بتوانرێ پاساویان بۆ بهێندرێتەوە و یان لەم رەگەزەو ئایینە نین یان ئەم زمانەیان هەیە.ئێستاش ئەم پەیماننامەی لەلای وڵاتان کاری پێدەکرێ و ئەم وڵاتانەش دەگرێتەوە کە ئەندامن دەبێ بە هەموو شێوەیەك پابەندی ئەو بڕیارانە نەبن کە دەری دەکات، ئەمەش لەدەرئەنجامی ئەو وڵاتە دیکتاتۆرانە دەرچوو کە پابەندی بڕیارەکانی نێودەوڵەتی نەدەبوون هەر بۆیەش دوا بەدوای ئەوە هەوڵدرا بۆ گەڵاڵەکردنی کۆمەڵێك یاساو بەند بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی توندتر بتوانرێ کە داکۆکی لەمافەکانی مرۆڤایەتی بکرێ، بەشێوەیەکی تەندروست و راست مافی مرۆڤەکان لە چوارچێوەی بەندە دەستوورییەکان پارێزراو بێ کە یاساییکیان ئەوەبوو کە دەبێ رێز لە خودی مرۆڤ بگیردرێ، تەواو هەموو بەشەکانی ژیانی مرۆڤ بگرێتەخۆ بەتایبەتی رەوشتی.

ئەوەی پەیوەندی بەمافی مرۆڤەوە هەیە، ئەو بەندە بوو کە ژمارە ١ لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی دەرچوو کەدەبێ رێزی تەواو لەمافی مرۆڤ بگیرێ و پارێزگارییش لەمافەکانی بکات لەهەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەبێ ئەوەی جیاوازی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ بکات، کە لەمادەی ٥٦دا ئاماژەی پێکراوە کە دەبێ مرۆڤ هەموو مافەکانی پارێزراو بێ.

لەساڵی ١٩٤٥ نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵسا بەدروست کردنی لیژنەی مافی مرۆڤ، ئەم لیژنەیە. پشتی دەبەستا بەو مادانەی کە لە پەیماننامەکە گرنگی پێ دراوبوو و یان پەیوەندی بەمافی مرۆڤ هەبوو، هەندێك لەو پەیماننامانەی پەیوەندی بەبواری راگەیاندنی گشتی مافی مرۆڤ هەبوو کە لەبەرواری ١٠ی کانوونی یەکەم کە دەکەوێتە ساڵی ١٩٤٨داهات بوو، راگەیاندن و مافی مرۆڤ دابەش کرا بەسەر ئەم بەشانەدا، بەگوێرەی ئەو پەیماننامەی کە دەرچوو بوو.

## مافی مەدەنی و سیاسی

ئەم بەندە پەیوەندی هەبوو بەو کارانەی کە زەمانن بۆ جۆری ژیان و ئازادییەکان و خوێندن و بواری رۆشنبیری و زۆرکردنی پێویستییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە ئازادی بیروبۆچوونەکان و راگۆڕینەوەو ئایینەکان و...هتد.

## مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری

زیادکردنی دەرفەت بۆ ئەوەی بتوانرێ گرنگی بە ژیانێکی باش لەڕووی ئازادی و خوێندن و رۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەلی کار رەخساندن بۆ کاتی بێ کاری و دەرفەت دان بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و بەرەودان بە نەمانی بەدخۆراکی و رێوشوێنی چاك بگرێتەبەر بۆ باشتر کردنی ژیانی رۆژانەو بەرەو پێش خستنی.

ئەگەرچی رۆشنبیری و پەروەردە هەریەك لە بوارێکدان، بەڵام دەکرێ بڵێین هاوسەنگیەك لەنێوانیاندا هەیە، ئەم هاوسەنگیە وادەکات کە ئاڵوگۆڕ لەنێوانیان رووبدات، ئەم گۆڕانەش نێوانیان بەهێزتر دەکات و رۆشنبیری بۆ بواری پەروەردە دەبێتە خۆراك، لەم کاتەدا بەهەردووکیان جۆرێك لە بیروبۆچوونی تازە بابەتی دێننەکایەوە، بۆیە لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر بابەتی سەرەکی کە راگەیاندنە، بۆیە راگەیاندن پەیامێکە، خاڵی سەرەکی لەپرۆژەی راگەیاندن بریتییە لەبەرەو پێشبردنی رۆشنبیری، بەڵام راگەیاندن لەبۆچوونەکانی بەعسی فاشی بریتی بوون لە گۆڕی بەکۆمەڵ و هەڵەبجەی شەهید و ئەنفال کە بەسەر گەلی کورد هات ئەمانە گەورەترین تاوان بوو لەمرۆڤایەتی و لەناوبردنی نەتەوەی کورد و فەیلی و تورکمان و سووتاندنی هۆرەکان و لەناوبردنی شیعەکان بەهۆی مەزهەبی و شەڕکردن لەناوەڕاست و باشووری ئێراق لەدژی کوردی فەیلی و سیاسەتی جیاوازی ئایینی و نەتەوایەتی لەنێوان کلدان و ئاشووری و سریانی و ئێزیدی و ئەرمەنیەکان گەشەپێدانی ناکۆکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئازادی و مافەکانی ئافرەتان ئەمانە هەموو دوورە لە مافەکانی مرۆڤ و لە شێوازەکانی کۆمەڵایەتی مەدەنی.

لەگــەڵ ئەوەشــدا دەکــرێ بــۆ بنیاکردنــەوەی مرۆڤایــەتی و پــەیامی راگەیانــدن و رۆشنبیرکردنی خەڵك هـەوڵی لـەبارو بونیاتنـەر بنـدرێ تـا بتـوانین تـاکێکی تەندروست لەســەر بنــەماییکی مــەدەنی بونیــات بنــێین، بــەڵکو بەگــشتی بوارەکــانی راگەیانــدن مرۆڤایـەتی بـەم شـێوەیە دەتـوانین پەیامـەکانی راگەیانـدن بکەینـە خـاڵی وەرچـەرخان لەکاری راگەیاندن، ئاکامەکی باشیشی هەبێ لەبەرەو پێشبردنی رۆشنبیری ئەمانـەی کـە باسیان لێوەکرا هەمووی بۆ راگرتنی کاری لەبارە بۆ رۆشـنبیری، ئەمـە بـەس کاریگـەری نابێ لەسەر بابەتە گرنگەکانی راگەیاندنێکی جەماوەری و بەس، ئەمە کاریگـەری دەبـێ لەسەر تـەواوی کـاری راگەیانـدن کـە پەیوەنـدیان بەمرۆڤـەوە هەیـە لەشـێوە کۆنـەکانی راگەیاندن. (پرۆتۆکۆ–رۆژنامەنووسیە) و یان قەناتەکانی راگەیاندن بەشـێوەی بیـستن و بینین کە دەکەوێتە بواری راگەیانـدن، ئـەم پێـشکەوتنە خێرایـەی کـە ئێستا راگەیانـدن بەخۆیەوە دەگرێ دەکرێن بەدوو جۆر.

یەکەم: تۆڕەکانی ئاسمانی و مانگە دەستکردەکان و هەرێمایییەکان.

دووەم: زانیارییەکان کە کۆیان دەکەنەوە پاشان لەرێگای دەزگا ناوخۆییەکان لـەرێگای مانگی دەست کرد بڵاودەکرێتەوە، دەکرێ بڵێین هەموو زانیارییەکانی دەستیان بەسـەر گیراوە لەلایەن چەند دەزگایەك، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بەجیهانیبوون کاری بۆ بکـرێ تـا لەم روانگەیە بتواندرێ بەجیهانی بوون ئاسانتر بکات دەستکەوتەکانی راگەیاندنی ئـازاد خۆی لەخۆیـدا بـۆ خۆشـگوزەرانی مرۆڤەکانـە، بەهـەموو جـۆرە پێـشکەوتووەکانی وەك کەناڵــەکانی راگەیانــدن، وەك مــانگی دەســتکردو تۆڕەکــانی ئاسمــانی و راگەیاندنــە تەلەفزیۆنییەکان ئەمانە هەموو بەیەکـەوە دەبنـە بنـەماییکی چـاك بـۆ بەرۆشـنبیرکردنی خەڵکی، ئەمەش وادەکات رۆشنبیرکردنی خـەڵکی چـاکتر بکـرێ، ئەمـە باشـتر دەتـوانین بەسەر کۆسپ و تەگەرەکان دا زاڵ بین. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ دەمـانێکی زۆر هەستی بەوە کردووە کە دەبێ گرنگی بە مافی مرۆڤ بدرێ بەتایبەتی خاڵە جەوهەریەکانی ئازادی و ئاشـتی و ئاسـایش لـە هـەموو لایـەك لـە بەرچـاو بگـرێ لـە هـەموو ئاسـتەکانی کۆمەڵگا، چونکە مێـژووی مرۆڤایـەتی سەرچـاوەی کەلـەپوورێکی زۆر مرۆڤایەتیـە کـە رێکخراوی کۆمەڵگای نێودەوڵـەتی لـە پەیماننامەیـەك لـە ژمـارە ٥٥ بـۆ ئـەوەی بتـوانرێ

لـەڕووی رۆشـنبیری كـەڵكی لـێ وەربگـرێ و هـەروەها هـەموو بەشـەكانی راگەیانـدن پێویستە كار بۆ ئەوە بكەن كە دەسەڵاتێكی دەستووری یاسایی دروست بكەین و پاشان بواری پەروەردە و فێركردن لە هـەموو پلـەكانی خوێنـدن پێویـستە بابـەتی رۆشـنبیری مرۆڤایەتی و بەتایبەت لەروانگەی رەوشتی مرۆڤایەتیدا بـواری سـەربازی و مـاف مـرۆڤ و پۆلیسی و قوتابخانەكان و وەرزشی منداڵان لەوانـەكانی قوتابخانـە بخوێنـدرێ ئەمـەش ماف هەموو مرۆڤێكی ئاساییە ئەگەر هاتوو خەڵكی ئەم وڵاتـەش نـەبێ بەگـشتی بـۆ مـاف مرۆڤایـەتی و ئـەم كـۆڕو كۆبوونەوانـەی لـەدەزگاكانی راگەیانـدنی تەلـەفزیۆنی و رۆژنامەنووسیدا ئەنجام دەدرێ بۆ رۆشنبیركردنی خەڵكانـە تـا بتـوانن لەسـەر ئاسـتێكی پەیوەندی چاك یەكتری قبووڵ بكەن و ماف خۆمـان بـزانین و مـاف خـەڵكیش بـدەین بـۆ ئەوەی فێری ئاسایشی كۆمەڵایەتی ببین و پاشان بیپارێزین. هەمووشمان دەزانـین بـەبێ بوونی ئاشتی و ئاسایش ناتوانین دەوڵـەتێكی دیموكراسـی بینـا بكـەین، بـەبێ بـوونی راگەیاندن ناتوانین لەرۆشنبیركردنی تـاك و مـاف مرۆڤایـەتی دەوری كاریگـەرمان هـەبێ. ئەمە ئەوە دەگەیێنێ پەیام و بەرنامەی راگەیاندن لەكاتێك كاریگەر دەبێ ئەگەر هـاتوو پـشتگیرێكی چـاك و پـاك بـۆ خزمـەت كردنـی بـواری رۆشـنبیری بـەكارهات، تـوانی كاریگەری هەبێ لەبواری پـەروەردەو فێركـردن ئەمـە نیـشانەی بەمـەدەنی بـوونی ئـەم وڵاتەیە.

بوونی راگەیاندنێكی تەندروست كـە هـەڵگری پەیامێكـە گـۆڕان دروسـت دەكـات لـەبیرو بۆچوونەكاندا و ئاڵوگۆڕی ئەندێشەكان دەكات، هـەموو نەتـەوەكان لـەژێر یـەك ئایـدیادا كۆدەكاتەوە، ئەگـەر هـاتوو ئایینـشمان جیـاواز بـێ و یـان لـەڕووی مەزهـەبی و یـان لەبواری زمانەوانی جیاوازییـان هـەبێ كۆیـان دەكاتـەوە بـە هـەموو جیاوازییـەكان بـەڵام دەتوانن یـەكتری قـەبوڵ بكـەن و خوێندنـەوەی باشـیان بـۆ یـەك هـەبێ، ئـەنجام خاڵـە جەوهەریەكانی كۆمەڵگاییێكی پێشكەوتووە ئەوەیە كۆمەڵگەیەكی مەدەنی و دیموكراسـی بونیات بنێین ئەمەش ئومێدەكانی ئێراقی داهاتووە.

# كۆمەڵگەی مەدەنی لەكوردستان بەكوێ گەیشتووە؟

حوسێن جاف

بـۆ ئـەوەی بـزانین كۆمـەڵگای شارسـتانی كوردسـتان لـەچ ئاسـتێكدایە، بـاش وایـە بگەڕێینەوە بۆ كاریگەری مێژووی خـەباتی كوردایـەتی، لەسـەر هەڵدانی نـەوەی نوێـدا. ئەوكاریگەریانەی كەبوونەتە هۆی سەرهەڵدانی دەسـەڵاتی ڕووناكبیرو دەوری ڕێكخـراوە سیاسـی یـەكانی كوردسـتان لەهەڵوێـست وەرگرتنیـان بۆگـۆڕینی واقعـی داگیركـاری نەتـەوەیی لەگەڵیـشیدا چـاككردنی بوارەكـانی چینایەتی بـەپێی سـەرەتاكانی خـەباتی نەتەوەكەمان، لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لەم پارچەیەدا. لایەنێكی تـر لەدروست كردنـی كۆمـەڵگای مـەدەنی دروسـتكردن و پەیـدابوونی قۆناغـەكانی زانـست و زانیـاری كەپێشتر حوجرەو مزگەوتەكان شوێنی مەعریفەی دینی و فقهیی بوون...هتد.

كاریگەری شۆڕش و بڵاوبوونەوەی خوێندن لەقوتابخانەكان لەسەر دروست بوونی بـیری هاوچەرخ لەكوردستاندا... لەدوای ئەوگۆڕانە كاریگەرانـەی لـەدوای جەنگـەكانی جیهـانی

هەیانبوو لەسەر جیهان بەهەمان شێوەش کوردستانی دابەش بووشی گرتەوە، بەهۆی دروست بوونی زانستی گەیاندن و چاپەمەنی... دەوری ئەو نووسین وبڵاوکراوانە کاریگەریان لەسەر ڕۆشنبیری تاکی کورد دروست کرد کەئەوانیش بوونە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر بیری هاوچەرخی لەو کاتەوە بۆ ئەمڕۆش بەردەوامە.

بێشك ئەوانە بوون کاریگەریان لەسەر فەلسەفەی نوێکاری دیاریشە کوشتن و بڕینی بۆهێنانە دی ئاکارێکی بەرەنگاری لەو سەردەمەوە هەوڵدان بۆدروست کردنی کۆمەڵگایەکی شارستانی.

کورد لەکاتی تێکۆشاندا بووە.. ئەمانەش لەدوای ئەو هەوڵانەبوو کەنراون بۆ دیاریکردن و جێبەجێکردنی بنەماکانی دیوکراسی کەسەدەیە کەنەتەوەکەمان خەباتی بۆ دەکات، بۆ ئەوەی لەسەر بنچینە گشتییەکانی دیموکراتیەت بتوانین کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ دروست بکەین. لەو بنچینانەش.

یەکەم: فرەلایەنی سیاسی ئەویش بوونی پارت و کۆمەڵەی جیاجیای سەربەخۆی سیاسی یە بۆ بەدەست هێنانی دەسەلات یا بەشداری کردن لەولات، بەڕێگەی هەڵبژاردن.

دووەم: بڕیاری سیاسی لەوپارتانەی کەپەرلەمانیان پێکهێناوە، بۆبەدی هێنانی چارەنووسێکی هاوبەش.

سێیەم: ڕێزگرتن لەپرەنسیپی زۆرایەتی لەهەموکارەکاندا کەپێویستی بەزۆرینەی دەنگ هەیە، بۆ یەکلایی کردنەوەی بڕیارەکان.

چوارەم: یەکسان بوونی هاوولاتی، لەوەدا کە هەموو کەس ئازادە دەنگ بدات، بەمەرجێ کەسەکە(ئەهلیە)ی تەواو بێت.

پێنجەم: دروست کردنی دەوڵەتی یاسا کەبڕبڕەی پشتی ودابین کردنی پێکهاتەکان بوونی دەستوورە. کەلەوڕێگەیەوە دەسەلاتەکان لەیەکتری جیادەکرێتەوە.

دروست بوونی یاساو هاتنە کایەوەی دەستور بۆ پاراستنی مافەگشتیەکان

وتایبەتیەکانـە، لەوڕێگەیەشـەوە دەتـوانرێ دەسـەڵاتەکان لەیـەکتری جیـا بکرێتـەوە. وابکرێ کەفەرمانڕەوا ملکەچی یاسابن، لەوێشەوە دەوڵەت و کەس و فەرمانڕەوا پابەندی بنەماکانی یاساکان دەبن ودان دەنێن بە مافەکانی تاکەکاندا. لەو کاتەشـەوە دەتـوانرێ رێکخـستنێکی چـاودێری یاسـادانەری و دادوەری دابنرێـت، بەسـەر دام و دەزگاکـانی وڵاتدا. جێبەجێکردنی ئەم بنەما بنـچینەییانە، هـەموو شـێوازە لاوەکیـەکانی دیمـوکراتی ڕەت دەکاتەوە..

لەسیستەمی دیموکراتی دا، لەهەر کۆمەڵگایەکدا جیاوازی وململانێی زۆر هەیە، سەبارەت بە خواستەکانی ژیان و بەرژەوەندی یەکان وبیروباوەڕەکان. لەسیستەمی دیمـوکراتی دا ململانێکان ئاشکرا و دیارن ودەتوانرێ ڕەوشی شێوازەکان دەربڕدرێ بۆچارەسـەرکردنی ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکان. ئەمەش لەچوارچێوەی بەشـداری کردنـی سیاسـی وپاراسـتی ئـازادی یەکاندایـە. خەسـڵەتێکی تـری دیمـوکراتی ئەوەیـە کـە گۆڕانکـاری ئاشتیخوازانە لەناو کۆمەڵگادا مـسۆگەر دەکـات. ئەمـەش دەبێتـە هـۆی بـەرەو پێـشەوە چـوونی ڕای گـشتی ودەرفـەت ڕەخـساندن بـۆ دەربـڕینی بـیروڕا جۆراوجۆرەکـان. لـەم ڕوانگەیەشەوە بەدوای یەکدا هاتنی ڕێك و پێك فەرمانڕەواکان مسۆگەر دەکات..

لەبـەر ئـەوەی کوردسـتان لـەگۆڕانێکی بـەردەوام دایـە بۆپیـادەکردنی دیموکراتیـەت لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەهۆی ڕەنگدانەوەو کاریگـەری ئـەو ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیانـەی کە هاتوونەتە ووڵاتەکەمانەوە، جگە لەکاریگەری ڕاستەوخۆی ڕێکخـراوە نێـو دەوڵەتیـە تایبەتیەکانی وەك:

١-ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی.

٢- ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی.

٣- ڕێکخراوی UN بۆ پەروەردەو زانست و ڕۆشنبیری.

٤- ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO.

٥- ڕێکخراوی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی.

٦- نوێنەرایەتی نێودەوڵەتی بۆ ووزەی ئەتۆمی.

٧- رێکخراوی نێودەوڵەتی ناردنی نەوت(OPK).

ئەمە جگە لەهاتنە ناوەوەی ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتیانەی دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ هاتونەتە کوردستان لەوانەش:

یەکەم: رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی.

دووەم: رێکخراوی نێودەوڵەتی خاچی سوور.

کەکاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی هەبوو لەکوردستاندا و بوونە لەمپەرێ بۆ پاراستنی ئەو گیراوانەی لەشەڕەکاندا دەگیران و پاراستنیان لەئەشکەنجە دان و چارەسەرکردنی قوربانیەکانی جەنگ وکێشەو ململانێی چەکداری وهەوڵی پاراستنی دیلەکانی جەنگ و چارەسەر کردنی برینداره‌کان.. دەیەها هاوکاری جۆراوجۆری تر.

ئەبێ دان بەوەشدا بنێین، ئەوکێشەو داگیرکاریانەی کە سەددام کردنی لەکەنداو لەساڵی ١٩٩٠وایکرد نزیکەی ٥٠ بڕیار لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە دەربچێ هەموو ئەمانە پەیوەندی یان بەژیانی کۆمەڵگاکەمانەوەهەبووە، لەوانەش کێشەی ئابووری، مافی مرۆڤ، پاراستنی لەدەست درێژی...هتد

لەئەنجامی ئەو گۆڕانە گەورەیە کە هاتە کایەوە دوای شەڕی دووەمی کەنداو، ئەمەریکا دەستی کرد بەئاشکرا کردنی پرۆژە بڕیارێك بۆ بەدیموکراتیەت کردنی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە..

ئەو گۆڕانە بووە هۆی دروست کردنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و کوردستانی. پاش دەرچوونی بڕیاری ٧٨٨ لە ١٩٩١/٤/٥ لەئەنجامی ئاوارەبوونی کوردستان لەزوڵم وزۆری ڕژێمی سەددام هەنگاوێکی گەورە نرا بۆفریاکەوتنی کوردستان لەسەربنەمای چارەسەرکردنی کێشەکانی گەلی کورد و ناچارکردنی رژێم بۆووتووێژکردن و بڕیاردان لەسەر دروست کردنی چەکوشی ئامادەو دیاری کردنی هێلەکانی فڕین لەباکوورو

باشوور. گەیاندنی کۆمەکی مرۆیی بۆ کوردستان و خوارووی ئێراق.

لەدوای دروست بوونی حکوومەت لە ١٩٩٢ و دروست بوونی وەزارەتی ماف مرۆڤ کە تایبەتمەندکرا بۆ بەشدار بوونی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و حکوومی و ناحکوومیەکان دا، وایکرد کەنزیکەی ١٠٠ ڕێکخراو لە هەموو بوارەکاندا بێنە کوردستان و هەر ڕێکخراوێ بە جۆرێك لە جۆرەکان تایبەتمەندی لەسەر کۆمەڵگەکەمان دروست کرد. ئەوانە بوونە هۆی گەشەکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەکوردستان کەبەشێکی زۆریان بوونیان هەبوو.

هەرچەندە هەموو ڕێکخراوەکان بە ئێستاشەوە، مۆرکی حزبایەتیان پێوە دیارە.. بەڵام ئەو گۆڕانە بەردەوامەی کەلە جیهاندا هەیە، وادەکات کەڕێکخراوەکانی کوردستانیش ڕۆژێك دابێت، هەر ڕێکخراوێك نوێنەری خۆی بۆ پەرلەمان دیاری بکات، بەوەش پەرلەمانێکی بەدەسەڵات دروست دەبێ، ئەمەش کاریگەری دەبێ لەهەڵبژاردنی کەسی پسپۆرو شارەزا و پرۆفیشناڵ بۆ نێوئیدارەکانی دەوڵەت.

بەبوونی ئەو سەنتەرورێکخراوانەی کە ئەمڕۆ کاردەکەن بنەماکان بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی شارستانی هاوچەرخ دروست بکەن، کەخواست و هیواکانی کۆمەڵگای شارستانی پێك دەهێنن.

ڕوونیشە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی شارستانی نوێ دروست بێت، دەبێ ئەوکاریگەریانە کە دەرەکی وناوەکین بۆ کۆمەڵگاکەمان دیراسە بکەین و بتوانین دەست نیشانی کۆمەڵگای شارستانیان پێ بکەین. لەو ڕوانگەیەشەوە دەتوانین کەموکوڕیەکانی کۆمەڵگاکەمان دەست نیشان بکەین،لەبەر ڕۆشنایی کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان وکاریگەری ئەوانیش لەسەر کۆمەڵگاکەمان ئەنجا دەتوانین هەوڵبدەین لەسەر خۆ تواناکانمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی کۆمەڵگای لەمێژینەی داگیرکراومان بگۆڕین بۆ کۆمەڵگایەکی ئازادی ڕادەربڕین و بەدی هێنانی خواستەکانی ئەمڕۆ، کەمۆرکی بنیاتنانەوەی پێوە دیاربێ. ئەوەش بەوە دەبێ ئاستەنگەکانی بەردەم گەیشتن بە هەڵوێستی هاوبەش کەم بکەینەوە تابتوانین

لایان بەرین، بەوە دەکرێ ئازادی سیاسی کەبەری گەشەکردنی کۆمەڵگەی شارستانیە. واتە تاکۆمەڵگەی شارستانی نەبێ، ئازادی یەکان بەدی نایەت و لەقاڵب دەدرێن. بەوگۆڕانکاریانەی کەڕوو دەدەن وکاریگەریان لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وکوردستانیش بەشێکە لەو کۆمەڵگایە دەکرێ بڵێین( خۆشیمان بێت یان ترشیمان بێت) کۆمەڵگای شارستانیەتی لە کوردستاندا هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێ بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ و سەردەمیانە، ئەمڕۆ بێ یان سبەی.

سەرچاوەکان

١- دیموکراسی و کۆمەڵگای شارستانی.د. بورهان غلیون.

٢- روناکبیر و دەسەڵات نوسینی محەمەد ئەلشێخ.

٣- الوسيط في قانون المنظمات الدولية.د. محەمەد ئەبوئەلوەفا

٤- تطور ديموقراطي ق مصر د. ئەکرەم بەدرەدین

# چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی..
# زێتر لە چەمكەكانی دیكە بایەخی پێدەدرێ

فاتیح یاسین مودەڕیس

چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی لەلایەن نووسەرو بیرمەند و لێتوێژەرەوەكان بایەخێكی یەكجار زۆری پێدەدرێ، وێڕای ئەوە ئەو بایەخدانە بە زێتر لەو چەمكانە دادەندرێ لەڕووی بۆچوونەوە ڕێككەوتنێكی لەسەر نییە. هەندێ لە نووسەران دەڵێن ئەو چەمكە (شاراوە)یی و (تەمومژاوی) ی پێوەیە، بەڵكو لای هەندێكی دیكە بە (جیوە) وەسف دەكرێت.

جا بۆ ئەو كارو مانایانەی پەیوەندارن بەو چەمكەو گفتوگۆكردن لەسەری هەڤپەیڤینێك لەگەڵ دكتۆر بورهان گلیون ئوستادی زانستە كۆمەڵایەتییە سیاسییەكان و بەڕێوەبەری ناوەندی لێتوێژینەوەی هاوچەرخ لە زانكۆی سۆربۆن لە پاریس سازدراوە بەمەبەستی زیاتر دەوڵەمەندكردنی ئەو چەمكە كە لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا زۆر بایەخی پێدەدرێ و لە

هەموو ڕوویەکەوە تیشکی دەخرێتەسەر.

* ئەمڕۆ وتووێژێکی زۆری بیرۆکەیی لەسەر چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئارادایەو، وێڕای ئەوەی ئەو زاراوەیە ژمارەیەك کتێبی لەسەر دانراوە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان، بە یەکێ لەو چەمکانە گوزارشت دەکرێت کە چەمکێکە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت و تا ئێستا لەسەر پێناسەو پێکهاتەو بوون و بنەماکان و ئەو ڕۆڵەی پێویستە بیگێڕێ ڕێك نەکەوتوون. ئەمەش پەشۆکاویەك لە ماناکەی دێنێتە ئاراوە.. بەبۆچوونی تۆ بۆچی ئەو هەموو پەشۆکاویە لەو چەمکە کۆبۆتەوەو ڕێککەوتنێکی لەسەر نییە؟

ـ لە ڕاستیدا ئەو چەمکە دروستکراوێکی مێژووییە، دەردەکەوێت، پێشدەکەوێت، بە واتاو ناواخن دەوڵەمەند دەبێت، هەروەها دەگوازرێتەوە و دەشمرێت. ئەو چەمکە لەلایەن ئەو کەسانەی بەکاردەهێندرێت لە ڕەوتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری جیاناکرێتەوە. ئەم چەمکانە بەشێوەیەکی تایبەت لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەیەك بەستراونەتەوە. فەیلەسوفەکانی سەدەی نۆزدە لەسەرووی هەموویانەوە هیگل چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بەجیا لەو واتایەی گەرامیشی بەکاریهێنا ئەوان بەکاریان دەهێنا هەروەك لە کۆتایی سەدەی بیستەم بەکارهێنـدرا، پاشان ئەمڕۆ، کە سەردەمی عەولەمەیە بەکاردەهێندرێت. لە واتای ئەو چەمکە بەدەستەوە نادەین کە بەسترابێتەوە بە پێداویستییەکانی کۆمەڵایەتی، بەڵکو بەستراوەتەوە بەسروشتی کارای کۆمەڵگاکە کە بەکاری دەهێنێت و خودی ئەو کۆمەڵگایە خۆی سۆماکەی بۆ دادەمەزرێنێت یان دۆزو ئامانجەکانی دیار دەکات. بۆیە شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە، کە خەڵکان ڕاو بۆچوونی جیایان هەبێت لە پێناسەی خودی ئەو چەمکە یان دیاریکردنی ناواخنەکەی. وێڕای ئەوەی هەندێ جار بایەخ بە چەقی گەڵاڵەکردنی بیرۆکەیەك یان سیاسەتێك دەدرێت لە شاراوە و پەشۆکاوییەکان، چونکە گوزارشت لە ژیانیان دەکات و لەلایەن کارا کۆمەڵایەتییەکان بەپێی جیاوازی داواکاری ئەوانەو بەرژەوەندییەکانیان بانگەشەی بۆدەکرێت. بەکورتی بوونی جیاوازی پێناسەو هەندێجار بەرێککەوتن ڕەنگدانەوەی

کێشەکانە لەلایەن ئەو کارا کۆمەڵایەتییە جیاوازانەی بەکاری دەهێنن. جا چ بەهۆی جیاوازی ڕێکخەری بەهاو ڕۆشنبیریان بێ، یان بەهۆی دیاریکردنی بەرژەوەندی و ئامانجەکان بێ.. چونکە هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆیی نییە ئەو هۆیانەی تێدا نەبێ.

* بە مەزەندەی تۆ ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەردەمی هاوچەرخدا هەڵدەگرێ ئەو پێکهاتانە لەخۆدەگرێت وەك کۆمەڵەو سەندیکاو پێکهاتەی هۆزو تایفی و عەشایری و هەژاران، کولتوورو ئەخلاق و دابونەریت.. چونکە هەندێ لە نووسەران دەڵێن: لەو کۆمەڵگایە یان کۆمەڵگەی مەدەنی لەو پێکهاتانە زیاترنین.. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بەبۆچوونی تۆ جیاوازی هەیە لە نێوان پێکهاتەی (کۆمەڵگا) لەگەڵ پێکهاتەی (کۆمەڵگەی مەدەنی)، ئەگەر هەبێت جیاوازییەکە لەچی بەدی دەکرێت؟

ـ لە ڕاستیدا بەکردەکی لە هەندێ لە نووسینە کۆنەکانم ڕەخنەم لەو کەسانە گرت کە دەیانویست لەمیانەی چڕی خستنەسەر بابەتەکە جیاوازی دروست بکەن لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی ئەهلی، بەدوورخستنەوەی هەندێ لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ژیانی مەدەنی کاران و لەو شەرعییەتە بێ بەشیان بکەن بەبیانووی ئەوەی ئەوانە ڕێز لە بەهاو پرەنسیپە تازەکان ناگرن کە دامەزراوی کۆمەڵگەی مەدەنی پشتی پێدەبەستێت. هەڵبەتە ئامانج لەو ڕەخنەیە ئەوەبوو تا ئەو زاراوەیە نەگوازرێتەوە و نەبێت بە یەکێ لە فاکتەری ململانێی ئایدۆلۆژی لەنێوان هاوچەرخان و کلتوورانی ئیسلامی، چونکە پێویستە ئەو پێکهاتانە لە ئاییندەدا بیانخەینە ناو بازنەی کۆمەڵگەی مەدەنی، نەك لەبەر ئەوەی ئەوانە پێکهاتەی ڕابردوون، بەڵکو بەمەبەستی دووبارە پێکهێنانەوەی عەشیرەت و هۆزو هەژاران، بەڵام لەسەر بنەمای تازە، بۆ دۆزی جیاجیا کە لەوەی پێشوتر جیابێ کە لە سیستەمێکی گشتی دابێ و ماوە بدات بە دامەزراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کە هاوسەنگ بێ لەگەڵ دەوڵەت و تاڕادەیەك سەربەخۆش بێت. جاران عەشیرەت یان لە دەرەوەی دەسەڵات بوو، یان بەشێك بوو لە دەسەڵات لە دەوڵەت. بۆیە پرسیارێك لای تۆ خۆی دەوروژێنێ ئەویش ئەوەیە دەڵێ: پێویستە بەجددی بیر لەو مەسەلەیە بکرێتەوە؟!. بەپێی زاراوەی کۆن

کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو چالاکیانەی ناوپۆش دەکرد، کە لە ژیان و گوزەری تایبەتی تاکی جیادەکردەوە لە بەرامبەر ئەو چالاکییانەی وەك بەشێك لە هەموو واتە دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد. هەربۆیەشە هیگل باس لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات بەوەی کە چالاکییەکانی هەژاران و ئابوورییەکان بەرجەستە دەکات، کە گوزارشت لەو بوارانە دەکات کە خەڵك باسی لێوە دەکەن وەك تاکەکان، کۆمەڵەکان بەتایبەت ئەوەی لە بەرژەوەندییەکانیان دایە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بێژەو دۆز و ئامانجی کۆمەڵگەی مەدەنییە. لە بەرامبەر ئەوەش کارەکانی دەوڵەتیش جیادەکرێتەوە لە بەرجەستەکردنی بەرژەوەندی گشتی یان بەرژەوەندی بالآ کە سەرەڕۆیی دەکات لەسەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی تاك و کۆمەڵەکان و لە هەمانکاتدا لەگەڵیشیان ئاوێتە نابێت. بۆیە هیگل بە کردەکی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك چەمکی تایبەت لە بەرامبەر دەوڵەت و وەك چەمکی گشتی و گشتگری لە چێوەی پێشخستنی سیاسی و شارستانییەتی تازە دانا، هاوکات هەژاران و کلیساشی لە کۆمەڵگەی مەدەنی دوور نەخستەوە. چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی بەو مانایە نایەت کە دامودەزگای تازەبێ و لەسەر بەهای پشت بەستراو لە نوێخوازی دابمەرزێ، کەچی لە واقیعدا ئەو بەستەرو پێکهاتە عەشایری و تایفی و هەژاران، کە ڕابردوو لەسەری دامەزرا بوو ناشێ لە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵبکێشرێن، چونکە بوونی خودی ئەو کۆمەڵگایە ئاکامێکە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی تازە یاخود دەوڵەتێکی تازە.. هەروەها دەشێ ئەوەش بڵێین هەروەکو ئەمڕۆ دەوترێ دووبارە پێکهێنانەوەی ئەو بەستەرو ئەو بەشە ڕێکخستنە ئەهلیە کۆنانەیە لە ژێر ڕۆشنایی تازەگەری بەڕاهاتن یان ڕەتکردنەوە، کە لە هەردوو باردا دەشێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ کە هیچ پەیوەندی بە ڕۆڵگێڕانی کۆنەوە نەبێت کە لە سیستەمی کۆمەڵگا ڕۆڵی دەگێڕا، چونکە ئەو کارا کۆمەڵایەتییە تازانەی پێی هەڵدەستن کۆمەڵێ هەڵبژاردەی تازەن و لە کێبڕکێدان لە دەستە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵەی گەل و نەتەوەکانن کارو فرمانەکانیان بەجێ دەگەیەنن لە زیمنی دەست خستنە ناو ململانە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و کلتوورییەکان کە بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی تازە لەهی کۆن جیادەکرێنەوە بە

دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و یاوەریشیان دەبن لە وڵاتە تازە فەراژووەکاندا. بۆ نموونە ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی، ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی تازەیە، ئەمڕۆ بووەتە بەشێك و لە ڕێکخەری هاریکاری کۆمەڵایەتی و جیهانی کە بە سیستەمی تازەی جیهانی بەستراوە هەرگیز لێی جیا نابێتەوە.. شیاوی وتنە ئەو ڕێکخراوە پێناوێك نییە بۆ بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت، پێناوێك نییە بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆسەپاندن یان کلیسا بەڵکو لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا ڕەهەندی ئەوتۆی بەدەستهێناوە، کە هەرگیز بەراورد ناکرێ بە تێڕوانین لەگەڵ ڕێژەی سەرمایەداری پێشان یان سیستەمێکی ئایینی تایبەت، بەڵکو بووەتە بەشێکی گەورە لە ڕێکخەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرتاسەری جیهاندا و ڕۆڵی هاوچەرخانەی خۆی دەگێڕێ.

* هەندێ لە نووسەران عیلمانییەت بە مەرج بۆ بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنێن کەچی هەندێکی دیکە دەڵێن مەرج نییە بۆ بوونی. لەگەڵ ئەوە هەندێ نووسەری دیکەش هەن دەڵێن: عیلمانییەت و کۆمەڵگای مەدەنی دوو ئاراستەن بۆ یەك مەبەست.. تۆ چی دەڵێی بۆ ئەو ڕاوو بۆچوونانە لەنێوان نووسەراندا، ئەو مەرجەی هەندێ لە نووسەران دایانناوە تا چەند لە شوێنی خۆیدایە؟ بۆچی ئەو نووسەرانە وەك مەرج بۆ بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی دایانناوە، کەچی هەندێکی دیکە بەمەرج دایانانێن؟.

ـ بەڵێ.. عیلمانییەت.. واتە دوور لە دەمارگیری تایفەگەری و هۆزگەری، بەو مانایە مەرجە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دروست.. واتە هاوتایە لەگەڵ تازەیی هاونیشتیمانی و دروست.. کە ئەمەیان ئایدیالییە و پێویستە هەوڵی بۆ دامەزراندنی بدەین. بەڵام چی بکەین گەر هەڵکەوتی مێژوویی کۆمەڵگای مەدەنی پەشۆکاو یان نیوە پەشۆکاوی، یاخود نیوە عەلمانی و نیوە تایفەگەری لەگەڵ خۆیدا هێنابێت؟ ئایا لەناوی ببەین یان هەوڵبدەین چاکسازی تێدا بکەین و لایەنە سلبییەکانی لابەرین؟ ئایا کۆمەڵە خێرخوازییەکان، کە بە تایفەکانی مەسیحیی و ئیسلامی بەستراونەتەوە دابخەین لەبەر ئەوەی بەبینایی هاونیشتیمانی مرۆیی هەڵناستن و لە هەماهەنگدان خەڵك لە سوودمەندەکانی بێ بەش بکەین، یاخود بەو گوزارشتەی هانیان بدەین کە بکرێنەوە،

بەڵام لەدەمارگیری تەسك دووریان بخەینەوە.. لە هەمان كاتدا هەوڵەكانی خۆمان بخەینە گەڕ بۆ پڕكردنەوەی ئەو ڤالایەی هەیە بە دامەزراندنی كۆمەڵەی خێرخوازو لایەنەكانی تایفەگەری و هۆزگەری بەلاوە بنێین. ئەگەر هیچ نەبێت بەلایەنی كەم بەرپرسیارەتییان بخرێتە دەست دەسەڵاتدارێتی گشتی بۆ دامەزراندن و دروستكردنی نەخۆشخانە بۆ ئەو شوێنە نیشتەجێیانەی پێویستیان پێی هەیە.

هەندێ لا دەڵێن، بۆچی كۆمەڵەی خێرخوازی دامەزرێنین، لەبری ئەوە رێكخراوی سیاسی بەهێز دابمەزرێنین؟. لە وەڵامدا دەڵێین: هەندێ لەو كارانە پەیوەندارن بە ڕەوڕەوەی مێژوو، ناشێ چاكسازی بە هەڕەشە و ترسان و تۆقاندن بكرێت، بەڵكو پێویستە لە سەرەتاكانی بكۆڵدرێتەوە و تێ بگەیەندرێ و شرۆڤە بكرێ تا توانای كۆنترۆڵكردنی هەبێت. بەڵێ لە توانامانـدا نییە مێژوو و دەرەنجامەكانی هەڵبوەشێنینەوە ئەمەش هەندێجار لەبەر هۆكاری دەرەكییە. بە هەرحاڵ ئەوەی پێویستە دایانمەزرێنین دایاندەمەزرێنین بەڵام دەبێ ڕەچاوی ئەوە بكەین هەمان خودی دەرەنجام دووبارە نەبێتەوە، هەروەها تا هەمان هەڵە نەكەین كە لە پێشتر ڕوویانداوە. لەلایەكی دیك گەربمانەوێت بەكردەكی ڕەوڕەوەی مێژوو بەوەی كە كۆمەڵگاكان لێی دەڕوانن ئاوێتەی یەكتر بكەین ئەوا پێش هەموو شتێك لەسەرمان پێویستە بیر لەو تێڕوانیانە بكەینەوە سەرنجی ئەوە بدەین هەمان ئەو بەخشینە مێژووییە كە لەگەڵیدا دێتەوەو هەمانگكارە و شیاوە بۆ وەدیهێنانی یان نا، ئینجا مەرجی بەدیهێنانی بۆ دابنێین و زەمینەی بۆ خۆش بكەین چونكە نموونەی عیلمانییەت لە رەوتی كۆمەڵگایەك كە بەرەو ئوسولییەتی داخراو لێژبێتەوە كە مەرجی نوێخوازی و تازەگەری تیایدا قەدەغەبكرێ و پەلپی پێ بگیرێ، بەهاكەی چییە؟ هەڵبەتە لەو بارەدا مەترسی ئەوە دێتە ئاراوە عیلمانییەت لە چەمكی خۆی بگوازرێتەوە و كۆمەڵێ لە رۆشنبیرانی ئایدیالی دابڕێنێت، لە هەمانكاتدا ئەو رۆشنبیرانە لە بەجێگەیاندنی ئەركە مێژووییەكان لە سەركردایەتی كۆمەڵەكانیان دابڕێنێت و دەرهاویشتەی خراپی لێبكەوێتەوە.

* (روبەرت پوتنام) لە وتارەكەیدا بە ناوی(اللعب المنفرد للبولنج) چەمكی سەرمایەداری

کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵگای مەدەنی بەستۆتەوە.. تۆ چۆن لەو پەیوەندییە دەڕوانیت؟
ـ باوەڕناکەم لە یەکچوونێك لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا هەبێت.. کۆمەڵگەی مەدەنی سەرمایەداری کۆمەڵایەتی وەبەردەهێنێت و لێشی دانابڕێت، هەتا گەر لەسەر خوازراوی تازە کۆمەڵگەی مەدەنی بێت بەوەی کە سەرمایەدارێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە ئەو سەرمایەدارە خودی خۆی بەرهەمهێنەرە. هەروەها لە کاتێکدا گەرهاتوو متمانە لەنێو تاکەکاندا نەما ئەوا هەرگیز ناتوانرێ پەیوەندییەکی مەدەنیانەی کارا دابمەزرێت، هەرچەند ڕەهەندی ئامانجەکان لەبەرچاوبێت. متمانە سەرمایەی سەرەکییە بۆ دامەزراندن و هێنانەکایەی کۆمەڵەکان، کۆمپانیاکان، حزبەکان، کۆڕو کۆبوونەوەکان. لەوانەیە نەبوونی متمانەی ئەو سەرمایە لەکۆمەڵگەی عەرەبی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی ئەو ناوچانەی بەوە گەیاندبێ کە داپڵۆسێنەر بێن، چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی و خودی کۆمەڵگەی مەدەنیان لا قەبوڵ نەبێت و ئاوا کۆمەڵگەکەیان بەداخراوی بمێنێەوە. جا گەر سەرمایەی ئەو متمانە لەنێو تاکەکاندا هەبێت ئەوا پەیوەندییەکان سەرکەوتوو دەبن، وێڕای ئەوە متمانەی کۆمەڵایەتیش ڕوو لە زیادبوون دەکات، ئەوسا وڵات دەبوژێتەوەو ئاسوودەیی ڕوو لە خەڵك دەکات. بۆ نموونە سەرکەوتنی کۆمەڵە خێرخوازییەکان، کۆمپانیا ئابوورییەکان کە بەشدارو هاوبەشن ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە سەرکەوتنی حزب یان دەسەڵاتی سیاسی لای ئەو تاکانەی ئینتیمایان بۆ هەیە هەستێکی گەورەیان لا دەخولقێنێت بەوەی کە متمانەی گەورەیان بەیەك هەبێت. بۆ نموونە سەرکەوتنی ئەو دامودەزگایانە هەستێکیان لا دەخولقێت، کە زیاتر متمانەیان بە خودی خۆیان هەبێت، توانایان هەبێت لەسەر پێشکەوتن و بەدەست هێنانی دەسکەوت لای کۆمەڵگەکەیان کە ئەو دامودەزگایانە تیایدا کاردەکەن.
بە تێڕوانینی من دەشێ بە سادەیی پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین بەو گوزارشتەی گشتگرە واتە جێبەجێ دەکرێت یان پێویستە جێبەجێ بکرێت لەسەر هەموو جۆرە پەیوەندییەکان، ڕێکخستنەکان، کە پەیوەندی نێوان تاك و دەوڵەت بەیەکەوە دەبەستێتەوەو هەڵساون بەشێوەی خۆبەخش کاردەکەن بۆ باشترکردنی هەماهەنگی و

ڕێکوپێکی و هاوشێوەیی لـە نێوانیانـداو لـەناو کۆمەڵگـە بەتـەواوەتی، جـا چ لـە ڕێگـەی باشترکردنی ڕێژەی هاوسەنگی دەسەڵات بێت وەك (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی، ماف، یاسا، سیاسی)، یـان لـە ڕێگـەی یەکلاییکردنـەوەی کێـشەو ئاریـشەکان بێـت وەك (تایفی کۆمەڵایەتی، سیاسی)، یان پڕکردنەوەی ئەو ڤالاییە بێت، کـە لـە»خزمـەتگوزاری گشتی، کۆمەکیکردنەکان، هاوکارییەکان«بەدی دەکرێت، یـاخود لـە ڕێگـەی بـەدیهێنانی بەرژەوەندییـەکانی(سـەندیکاکان، پیـشەییەکان، دەسـتەییەکان)بێـت، یـان ئـەوەتا لـە ڕێگەی جێبەجێکردنی کارە(ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنـەکان)بێـت، کـە سیـستەمی کۆمـەڵگا بەبێ ئەو ڕێگایانەی خستمانەڕوو ڕاستەڕێ و سەقامگیر نابێ.

* زاراوەی تـازە هاتوونەتـە ئـاراوە وەك (کۆمـەڵگای مـەدەنی جیهـانی ـــ Global Civil Society) و (کۆمـەڵگای مـەدەنی گـوزەراو Transnational Civil Sosiety)..بەبۆچـوونی تـۆ دەشـێ کۆمەڵگـەی مـەدەنی جیهـانی بـوونی هـەبێت لـە کاتێکدا کە بوونی دەوڵەتی جیهانی نەبێت؟.. ئایا جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگەی مـەدەنی جیهانی و گوزەراو هەیە؟.

ـ بەڵێ.. دەشێ کۆمەڵگەی مەدەنی گوزەراو لە دەوڵـەتان بـوونی هـەبێت بـەبێ ئـەوەی بوونی دەوڵەتی جیهانی هەبێت هەروەك ئێستا باست لێوەکرد. لە واقیعدا ئەمـە شـتێکی تازەیـە. ئەمـەش وامـان لێـدەکات بـۆ پرسـیاری یەکـەم کـە پەیوەنـدارە بەپێناسـەی عیلمانییەت. مەرجی دروستی بەکارهێنانی ئەو چەمکە ئەوەیە تێی بڕوانی کە چەمکێکی مێژووییە، دەگوازرێتەوەو پێش دەکەوێت، چونکە واقیع پێـشدەکەوێت، هەمیـشە ئـەوە لـە چـەمك دەوڵەمـەنترە و زیـاتر هەڵـدەگرێت. چـەمك لـە ژیانـدا بـەردەوام نابێـت تـەنیا بەڕێژەی دەرکـەوتنی تواناکـان نـەبێت کـە لـە ڕاسـتییەکانی واقیعـی تـازەدا بـەرفراوانی بەخۆوە دەبینێت. هەڵبەتە ئەم بارە تازانەش پاڵ بەوە دەنێت کە واتـاو شـرۆڤەی تـازە لـە دایـك بـن، کـە پێـشتر لێـی نەدەڕوانـدرا. واتـە ڕابـردوو ڕەت دەکاتـەوە بـۆ ئـەوەی ئاییندەیەکی تازە دابهێنێت، واتە بەڕێژەی بزاوتەکانی لەگـەڵ مێـژوو هاوسـەنگییەکەی، لەبری ئەوەی بەبن بەستراوی بمێنێتەوە لای ئەو بیرمەندەی بەکاری دەهێنێت.

# کۆمەڵگای مەدەنی
# لەکوردستان دا بەکوێ گەیشت

فازیل ڕەئوف

بۆباسکردن لەو تەوەرانەی کەمەبەستمانە لێرەدا باسیان لێبکەین . پێویستمان بەناساندنێکی سادەو ساکاری چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت ، لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەکی زۆر سادەو خێرا بکەین لەسەر چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی کەلەوێوە دەتوانین دەروازەیەك ئاوەڵابکەین بۆوەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی کە جێگەی گفتوگۆ و شرۆڤەن . دیارە ئەو هەڵوێستکردنە لەسەر ئەم چەمکە لەدیدگایەکی سادەو ساکارەوەیە نەك لەتێڕوانینێکی فەلسەفی قوڵەوە.

ئاشکرایە باسکردن لەکۆمەڵگای مەدەنی لەڕوی چوارچێوەی تیۆریەکەوە دەمانباتە سەر

باسكردنی چەمكی دیموكراسی و هاوڵاتی بوون و كۆمەڵێك چەمكی دیكەی گرنگ كەوابەستەن بەم چەمكەوە . بەڵام قوڵبونەوە لەشرۆڤەی ئەم چەمكانە ڕەنگە توشی چەندین ئیشكالیەتمان بكات كەبۆئەم بوارە كەمە نەتوانین ماف تەواو بەبابەتەكەبدەین . بریتی یە لەو كۆمەڵگە مەدەنیە و كۆمەڵگەی مەدەنیش لەواتا سادەكیدا بریتی یە لەو كۆمەڵگەیەی كەیاسا هەڵدەستێت بەڕێكخستنی پەیوەندیەكان لەنێوان دەوڵەت و هاوڵاتیان . واتە ئەوەی كەكۆمەڵگەی مەدەنی لەكۆمەڵگەی میلیتاری (سەربازی ، دینی و....هتد)جودا دەكاتەوە ئەو بنەما یاساییانەن كەئەو پەیوەندیە لەنیوان هەردوو لایەنەكەدا ڕێكدەخەن.

بەمەبەستی باسكردن لەتەوەرەی یەكەم كە دەمێكە لەكوردستان باس لەكۆمەڵگەی مەدەنی دەكرێت و ئەو هەوڵانەش بەچ ئاقارێك گەیشتون ، دەكرێت ئاماژە بەو ڕاستیە بدەین كە باسكردن لەچەمكی كۆمەڵگەی مەدەنی لەكوردستان و هەنگاوی پراكتیكی لەم بوارەدا تاڕادەیەك بابەتی لەیەك جودان

. ڕاستە وەك باسكردن و هەڵوەستەكردن لەسەر كۆمەڵگەی مەدەنی زەمەنێكی باشی هەیە ، بەڵام هەنگاوە پراكتیكیەكانی تارادەیەك تازەیی پێوەدیارە. لەدیدی منەوە ئەو باسكردنە لەكۆمەڵگەی مەدەنی لەكوردستان سەرەتایەك بووە بۆ ڕەخساندنی زەمینەیەكی لەبارو تەندروست بۆ پراكتیزەكردنی لەهەرێمەكەماندا، ئەو تازەگەرییەش هاوكاتە لەگەڵ ئەوگۆڕانكارییە بەرچاو و جدیانەی كەلەكوردستاندا هەیە و كاری بۆدەكرێت . شەفافیەت و كراوەیی سیستەمی سیاسی لەكوردستاندا فاكتەرێكی گرنگە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو هەوڵانە ، بەو واتایەی كەسروشتی سیستەمی سیاسی لەهەرێمی كوردستان و كرانەوە بەڕووی دونیادا زەمینە خۆشكردن بۆ بەئەنجام گەیاندن و پراكتیزەكردنی ئەم چەمكە ، ئێمە لەسەرەتای ئەم بابەتە ئاماژەمان كرد بەوەی كەدیموكراتی ڕۆڵی كاریگەری هەیە لەسەر پراكتیزە بوونی ئەم چەمكە . لەسایەی سیستەمێكی دیموكراتدا دەكرێت قسەلەسەر هاوڵاتی بوون و سەروەری یاساو

باڵادەستی یاسا بکەین ، بەوپێیەی کەیاسا دەتوانێت لەکۆمەڵگەی مەدەنیدا سەنتەری ڕێکخستنی ئەو پەیوەندیە بێت . لەباوەڕبوونمان بەبوونی سیستەمێکی سیاسی کەدیموکراسی وەك شێوازی فەرمانڕەوایی پیادەدەکات و دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە ئەگەر کەمتەرخەمی لەکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا نەکرێت ئەوهەوڵانە بەئەنجامێکی باش گەیشتون .

تەوەری دووەم وەڵام دانەوەی ئەوپرسیارەیە کەئەو ژمارە زۆرەی ڕێکخراو و سەنتەرەکانی کەبەم ناوەوە کار دەکەن یان هەڵگری ئەم دروشم و ئامانجەن تەنها خۆی لەوەدا بەرجەستە دەکات کە ئەم ڕێکخراوانە هاوکاری لەحکومەت وەربگرن ؟ دیارە بەر لەگفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسیارەو وەڵام دانەوەی ، لەپرسیارەکەدا گرفتێك بەدی دەکەم کە زۆری و فرەیی ئەو ڕێکخراو وسەنتەرانەیە بۆهەر قسەکردنێك لەسەر فرەیی ئەو ڕێکخراوانە پێویستمان بەدیراسەیەکی وورد هەیە لەسەر ئادای هەریەك لەو سەنتەر و ڕێکخراوانە . لەسەرەتادا ئەوپرسیارە دێتە پێش ئایا ئەو سنتەر و ڕێکخراوانە کەهەڵگری ئەو دروشم و ئامانجانەن ، توانیویانە مەبەست و ئامانج بهێننە دی ؟

یان دەکرێت پرسیار بکەین ئەم سەنتەرانە و ئەم ڕێکخراوانە تاچەند کار لەسەر جەوهەری ئەو ئامانجە دەکەن کەهێنانەدی کۆمەڵگەیەکی کوردی مەدەنییە؟ یان بەتەنها لەشێوە ڕوکەشەکەدا پانتاییەکیان بۆخۆیان داگیرکردوە و کاریان لەسەر هێنانەدی ئامانجەکە تەنها لەشێوەی فۆرم و رووکەشیدایە؟ئەوکات کەگەیشتینە وەڵامێك لەسەر ئەوپرسیارانە دەکرێت لەسەر سروشتی هاوکاری حکومەت قسەبکەین . بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەدیدی منەوە ئەوەندەی گرنگە ئەو ڕێکخراوانە چاوەڕوانی هاوکاری مەعنەوی بن لەحکومەت نەك هاوکاری مادی باشترە . دیارە هاوکاری مادیش تاڕادەیەك زەرورەتی هەیە بەڵام ئەوهاوکارییە دەبێت لەسەر چەندین بنەماو پێوەر بێت کەکاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەرك و هەوڵی ئەم ڕێکخراوانە نەکات . وەهەروەها پێویستە حکومەت لەگەڵ بوونی ئەوبنەماو پێوەرانەدا هەڵسەنگاندنی ووردی هەبێت بۆکار و

چالاکی ئەم ڕێکخراو و سەنتەرانە.

تـــەوەری ســـێیەم هەڵـــسەنگاندنە بـــۆ ڕابـــردووی کـــارکردن بەمەبەســـتی هێنانـــە دی کۆمەڵگایەکی مەدەنی ، پێویستە ئاماژە بدەین بەوڕاستییەی کەسـەرەتای هـەمووکارێك جۆرێك لەکەم شارەزایی و کەم ئەزمونی و نـامۆیی پێوەدیاردەبێـت . بەتایبـەت کـارێکی وەکـو کۆمـەڵگای مـەدەنی کـەبۆخۆی پرۆژەیـەکی جدییـەو پێویـستی بەزەمـەنێکی تاڕادەیەك بـاش هەیـە بـۆ پراکتیزەکردنـی ، گـۆڕینی سـەرلەبەری کایـەکانی کۆمەڵگـەی کوردییە کەبۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ لەسـایەی سیـستەمێکی تۆتالیتـاری بەعـسیدا گوزەری کردوە . گۆڕینی سەرلەبەری ژیانی سیاسی کۆمەڵگایەکە کەماف بوون لەسایەی سیـستەمێکی سـەربازی بەعـسیدا یاسـاغ بـووە. ڕەواندنـەوەی ئـەم کولتـورە نەشـیاوە پێویـستی بـەکات و هـەوڵی جدیـە . بـەڵام ئـەوەی جێگـای دڵخۆشـییە لای مـن بـوونی سیـــستەمێکی سیاســـیە کەهـــەنگاوی بـــاش دەنێـــت بەئاراســـتەی ئـــەم ڕێکخراوانـــە بۆبـــەدیهێنانی کۆمەڵگایـــەکی تەندروســـت . بـــوونی ســـەرکردایەتیەکی ژێـــری کوردیـــە بەســـەرۆکایەتی ســـەرۆك بـارزانی کەهەمیـشە جـەخت دەکاتـەوە لەسـەروەری یاسـا و ڕێکخـستنی پەیوەنـدی نێـوان هاوڵاتیـان و حکومـەت لـەڕێگای یاسـاوە . ڕێکخـستنی پەیوەندی نێـوان تاکـەکانی کۆمەڵگـە لـەڕوی یاسـاوە . کەلـەم بـوارەدا هـەنگاوی جـدی بەرجەستە بووە و ئومێد دەکەین کەبەرێچکەیەکی تەندروست دا بـڕوات بـەڵام لەهـەمان کاتیشدا دەکرێت بڵێین ئەوەی کەکراوە کاری باشبوون وەپێویـستیمان بـەکات و هـەوڵی زیاترە.

# سێ گۆشەکانی
# بەمەدەنیەتکردنی کۆمەڵگە

**رووپاك عادل شەریف**
**توێژەری کۆمەڵایەتی**

گەر بمانەوێت کۆمەڵگەیەك بەرەو مەدەنیەت بوون ببەین دەبێ پێش هەموو شتێك لە واتا راست و دروستەکانی چەمکی مەدەنییەت بگەین، راستە زانا و فەیلەسوفەکان هەریەك بە گوێرەی بۆچوونی خۆی و مەبدەئی خۆی گوزارشتی لە مەدەنیەت بوون کردووە، هەندێکیان پەیوەستیان کردووە بە ئازادی و هەندێکیان بە لایەنی ئابووری و هەندێکی تریشیان لایەنی سەقامگیری، لە هەر روویەکەوە بێت ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە ئەم موفرەداتانە وەك پاڵنەرو راگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵی سەرەکیان هەبێت.

بەڵام مەدەنیت واتە ئەتەکێتی ژیان تەنانەت هەندێ جار بە مەعریفەبوونیش

هەڵیسەنگێنین کە وردەکاریەکانی ژیانی رۆژانەشمان لە خۆدەگرێت، زیاتر لە جیاوازی چینەکان ئەم لایەنانە دەردەکەوێت کە زۆرتیشك دەخاتە سەر خۆشگوزەرانی و بۆزیاتر ئاسانکردنی ئەم ئەتەکێتییە پێویستمان بە سەرەتایەکانی خۆشگوزاری دەبێت، لە تەکنەلۆجیاوە تاوەکو ئاڵوگۆڕکردنی کلتوورەکانیش.

هەر لەسەر باسی مەدەنیی لەیادمە لە جەنگی عێراق ئێراندا کاتێ ناوچەیەك بۆردومان بکرایە هەندێ جار لە هەواڵەکان دەیخوێندەوە دەیووت: ژمارەیەك هاولاتی مەدەنی بوونە قوربانی و ژمارەیەکی دی بریندار بوون، مەبەست لەم مەدەنییە واتە ئەوانەی بریندار بوون سەرباز نەبوون و دوژمنیش نەبوون.
هەروەها هەندێ جاریش کاتێ قسەوباس دەکرا دەربارەی جل و بەرگ دەیان وت جل و بەرگی مەدەنی واتە مەبەست لەم جلە نە جلی سەربازی و نەجلی کوردی و نە جلی نەتەوەیەکی دی مەبەست بوو تەنها جەختی لەسەر جلی مەدەنی دەکرد !
ئایا ئەو مەدەنیانەی جاران ناویان دەبرا هەمان ئەم مەدەنییەیە کە ئێمە دەمانەوێت خۆمانی تیا بنوێنین؟
بێ گومان هەموومان باش دەزانین ئەم کۆمەڵگە مەدەنییەی دەمانەوێت پێی بگەین زۆر جیاوازە لەوانەی جاران گوێمان لێدەبوو گەرچی من نازانم جاران بۆ بەوانەیان دەوت مەدەنی؟ بەڕای من لە هەردوو لایەنەکەوە واتە هاولاتی بێ لایەن نە سەربازەو نە دوژمنە، ئەمەش بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەم خەڵکانە بەتاڵبن لە نیشتمانی پەروەری و ئینتمای نەتەوایەتی.
رۆڵی رێکخراوو سەنتەرەکان لە ئەرکی بەمەدەنیەتکردنی کۆمەڵگە شتێکی حەتمی نییە، من دەڵێم بۆ: ئێمە داوای کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەین ئەم کۆمەڵگەیە لە تاکەکانەوە دەست پێدەکات کەواتە دەبێت ئەو کادیرانەی هەڵدەستن بە دانانی رێکخراوو سەنتەرەکان تاکی مەدەنی بن، وەك دەزانین مەدەنیەتیش هیچ پێوەرێکی نییە کەواتە

هەركەس هەستا رێكخراوێك یان سەنتەرێكی دانا مەدەنییەت نییە، ئەگەر بە ژمارەی رێكخراوو سەنتەرەكان بێت ئەم تەوەرە زۆر زیادە چونكە كوردستان پڕ بووە لە سەنتەرو رێكخراوو هەر ماڵێك كەسێكی یان خزمێكی یان برادەرێكی لە رێكخراوو سەنتەرەكانە، ئەی ئێمە ئەم لێلێ و لۆلۆیەمان بۆ كێیە كەواتە هەموومان مەدەنین!

بەڕای من ئەركی بەمەدەنیەت كردن ئەمەندە ئەستەم نییە حكومەت ئەم هەموو خەرجییە لەم رێكخراوو سەنتەرانە بكات، ئەمەندەش ئاسان نییە ئەركی بەمەدەنییەت بوونی كۆمەڵگەیەك بدرێتە دەست ئەم رێكخراوو سەنتەرانە.

بەهەرحاڵ باوكێكی مەدەنی ئەركی دە سەنتەر و دە رێكخراو ئەهێنێتە جێ، وتاری مامۆستا یان بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك لە كۆبوونەوەیەكی دایكان یان باوكانی قوتابیان ئەركی خەباتی چەند ساڵی رێكخراوێك یان سەنتەرێك ئەگرێتەوە، چونكە ئەو دایك و باوكانە لە چین و توێژێكی جیاوازەوە هاتوون بەرپرسیارێتی نەوەیەك ئەگرنە ئەستۆ بۆیە گرنگە وتاری مامۆستاكە یان بەڕێوەبەرەكە كاریگەری زۆری هەبێت لەسەریان.

من نامەوێت لە گرنگی سەنتەرو رێكخراوەكان كەم بكەمەوە چونكە تەنها بوونیان لە كۆمەڵگە گرنگییەكی خۆی هەیە ئەم جۆرە كۆمەلانە لە هەموو بارو ساتێك ناخولقێن ئەمەش بەرهەمی پاش راپەڕینە كاتێ ئازادی هاتە كایەوە.

ئەمەش ناوەخنی باسەكەمانە (دیموكراتی، ئازادی، مافی مرۆڤ) كۆمەڵگەی مەدەنی لەمانە دێنە كایەوە ئەتوانم ئەمە بە یەكەم سێ گۆشەی مەدەنیەت و هەوێنی مەدەنیەت بوون دابنێم.

پاش ئەمانە سێ گۆشەی ماڵ و قوتابخانەو دەزگاحكومیەكان دێن هەمیشە تاكەكان لەم سێ خاڵەدا زۆرترین و گرنگترین سەرەتاییەكانی ژیان فێردەبن، پاشان لایەنە مەعنەویەكان دێن كە سێ گۆشەی (ئایین و یاسا و كلتووره) ئەم سێ لایەنە هەرچی ئایینە ناتوانرێت گۆڕانكاری تێدا بكرێت بەڵام جەخت دەكەمەوە سەر سێ خاڵی گرنگ كە ئەمانەن:

١– نەشێواندن و ڕێزگرتن لە ئایین.

٢– باش تێگەیشتنی ئایین و تەفسیركردنی بەشێوەیەكی ڕاست و دروست.

٣– ڕێزگرتن لە پیاوانی ئایینی و بۆنەئایینیەكان و شوێنەوارە پیرۆزەكان جا مزگەوت بێت یان كلێسا.

پاشان یاسا دێت كە گۆشەی دووەمی داگیردەكات و لەم لایەنەشەوە پێویستە:

١– ناساندنی یاسا و دەستور بە كۆمەڵ.

٢– ڕێزگرتن لە یاسا و پیادەكردنی بەبێ جیاوازی ڕەنگ و زمان و ئایین.

٣– هەمواركردنی ئەو یاسایانەی ناگونجێن لەگەڵ سات و شوێن و باری ئێستاماندا.

لایەنی گرنگی ئەم سێ گۆشەیە كە بتوانرێت گۆڕانكاری تێدا بكرێت و كۆمەڵگەی لە بارێكەوە پێ بگۆڕدرێتە بارێكی تر (كلتوورە) كلتوور كۆی ئایین و یاساو داب و نەریت و عورف و عادەتەكانی ناو كۆمەڵگەیە، تەنانەت دووبارەبوونەوەی ڕووداوەكانی ژیان بوونەتە نەریت و بەشێكی كلتوورو زۆرجار دەستبەرداربوون و گۆڕینی پێویستی بە كات و خۆڕاگری و بەرنامەی تایبەتی دەوێت.

هەرچی سێ گۆشەی سێیەمە سێ گۆشەی ڕاگەیاندن (بیستن و خوێندن و بینین).

ئەركێكی گرنگ ئەكەوێتە ئەستۆی ڕاگەیاندن چونكە زمانی نێوان ڕابردوو و ئێستاو داهاتووە و زۆرترین بیسەرو خوێنەرو بینەریان هەیە و سەرجەم دیاردەو ڕووداوو شوێن و ناوچەكان ئاگادارن و زۆر بە ئاسانی ئەتوانرێت ڕای گشتی وەربگیرێت و ببنە زمان حاڵی میللەتێك.

زیاتر لە پازدە ساڵە كوردستان لە گۆڕاندایە هەر ڕۆژەی بابەتێك دێتە كایەوە من بەدووری نازانم ئەم هەموو گۆڕانە لەناكاو بووبێتە هۆی دروست بوونی شۆكێكی درێژخایەن تا بتوانن لەسەر ئەم جۆرە ژیانە ڕابێن و بتوانین لەگەڵ ئەم هەموو تەكنەلۆجیایەی دەورمان ڕابێین و درك بكرێت ماوەیەكی دەوێت و پێویستی بە خولی تایبەت و ڕاهێنانە.

کۆمەڵگەی مەدەنیش لە پڕ دروست نابێت و ناکرێ لەبیربکەین کە گۆڕان لە نەوەی نوێوە دروست دەبێت ناکرێت باوانەکان یان گەورەکان و خاوەن ئەزموونە کۆنەکانی ژیان بکرێنە مەدەنی ئەمە زۆر ئەستەمە چونکە ئەمە جەنگی نێوان دوو کلتووری جیاوازن ئێستا جیهان وا پێشکەوتووە هەر نەوەو بووەتە خاوەن کلتووری تایبەتی خۆی ئەمە وای کردووە ئالۆزییەك لە نێوان ئەم کلتوورانە دروست بێت لە ئەنجامدا تاقە کلتوورێك دەبێت بێتە ئاراوە کە هەموو خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە خۆ بگرێت.

# ئێمە لە كوێی كۆمەڵگەی مەدەنین؟

**مەریوان غەریب**

رۆژ لـەدوای رۆژ ژمـارەی سـەنتەرو رێكخراوەكـان لەكۆمەڵگـەی ئێمـەدا لـە زیادبوونـە، بەجۆرێك كەكوچـەو كـۆڵان نـەماوە كـەبارەگای یـەك دوو سـەنتەر ورێكخـراو و كۆمەڵـەو ناوەند ومەڵبەند وبزاڤی رۆشنبیری لێ نـەبێت وەئەگـەر هـەروا بـڕوات هـەرماڵێك دەبێتـە خاوەنی سەنتەرو رێكخراوێـك بـەڵام ئایـا بەراسـتی بـوونی ئـەو ژمـارە زۆرەی سـەنتەر و ناوەندە رۆشنبیرییانە پێویستن؟ ئایا ئێمە وەك كۆمەڵگەی كوردی تاچەند سـودمان لـەو سەنتەرانە وەرگرتووە؟ ئایـا زۆری ژمـارەی كۆمەڵـەو رێكخراوەكـان لەهـەر كۆمەڵگایـەك نیشانەی مەدەنییەتی ئەو كۆمەڵگایەیە؟ ئایـا كۆمەڵگـەی مـەدەنی بەهـەبوونی زۆرتـرین ژمارەی سەنتەرو رێكخراوەكان دێتەدی؟ ئایا سەرباری ئەو هـەموو سـەنتەرو رێكخراوانـە ئێمە لەچ شـوێنێكی كۆمەڵگـەی مـەدەنین؟ ئەمانـە ودەیـان پرسـیاری تـر كەحـەق وایـە هـەركاممان لـەخۆمانی بكـەین ولەهـەمان كـاتیش دا وەڵامێكـی راسـت ودروسـتی بـۆ بدۆزینەوە ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەكی كۆمەڵگەی مەدەنی بكەین ئاشكرایە كەبـەپێ ی

بیروبۆچوونی زۆربەی کۆمەڵناسان و شارەزایانی کۆن وسەردەم کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵگەیەکە کەکۆڵەگەکانی لەم خاڵانەدا کۆبوەتەوەو پشت بەم بابەتانە دەبەستێت:

ا– ئامادەبوونی بەرچاوی رێکخراوەکانی پیشەیی وجەماوەری و..

ب– بوونی دیموکراتییەت ورێزگرتن لەڕای خەڵك

ج– دەزگاکانی ڕاگەیاندن ودەسەڵاتی ناوەندەکان لەبیستراو وخوێندراوو نوسراو

د– یەکسانی نێوان ژن وپیاوو ماف ئافرەت

هـ– سەروەری یاسا

و– رێزگرتن لەماف مرۆڤ

ز– پاراستنی ماف منداڵ وپارێزراوبوونی

ح– ئازادی سیاسی

هەروەك دەبینین پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چەندین خاڵ لەخۆدەگرێت کەیەکێك لەو بنەمایانە ولەو کۆڵەگانەی کۆمەڵگەی مەدەنی، بوونی رێکخراوەکانە.

رێکخراوو سەنتەرو کۆمەڵەکان هەرگیز بەتەنیا ناتوانن کۆمەڵگەی مەدەنی بخولقێنن، هەروەها زۆری وکەمی ژمارەی رێکخراوەکان نابنە بەڵگەیەك بۆ مەدەنی بوونی کۆمەڵگەی کوردی، واتە مەرج نیە کۆمەڵگەیەك لەبەر ئەوەی ژمارەی لەهەزاران دایە ئەوەئیتر کۆمەڵگەی مەدەنی یەو کۆمەڵگەیەکیش کەژمارەی رێکخراوەکان تێیدا کەمن ئەوە کۆمەڵگەی مەدەنی نیە.

لەگەڵ ئەوەی ژمارەی رێکخراوو سەندیکاو یانە رۆشنبیرییەکان لەکوردستان رۆژ بەرۆژ زیاد دەبێت ولەهەر بوارێك کە باسی بکەین چەندین سەنتەرو رێکخراو هەیە وەك: سەنتەری رۆشنبیری لاوان، رێکخراوی داکۆکی کردن لەماف ئافرەت، کۆمەڵەی پارێزگاری کردن لەماف منداڵ، بۆ دیموکراتی کردنی کۆمەڵگابۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بۆ مافەکانی مرۆڤ، بۆیەکسانی ، بۆ.. بۆ.. بۆ...

بەڵام ئایا هەموو ئەو شوێنانە بەئەرکی خۆیان هەستاون؟ ئایا ئەو ناوەندانە بەڕاستی گەنجان ولاوانیان پێ کۆدەکرێتەوە؟ ئایا ئەو رێکخراوانە هیچ هەنگاوێکیان بۆ

باشترکردنی رەوشی ئافرەت ناوە؟ ئەگەر بەپێ ی ژمارەی ئەو سەنتەرو رێکخراوانە بوایەو بەپێ ی ژمارەی ئەو هەموو بارەگایە بوایە کەهەریەکیان تابلۆیەکی ناوی رێکخراوی لەسەر بەرزکراوەتەوە دەبوو ئێستا کوردستان یەك تاکە نەخوێندەواری تێدانەبوایە ئەگەر بەپێ ی ئەو خولە کۆمپیوتەرانەبێت کەباس دەکرێت دەبوو ئێستا لەکوردستان هەموومان خەبیری کۆمپیوتەر بووینایە ئەگەر بەپێ ی وۆرك شۆپ وکۆبونەوەی رێکخراوەکانی ئافرەتان وژنان وخانمان وخوشکان ودایکان و..بوایە دەبوو ماف ئافرەتانی کوردستان لەئاستی ماف ئافرەتانی سویسرا بوایە، ئەگەر بەگوێرەی راپۆرتی چالاکی رێکخراوەکانی مندالّ پارێزبوایە دەبوو یەك مندالّی بۆیاخ چی لەکوردستان نەمایە ئەگەر بەپێ ی کۆڕو کۆبونەوەو سمینارە رۆشنبیرییەکانی لاوان بوایە دەبوو ئێستا هەموومان ئەفلاتون وئەرەستۆ ودیکارت وئوقلیدۆس وئەرەشمیدۆس بوینایە. ئەگەر بەپێ ی چالاکی وراپۆرتە هونەرییەکان بوایە ئێستا هەموومان مۆزارت و باخ و شیللەر وبتهۆڤن بووینایە بەلاّم بەراستی ئەگەر بمانەوێت هەڵسەنگاندنێکی دروستی ئەم بوارەبکەین بەجورئەتەوە دەڵێین رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەکوردستان بەرێژەی ١٠ تا ٤٠ ٪ توانیویانە بۆ کۆمەڵگە سودمەندبن، ئەم رێژەیەش نەلەسەرمەزاجی شەخسی یەوە نەلەسەر بنەمای هەست وسۆز، بەڵکو بەپێ ی ئەزمونێکی دورودرێژ وئاماری کاروچالاکی ئەو رێکخراوانەیە. ئەگەر بەپێ ی پێوەرێکی ستانداردی کاری رێکخراوەیی بێت زیاتر لە ٪٥٠ ژمارەی ئەو رێکخراوو سەنتەرانە لەئاستی پێویست دانین ودەبێت دابخرێن یان مۆڵەتیان لێ بسەندرێتەوە، لەبەرئەوەی کە:

١ ژمارەیەکی زۆری ئەورێکخراوانە، ستافێکی بێ ئەزمون ولەئاستی خوێندەواری نزمن.

٢ بەپێ ی بەرنامەی کاری خودی ئەو رێکخراوانە، زۆربەیان ماوەی یاسایی تەواو بووە بەلاّم کۆنفراسیان نەکردووە.

٣ زۆربەی ئەو رێکخراوانە، هیچ کەسێك روویان تێ ناکات.

٤ زۆربەی ئەو رێکخراوانە ژمارەیەکی زۆرکەم ئەندامیان هەیە.

٥ ژمارەیەك لەو ڕێکخراوانە بەبەردەوامی داخراون و لە مانگێکدا دووسێ ڕۆژ دەکرێنەوە.

٦ زۆرینەی ئەو ڕێکخراوانە هیچ چالاکییەکیان نیە.

٧ زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە ڕۆژانە تەنیا دوو کاتژمێر دەوام دەکەن لەکاتی دەوامیش یەك یان دوو کەس دەوام دەکەن..

٨ زۆرینەی ڕێکخراوەکان لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوەدەبرێن کە هیچ شارەزاییەکیان لەکۆمەڵناسی وتەنانەت ئەو بوارەی کەکاری بۆدەکەن نیە.

٩ لەبەراوردی ئەو هاوکارییەی کەدەدرێت بەو ڕێکخراوانەو ئەو بەرهەمەی کەبەکۆمەڵگای دەبەخشن جیاوازییەکی بەرچاو هەیە واتە ئەو ئیمکانییەتەی کەلەلایەن حکومەت بە ئەو سەنتەرو ڕێکخراوانە دەدرێت زۆر زۆر زیاترە لەو سودەی کەبەلاوانی دەبەخشن.

١٠ زۆرینەی ئەو سەنتەرو ڕێکخراوانە هیچ کاریگەرییەکی ئیجابیان لەسەر کۆمەڵگاو ئەو توێژەی کە کاری بۆ دەکەن نیە. لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستییەش بخەینە ڕوو کەسەرەڕای بوونی سەنتەرو ڕێکخراوی بێ سودو بێ ئامانج، چەندین ڕێکخراوو سەنتەری چالاکیش هەن کەزۆر بەجددی ئیش لەسەر کێشەو گیرو گرفتەکانی ناو کۆمەڵگا دەکەن وبەبەردەوامیش سەرقاڵی ڕاپرسی و ئامارکردنی بابەتە هەستیارەکانی جێگەی بایەخی جەماوەرو دام ودەزگاکانی حکوومەتن کەبەئیمکانییەتێکی سنوردار، ژمارەیەکی باش لاوانیان لەدەوری خۆیان کۆکردووەتەوەو سودێکی باشیان لەڕووی زانست ومەعریفەو تەکنیك بە ئەندامەکانیان بەخشیوەو یەدڵسۆزی ولەخۆبوردووانە لەهەوڵی کەم کردنەوەی ئازار ومەینەتییەکانی ناو کۆمەڵگاو ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵ وکارکردن لەسەر نەهێشتنی بیرتەسکی وکۆنەپەرستی وداب ونەریت ودیاردە ڕزیوەکۆمەڵایەتییەکانن بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەزۆری ژمارەی سەنتەرو ڕێکخراوەکان هەرگیز بەمانای کۆمەڵگەی مەدەنی نیە، هەروەك چۆن زۆری ژمارەی گۆڤارو ڕۆژنامەش بەومانایە نییە کەژمارەی خوێندەوار وخوێنەر زۆربێت.

# پێویستە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەدەرەوەی دەسەڵاتدا پێکبهێنرێت

سیروان ئەبوبەکر عەزیز

بەر لەوەی بچینە سەر رۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی، پێویستە مەرج و تایبەتمەندییە پێویستەکان بۆ پێکهێنانی بزانین، ئایا بوونیادنانی ئەو کۆمەڵگا مەدەنیە، پاشان باس لە چۆنیەتی ئەو دامەزراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەین سەبارەت بەرۆڵی راستەقینەیان لەکۆمەڵگاکاندا.

مەرج و تایبەتمەندییەکانی هێنانە کایەی کۆمەڵگای مەدەنی بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەبێت، یەکەمیان مەرجەکانی دارایی و لەوانە هاتوو و فرە دامەزراوەکان، بۆیە پێویستە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی خاوەنی سەرچاوەیەکی سەربەخۆی دارایی بێت کە خودی خۆی تەمویل بکات، ئەمەش یەك لە خواستە سەرەکییەکانیەتی و بەپێچەوانەشەوە ناتوانێ چالاکییە جۆراو جۆرەکانی

رابپەڕێنێت، هەروەها رێکخستن و بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵات بەشێوەیەك کە سەربەخۆیی خۆی پێ دەستەبەر بکات، لەبەر ئەوەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتدا پێکبهێنرێت، ئەو دامەزراوانە پەنا بۆ حکوومەت یان لایەنەکانی حزبی بەرێت، یاخود لایەنی دەرەکی بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بۆ داواکردنی دەستی یارمەتی و هاوکاری کە ئەمەش دەبێتە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی دامەزراوەکان، ئەوکات خاوەنی ئەو تەمویلانە دەبنە خاوەنی بڕیارو ئەو دەزگایانەی کۆمەڵگای مەدەنیش دەبێتە دیلدەستی ئەو سەرچاوانەی داهاتەکانیان لێوەردەگرن و سیاسەتیشیان دەخرێتە هەمان سیاسەتی ئەو لایەن و دەسەڵاتەوە کە یارمەتیان دەدەن، کە ئەمەش دەبێتە رازی کردن لەجیاتی بە ئەنجام گەیاندنی سیاسەتە راستەقینەکانیان، هەروەها دەبێتە ونکردنی مانای راستەقینەی کۆمەڵگای مەدەنی. لەئاکامیشدا بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگا دەڕوخێت و دەبێتە فاکتەرێك بۆ نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتیەت، لەبەر ئەوەی دیموکراتی بەبێ کۆمەڵگای مەدەنی بوونی نییە و هەروەها کۆمەڵگای مەدەنیش بەبێ دیموکراتی بوونی نییە.

سەبارەت بە فرە دەزگایی، دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی پەیوەستە بەبوونی کۆمەڵێك لەرێکخراو و یەکێتی و دەزگاو ئەو دەستانەی کە لەبواری جۆراو جۆرو سەربەخۆ لە دەوڵەتدا، لەبەر ئەوەی ناتوانرێ یەك بیرۆکە یان یەك رێباز لەسەر تەواوی شێوەو ئاستی کۆمەڵگای مەدەنی ئەگەر هاتوو سیاسی یان مەدەنی بوو بسەپێنرێت، چونکە فرەیی راستەقینە بە تەنها مانای ئەوە نییە فرە حزبی بەڵکو شمولی فرە دەزگاکانی مەدەنی دەکات، بەبوونی جیاوازی و بەرهەڵستی لەنێوان بەرژەوەندی و ئامانجەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەتایبەتیش هەندێکیان دەیانەوێ بگەنە دەسەڵات و بەشداری لە بڕیاردان و سیاسەتەکان بکات وەك حزبە سیاسییەکان و گرووپە فشارو بەرژەوەندی ئەوانی دیکە دەیانەوێ بە تەنها بەشداریکردن لە بڕیاردان و سیاسەتەکان بکەن، جگە

لە هێنانەدی ئامانج و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، بەڵام بەمەرجێك ئەو ئامانجانە لە هەردوو حاڵەتدا لەچوارچێوەیەکی گشتی بۆ بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵگا یەك دەگرێتەوە، ئەگەر نا لەدەرەوەی تێگەیشتن و بنەماکانی دیموکراتی و کۆمەڵگای مەدەنی دێت، دواتریش نەبوونی فرەیی مانای ئەوەیە ئەو کۆمەڵگایە ناتوانێ هاوڕێی ئەو گۆڕانکاریانە بکات کە لەجیهاندا روودەدەن.

ئەم جۆراو جۆرییەو فرەییە لە دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنیی پێویستە پەیوەندی و هاریکاری و ئەو ململانێی ئاشتیانەو شەرعیە لەناو کۆمەڵگای مەدەنی لەجیاتی ئەو ململانێیە بێت کە دەبێتە هۆکاری لێکترازانی سەقامگیری بەو فرەییە لە رێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزرییە زۆر گرنگە بۆ سەقامگیری کۆمەڵگا و پێشخستنی، لەبەر ئەوەی هاووڵاتی (تاك) بەرامبەر بە وڵات تواناکانی سنووردارە، کە بازووی خۆی و چالاکییەکانی بۆ چوونە ریزی دەزگاو دەستەکان دەبێ، تا رۆڵی میانگیر لەنێوان خۆی و لە نێوان وڵاتدا بگێرێ کە رێخۆشکەرە بۆ دەرخستنی کۆمەڵگای مەدەنی و بەهێزکردنی و رۆڵەکە بەشێوەی کاریگەر ببینێ، بەپێچەوانەوەش ئینتمابوونی تاك بۆ دەزگا تەقلیدییەکانی وەك هۆزو عەشیرەت و بنەماڵەی گەورە کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ تێگەیشتنی وڵات و کۆمەڵگای مەدەنی یەك ناگرێتەوە.

ئەگەر هاتوو فرەیی بنەمایەك بێت بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی تا دەزگای جۆراو جۆر هەبێ کە هەریەکە و بیروڕاو ئامانجی خۆی دەربڕێت، ئەوا فرەیی لەناو یەك دەزگادا ئەویش زۆر پێویست و گرنگە.

پێشتر ئاماژەمان بەمەرجەکانی دارایی بۆ کۆمەڵگای مەدەنی کرد، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە مەرجەکانی لۆژستی ئەوە لە هی یەکەمیان گرنگتر و بەدیهێنانی زەحمەتترە لەبەر ئەوەی بە چەند گرووپێکی پرەنسیپی و بەهاکانی پەیوەستە کە حوکم بەدامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە دەکات، کە هێنانەدی ئامانجەکانی دەستەبەر دەکات، سەختی هێنانەدی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەبدەئو بەها

پەیوەسـت نییـە بەلایـەنی داراییـەوە، بەواتایـەكی دیكـە لـە رەوشـت و چـالاكیی زانستییەوە بە دەردەكەوێت، بۆیە ئەمەی دوایی زۆر گرنگەو ئەگەر ئەو مەرجانەی تیا بەدی نەكرا، ئەوا كۆمەڵگای مەدەنی بوونی نییە وەك ئەوە وایە كە لەشـێكی بـێ گیـان بێت، ئەو مەرجانەش زۆرن لەوانە سەربەخۆیی، هیچ دەسەڵاتێكی مەدەنی گەشە ناكـات و بەردەوام نابێت ئەگـەر پارێزگـاری بـە بەشـێكی شـیاو نـەكات لەسـەربەخۆیی، كـە لەمیانیدا پەیوەندی باش لەگەڵ ئەوانە دەستەبەر دەكـات كـە دەیانـەوێ لەگـەڵی بـن، بەمەرجێك ئەو پەیوەندیانە ساغ و جێگای رەزامەندی بن هەروەها سەربەخۆییێتی مانـای ئەوەیە كـە سـنووری روونـەو رێگـا بەدەوڵـەت دەدات دەسـت بخاتـە نـاو كاروبـاری ئـەو دامەزراوانە كە دەسـەڵات رێـزی لێبگـرێ و ئیلتیزامـی پێـوە بكـات و سەرپێـچی لەسـەر نەكات تەنها ئەگەر بیانووی گونجاو و شیاوی هەبوو ئەویش بۆ كـاتێكی دیـاریكراو، واتـە دوای تەواوبوون لە ئامانجی دەستێوەردانەكە ئەویش بـە لەبـەر چـاوگرتنی بەرژەوەنـدی باڵای هەردووك دەوڵەت و كۆمەڵگای مەدەنی كە بەشێوەیەك تەواوی ماف و ئـەوەی بـە شەرعی لەسەریانە دابینی بكات، ئەگەر نا ئەو سەربەخۆییە لەدەسـت دەدات و هـیچ بـۆ ئەو دامەزراوانە نامێنێتـەوە جگـە لـە هەڵبـژاردنی یـان وازهێنـان لـە سروشـتەكەی، یـان مانـەوەی بـە هـەر نرخێـك بێـت، بـەڵام مـەرجی دووەم پەیوەسـتە بـە ئازادییـەوە زۆر پێویستە تاكەكانی ئەو دامەزراوانە سەربەسـتانە بیروڕایـان دەربـبڕن، بـەو پێیـەی مـاف ئەوانەیـە كـە بـە ئـارەزووی خۆیـان بـچنە نێـو ئـەو دامەزراوانـە بـێ ئـەوەی دەوڵـەت بەربەستیان بۆ دروست بكـات، ئـەوە ئەگـەر بـۆ هێنانـەدی ئامـانجێكی دیـاریكراو یـان چالاكییەك یان مەبەستێكی دیكە كە بەلایانەوە گرنگ بێت، بەڵام ئەو ئازادییە رەها نییە چونكە سەرپێچی دەكاتە سەر دەوڵەت، لێرەدا مەرجێك سەرهەڵدەدات ئەویش رێزگرتن لەبوونی دەوڵەت، هەر كاتێك كۆمەڵگای مەدەنی بەراستەقینەیی هەبوو ئەو كاتـە دەبـێ دەوڵەتێكی بـەهێز هـەبێت، بـەو مانایـە دێـت واتـە هـەبوونی توانـا بـۆ وەڵامدانـەوەی پێداویـستی و مەینەتییـەكانی حكوومـدراوەكان لەسـەرووی هەموویانـەوە دەزگاكـانی

کۆمەڵگای مەدەنی"هەروەها هێزی دەوڵەت دەتوانێ یاسا بەسەریاندا بسەپێنێ لەوانە پاراستنی ماف و سەربەستییەکان کە لەدەستووردا هەبێ بەبێ ئەو رۆڵەی دەوڵەت کۆمەڵگای مەدەنی بەرەو داڕووخانی تەواو دەچێت لەوەش ترسناکتر ئەمن و ئاسایشی ئەو کۆمەڵگایە دەکەوێتە مەترسییەوە ئەویش بەهۆی نەبوونی دیموکراسی و دواتریش بەنەبوونی دەسەلآت تەنگژە دێتە ئاراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە کۆمەڵگای مەدەنی بوونی نابێت ئەگەر بوونێکی راستەقینەی دەوڵەت نەبێ" واتە هێزی کۆمەڵگای مەدەنی لەهێزی دەوڵەتدایە.

بۆ بەردەوامیی هاوسەنگی پەیوەندی لەنێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت، لەسەر دەوڵەت پێویستە ئەداتێك بێت بۆ رێکخستنی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پەیوەندی نێوانیان تەنها پەیوەندی نەرێنیی و بوون نەبێت، بەڵکە ئەو پەیوەندییە دەگۆڕێ کە هەر لایەك لەلایەن خۆیەوە بۆ ئەوە دەچێت کە ئەوی دیکە هەیەتی، بەشێوەیەك خەیاڵێك لەنێوان دەوڵەتی دیموکراسی ئەوە رەتبکاتەوە و پێویستی بەکۆمەڵگای مەدەنی هەبێ لە بەرژەوەندی خۆی نوێنەرایەتی دەکات، هەروەها لەنێوان کۆمەڵگای مەدەنی کە ئەوە رەتبکاتەوە و پێویستی بەدەوڵەت هەبێ لەبەر ئەوەی خۆی توانای بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی هەبێ.

کۆمەڵگای مەدەنیی ماناکەی ئەوە نییە نەخێر بۆ دەوڵەت بەڵکو مەرجی ئەوەیە دەوڵەت هەبی هەروەك چۆن مەرجی دەوڵەت بە هەبوونی کۆمەڵگای مەدەنییەوە بێ، کۆمەڵگای مەدەنی لەلاوازی دەوڵەت نایەتەدی، دەوڵەتیش لەسەر حسابی لاوازی کۆمەڵگای مەدەنییەوە نابێ.

گۆڕان و ململانێی شەرعی بە مەرجێکی دیکەیە بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەو کاتەی ئەمەی دوایی بیەوێت گۆڕان رووبدات، دەبێ بەهۆیەکان و کەناڵە سلمییەکان پابەند بێت بۆ ئەنجامدانی چالاکی، رێك بە ڕادەربڕین کە هاوشێوە بێت لەگەڵ یاساکان و ئەو سیستەمەی لەوڵاتدا هەیە، بەم شێوەیە تا بە داواکاری و گفتوگۆ و بە بەشداری

کاریگەرانە لە کرداری گۆڕین تا کۆتایی، بێ ئەوەی پەنا بۆ کاری تێکدەرانەو توندو تیژی بەریت لەبەر ئەوەی کاری دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەرهەڵستی و ئاراستەکردنی رەخنە لە سیاسەت و بڕیارەکانی دەوڵەت بەتایبەتیش حکوومەت کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، ئەو دامەزراوانەش مافی ئەوەیان هەیە داوای چاکسازی لە حکوومەت بکەن و هەڵەکان راست بکەنەوە و گۆڕان یاخود دەستکاری ئەو بەرنامەیەی بکات ئەو هەنگاوانەی بە ئاراستەی دژی ماف و ئازادییەکانی تاك بێت، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانە روویدا یان یەك لەگرووپەکان پەنای بۆ هێز برد بۆ لادانی رژێم یان شۆرش هەڵگیرساندن، ئەو کاتە لەمەدەنییەتەکەی دەردەچێت و ئەندامێتی لەدەست دەدات بۆ کۆمەڵگای مەدەنی، بەتایبەتیش ئەگەر دەسەڵات بەرێگاکانی میکانیزمەکانی دیموکراسی دەسەڵاتی وەرگرتبێت.

لەو کاتەشدا ئەو گۆڕانە ئامانجێکی ڕەواو قبووڵکراو ئەگەر ئەو دامەزراوانە پەنایان بۆ توندو تیژی و هێزی دارایی نەبرد، لە هەمان کاتیش ئەو دامەزراوانە مافی خۆیانە پەنا بۆ هێزی دارایی ببەن ئەویش لەیەك حاڵەتدا ئەگەر هاتوو رژێم بەشێوەیەکی نادیموکراتیانە دەستی بەسەر گرتبێت بۆ گۆڕانی لەو حاڵەتەدا ئەگەر ئەو رژێمە ستەمکار بێت و بەدەنگ خواستەکانی میللەتەوە نەچووبێت، بەڵام پاش گۆڕینی رژێمەکە پێویستە دامەزراوە یاخود کۆمەڵەکان کە ئەم گۆڕانکارییەیان بەدی هێنا، ناکرێ راستەوخۆ دەسەڵات وەربگرن بەڵکو راستەوخۆ کاربکەن بۆ بەردەستەکردنی دیموکراتیەتێکی راستەقینە و پەنابردن بۆ سەندووقەکانی دەنگدان، بۆ ئەوەی میللەت بۆی بڕەخسێ کە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن بەشێوەیەکی سەربەستانە، ئەگەر وانەکرێ گۆڕاندنی دیکتاتۆریەت هیچ مانایەکی نابێت، ئەم گۆڕانکارییەش لە خراپی و کاولکاری هیچی دیکەی لێ نایەتەدی لەو کاتەدا تاکەکانی کۆمەڵ، ئینتیمابوون و هاووڵاتی بوونیان لەدەست دەدەن کە مەرجی بنەڕەتییە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی.

هاووڵاتی بوونی راستەقینە بریتییە لە کۆمەڵێك ماف و ئەرك کە دەکەوێتە ئەستۆی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ و هەروەها دەوڵەتیش بە شێوەیەك کەدەوڵەت وا لە تاکەکان بکات کە هەست بەیەکسانی بکەن بەشێوەیەك کە لێی رازی بن لە نێو هەموواندا.

سەرباری هەبوونی بیروڕای جیاواز و چینی جیاواز لە نێوانیاندا ئەم هەستکردنەش سەرچاوەی سەرەکی پشتگیری و ئینتیمای هاووڵاتیانە بۆ دەوڵەت بەشێوەیەك کە هانیان دەدات بۆ بایەخدان بەکاروباری گشتی و ئاراستەکردنی رەخنەی بونیادنەر بۆ سیاسەتەکانی حکوومەت و بۆ کاریگەری خستنەسەری بۆ راستکردنەوەکانی هەڵەکان و هەروەها بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی خۆشبەختانە لەنێوان هاووڵاتیان و حکوومەتدا، بەرەزامەندی و هۆشیاری خودی هاووڵاتیان.

ئەمانە هەمووی دەبێتە هۆی بنەمایەك و سیمایەکی سەرەتاییانە بۆ دروست کردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەگەر ئینتیمابوون بۆ نیشتمان نەمێنێ، وا مەزەندە دەکرێت کە دوژمنان زۆرن، زۆرجاریش دەبنە رێگر لەپێش وەرگرتنی هەندێ پێگەی کۆمەلایەتی و هەروەها پلەو پۆست لە بەرامبەردا هەندێ کەسیش بە سانایی ئەمانە وەردەگرن، سەرباری ئەوەی شایستە نین، چونکە هەندێکیان ئامادەنین بۆ وەرگرتنی ئەم پۆستانە و بەهۆی خزمایەتی و یاخود هۆکاری دیکەی ناشەرعی وەریدەگرن، زۆر جار ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسانە موڵکی گشتی بەگشتی نەزانن، هەروەها بەسووك سەیرکردنیان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر جاران ئەو دەستکەوتانەی لەلایەن حکوومەتەوە بەدی دێن ببنە مایەی گلەیی و رەخنە لێگرتن، هەروەها هەوڵیش دەدرێ کە پابەندی یاساو رێنماییەکان نەبن کە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە دەردەچێت، بەتایبەتیش ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان هاوکوف نەبێت، ئەم حاڵەتەی باسیش کرا زۆرتر لە وڵاتە خاوەن دەسەڵاتە گشتگیرییەکان دێت، هەروەها لەوڵاتە بەناو دیموکراتیەکان بەدی دەکرێت، بەتایبەتیش لەوڵاتانی تازە کەهەنگاویان

بەرەو  دیموکراتی ناوە.

مەرجداربوونی هاووڵاتی  بوون یەکێکە لـەگرنگترین توخمـەکانی  گەیـشتن بـە ئامـانج و لەیەکتر نزیکبوونەوەی هاووڵاتیان لەگەڵ دەوڵەت، چـونکە هاووڵاتیـان واهەسـت دەکـەن کە ناسنامەیەکی هاوبەشیان هەیە و لە تواناشیاندا هەیە کە داکۆکی لێ بکەن لەبەرامبەر بەجێگەیانـدنی ئـەرك و پابەنـدبوونیان لـە بەرامبـەر دەوڵەتـدا، هـاووڵاتی بـوون کلیلـی یەکگیریی هەموو کۆمەڵگایە.

# تایبەتمەندی و وەزیفەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

ناهید عزەدین

دوو جۆرە مەرج بۆ بەرپابوونی کۆمەڵگەی مەدەنی راستەقینە هەیە، ئەوانیش مادی و مەعنەوین

**١-مەرج و تایبەتمەندیە مادییەکان لەوانە:**

**دامودەزگا جۆراوجۆرەکان:**

بەرپابوونی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستی بە بوونی کۆمەڵێك رێکخراو و دامودەزگا و دەستە هەیە، کە لە بوارە جۆراوجۆرەکان و سەربەخۆ لە حکومەتی وڵات کار بکەن وەکو پارتە سیاسیەکان، کە هەوڵ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و بەشداریکردن لە دروستکردنی سیاسەتەکان دەدەن، لەگەڵ سەندیکاکان کە بەرگری لە بەرژەوەندیە ئابوورییەکانی ئەندامەکانیان دەکەن و هەوڵدەدەن ئاستی پیشەکە بەرز بکەنەوە،

بێجگە لە یەکێتی نووسەران و کۆمەڵە زانستی و کولتورییەکان کە هەوڵدەدەن بە بیرۆکە و راوبۆچـوونی دیـاری کـراو هۆشـیاریی بڵاوبکەنـەوە، و کۆمەڵـە خێرخوازییـەکان کـە بەشـداری لـە گەشـەکردنی کۆمەڵایـەتی دەکـەن، هـەروەها رێکخراوەکـان کـە بایـەخ بـە بەرگری کردن لە کێشەی دیاری کراوی وەکو دیموکراسـی و مافـەکانی مـرۆڤ و مافـەکانی ئافرەت دەدەن، و یانەکانی وەرزشی و رۆشنبیری.. ئی تریش.

ئەو سەرچاوە مادیە لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی مـەدەنی رەنگدانـەوەی بـەش بـەش بوونـە جیـاواز و هەمـە جۆرەکـانی نێـو کۆمەڵگەیـە، هـەروەها هـەوڵ دەدات بـۆ پەیوەنـدی هاریکـاری و تـەواوبوون و رکابـەری ئاشـتیانە بیگۆرێـت، لـەجیاتی ململانـێ و بەگژیەکداچوون کە دەبێتە هۆی دابەش بوونی کۆمەڵگە و لەدەسـتدانی یەکرێزییەکـەی، بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنی یەك بارستە یان هاوتایی نیە کە هیچ ناکۆکی بەش بەش بـوونی تێـدا نـەبێت، بـەڵکو لـە چـەندین کۆمـەڵ پێکـدێت کـەخاوەن خەسـڵەتی فرەیـی و هەمەجۆرین، بەڵام ئامانجیان بەدیهێنانی هاوتایی و رازیبوونی نێوانیانە.

**داهاتەکان**

هـەروەها ئـەو داهاتانـەی دامودەزگـا و کۆمەڵـەکانی پێکهێنـەری کۆمەڵگـەی مـەدەنی هەیانـە، ئینجـا چ داهـاتی مەعنـەوی یـان مـادی بـن، لـە گـرنگترین داواکارییـەکانی هەڵـسانیەتی بـە رۆڵـی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و بـەرێوەبردنی پەیوەندییـەکانی بـە دەوڵەتەوە، بەمەش گرەنتی سەربەخۆیی لە رووبەڕوو بوونـەوەی پێدەبەخـشێت، وەلـێ ئەگەر داهاتەکان کەم بوون کۆمەڵگەی مەدەنی ناچار دەبێت هانا بۆ حکوومـەت ببـات و داوای کۆمـەك و یارمـەتی لێبکـات، کـە دەسـت تێـوەردانی حکوومـەت لـە کاروبـاری رێکخراوەکـانی بـەدوا دادێـت، لەبـەر ئـەوەی حکوومـەت یارمـەتیان دەدات، هـەروەها دەرگاکانی گەندەڵی دەکاتەوە و وەکو مۆرانەی لێدێت کە ئێسکی کۆمەڵگـە دەتـەنێت و دەبێتە هۆی رووخانی.

### ب-مەرج و تایبە تمەندییە مەعنەوی و ئەخلاقییەکان:

سەربەخۆیی، ئازادی، رازیبوونی گشتی، رێزگرتن لەسیستەم و یاسا، گۆڕانکاری و رکابەری کردن بەشێوازی ئاشتیانە، هەستکردن بە ئینتیما و هاوولاتیبوون، لێبوردن، دیموکراسیەت لە نێو کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەم مەرجانە بە گرنگترین مەرجی مادی دادەنرێن، بەلام بەدەستهێنانیان کەمێ ئەستەمە، گرنگتر لەبوونی دامودەزگاکان بوونی ئەو پرەنسیپ و بەهایانەیە کە بەرێوەیان دەبەن، بەمەرجێك ئامانجی بوونیان بپێکن، ئەگەر واگومان ببەین باڵەخانەیەکی جوانمان دروست کرد، بەلام دانیشتوانی پابەندی پرەنسیپەکانی دراوسێیەتی و هاریکاری نەبوون لەوانەیە باڵەخانەکە بەسەر سەریاندا بڕوخێت، بۆیە بەوردی ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانە باس دەکەین، کە دەبێت یەکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیانبێت.

**سەربەخۆیی:**

مەبەستمان ئەوەیە سنوری روون بۆ دەست تێوەردانی دەسەلات لە کۆمەڵگەدا هەبێت، کە دەوڵەت رێزیان لێبگرێت و پابەندیان بێت، بەجۆرێك بواری جوولەکردنی ئازادی فەراهەم کراو بۆ کۆمەڵە جیاوازەکان دەبێت و حکوومەت تەنها بە یاسا و بەرەزامەندی هاوولاتیان دەستیان تێوەر دەدات.

**ئازادی:**

کۆمەڵگەی مەدەنی بوونی نابێت، ئەگەر تاکەکانی هەست بە ئازادی دەست نیشانکردن و گوزارشتکردن لە ویستی خۆیان نەکەن، لەو کاتەی دەوڵەت رەگەزنامە و یاساکانی بەسەر هەموو ئەو کەسانە دەسەپێنێت کە لەسەر خاکەکەی لەدایك دەبن، بەبێ ئەوەی راوێژکاری یان پرسیاریان پێبکات، بۆیە تاك دەبێت و دەبینێت بە حوکمی میراتی خاوەن رەگەزنامەیەکی دیاری کراوە، هەر بۆیە ئەو تاکە دەبینین هەوڵدەدات بە هەڵبژاردن و ویستی ئازادی خۆی بچێتە ریزی رێکخراو و کۆمەڵەکان، بۆ ئەوەی ئامانجێکی دیاری کراوی وەکو بەرگری کردن لە بەرژەوەندی یان کێشەیەکی دیاری کراو

بکات کە بەلایەوە گرنگە.

**رازی بوونی گشتی:**

بەگوێرەی پابەندبوون بە بنەماکانی دەستوور و یاسا و گرەنتییەکانی پاراستنی مافەکانی تاك لە گوزارشت کردن و دەنگدان و بەشداریکردن لە کەشوهەوای کراوە بۆ ئالوگۆڕکردنی راو بۆچوونەکانەوە یەکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەمەزرێن، ئەو مەرجە یاساییانە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەکان بە رەزامەندی و رێککەوتنی نێوان ئاراستە هەمە جۆرەکانی نێو کۆمەڵگە دانراون، ئەوانەش بەڵگەن لەسەربوونی ئازادی و دیموکراسی، وەلێ ئەگەر دەسەلات یان لایەنێکی دیاری کراو بەسەر ئەوانی تریدا سەپاند، مانای نەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی راستەقینەیە، ئەوەی مایەی سەرنجە ئەو مەرجە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵە و کیانە کۆمەلایەتییەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، بۆ نموونە دامودەزگا تەقلیدییەکانی وەکو خێزان و هۆز و تیرە کۆمەڵەی رێکخراو نین بەهۆی ویستی مرۆڤەوە، بەڵکو لەئاکامی گەشەسەندنی سروشتی و ئاسایی پەیدابوونە و مرۆڤ هیچ دەستێکی لەدروست بوونیاندا نیە، بەلام ئەگەر ئەم کۆمەلانە خەسڵەتی رێکخراو وەربگرن و ئنتیمابوونی تاك بۆیان لەسەر هەڵبژاردنی ئازاد نەوەکو ناچارکردن وەستا، و رازی بوو بچێتە نێو رکابەری ئاشتیانە لەگەڵ کۆمەڵەکانی تر بۆ بەدەستهێنانی لایەنگری زیاتر لەمیانی بەشداری کردن لە گفتوگۆی کراوە لەگەڵ کۆمەڵەکانی تر و بۆ ئالوگۆڕکردنی راوبۆچوون و هزری جیاواز بێ هەوڵی سەپاندنی راوبۆچوونەکانی خۆی، ئەوا دەبێتە بەشێك لە کۆمەڵگەی مەدەنی، کەواتا ئەو شێوازەی کۆمەڵەکەی لەسەر دروست دەبێت گرنگ نیە، بەڵکو ئەو رەفتار و پرەنسیپانەی لەسەری گوزەر دەکەن گرنگە، لەسەرووی ئەو پرەنسیپانەش وەلانانی دەمارگیری و توندڕەوی و قبوڵکردنی ماف هەمووانە لەبیروبۆچوون لەوەی باوەڕیان پێی هەیە.

**رێزگرتن لەسیستەم و یاسا:**

بەرپابوونی کۆمەڵگەی مەدەنی راستەقینە پێویستی بە بوونی دەوڵەتێکی بەتوانا لەسەر

سەپاندنی بنەما یاسایی و پاراستنی مافەکان هەیە، کە دەستور سەبارەت بە تاك و کۆمەڵەکان بڕیاری لەسەر داون، بەبێ ئەم ڕۆڵەی دەوڵەت کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتە کەیانێکی بۆش و بەتاڵ لە هەر مانایەکی ڕاستەقینە، بەڵکو ترسناکتر لەمە لەوانەیە ببێتە دوژمنێك و هەڕەشە لە ئازادییەکانی تاك بکات، کە هیچی لەهەڕەشەکانی حکوومەتێکی زۆرداری دوور لە دیموکراسی کەمتر نیە. وەکو بینیمان هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی دەستبەرداری بوونی دەوڵەتێکی بەهێز نابێت کە دەسەڵاتێکی دیموکراسی حوکمی دەکات، هێزیش وەکو خەسڵەتی دەوڵەت مانای زۆرداری نیە، بەڵکو مانای توانایە لەسەر بەدەنگەوە هاتنی پێداویستی و داواکارییەکانی هاووڵاتیان، هەروەها هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی مانای دەرچوونی لەسیستەم یان یاسای بەرپابوو نیە، بەڵکو هێزەکەی پەیوەستە بە پابەندبوون و ڕێزگرتنی لەبنەماکانی یاری سیاسی باودا. ئەم پابەندییە پرسیار دەربارەی هەڵوێستی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گۆڕانکاری دەوروژێنێ، و ئایا بریتیە لە ئامرازی پاراستنی سیستەم؟ و ئایا ئەوە مانای چەق بەستوویی و نەگۆڕانە؟ یان کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو شێوازێکی گۆڕانکاری دەست دەدات؟ لەراستیدا شتێکی ڕەوایە کۆمەڵگەی مەدەنی دوای گۆڕانکاری ڕەوشەکانی ئێستا بێت، کە ئاماژە بە خەسڵەتێکی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات.

**گۆڕانکاری ورکابەری بەشێوازی ئاشتیانە**

کاتێك کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵی گۆڕانکاری دەدات، دەبێت لەمومارەسەکردنی چالاکییەکانیدا بەردەوام پابەندی شێواز و کەناڵەکانی ئاشتی بێت، سەرەتا لە گوزارشت کردن لە ڕاوبۆچوون و ڕەت بوون بەداواکردنی گۆڕانکاری تادەگاتە بەشداریکردنی کردەوەیی لە پرۆسەی گۆڕانکاریدا. خاڵی سەرەتاش بریتیە لە قبوڵکردنی یەکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بنەما یاسایی و سیستەمی باو و پرەنسیپی کارکردن لە چوارچێوەی و هەوڵی گۆڕانی بەئاشتیانە و بێ دەرچوون لێی، یان بەکارهێنانی توندوتیژ لەدژی. وەلێ ئەگەر پێچەوانەکەی روویدا، واتا یەکێ لەکۆمەڵەکان هەوڵی

سەراوژێرکردنی سیستەم یان شۆڕشکردن لە دژیدا، ئەوا لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەری دەکات. راستە بەرهەڵستی کردنی حکوومەت و ئاراستەکردنی رەخنە لە سیاسەت و بڕیارەکانی لەسەرچاوەکانی وەزیفەی لێپرسینەوەی کۆمەڵگەی مەدەنیە بۆ دەوڵەت، کەچی ئەوە ناکرێ بگاتە رادەی رێگەدان بەو کۆمەڵانە لە دەسەت لای بدەن یان بیکەوێنن یان بە حکوومەتێکی دیکەی بگۆڕن. کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێت هەوڵ بۆ چاکسازی و راستکردنەوەی هەڵەکانی حکوومەت بکات و لە میانی ئاگادارکردنەوە لە کەمتەرخەمییەکانی و راگرتنی مومارەسەتەکان، ئەوەی دەست درێژی لەسەر مافەکانی تاك دەکات داوای هەموارکردنی سیاسەتەکانی لێبکات، ئەویش بەئاشکراکردنی هەڵەکان و لێپرسینەوەی حکوومەت لەسەریان، نەوەکو بە شۆڕش یان کودەتا کردن بۆ رووخانی سیستەمی بەردەوام و وێران کردنی بەشێوەیەکی بنەڕەتی، وەلێ ئاراستەیەکی تر لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، کە پێیوایە گۆڕانکاری بنەڕەتی لەیاسا و سیستەمی بەرپابوو لەوانەیە تا رادەیەك ئامانجێکی رەوا و قبوڵ کراو بێت

**و:رەمزی میرەکانی**

# تاکەی ڕێکخراوەکانی
# کۆمەڵگەی مەدەنی ئێمە بەم فۆرمە کار دەکات؟!

**کامەران تاهیر**

ئاخۆ ئەم جۆرە ڕێکخراو بوونەی، کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێمە لە ئارادایە بەدۆخێکی سروشتی و ئاسایی دادەنرێت؟ کە ڕەنگە لە تەواوی وڵاتان و کۆمەڵگاکانی دونیادا کارو چالاکی ڕێکخراوبوونی چین و توێژە جیاجیاکان و ئەم ڕێکخراوو دەزگایانەی داکۆکی لە چەمکێکی نێو کۆمەڵگا و لەکایەیەکی هەستیاریدا، قسەی خۆی هەیە، کە بەم فۆرمانەی لەلای ئێمە لە کایەدایە و کار دەکات لە کۆمەڵگەکانی دیکەدا لە گۆڕێدا نیە. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەوە دەبێژین زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخراوەکانی ئێمە، سەندیکاکانی ئێمە، کۆمەڵەکانی ئێمە، واتا ئەو ڕێکخراوو دەزگایانەی پێیان دەڵێن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یاخود شارستانی لە قەیراندانەو تەنانەت ئایندەی ئەم

ئاراستەیە بەم ئاستەی ئەمڕۆ دووچاری بێ ئومێدی دەکات، چونکە ئەوەندەی بەشتی لابەلاو لاوەکییەوە سەرقاڵن، نیو هێندە کێشەو ماف و داخوازییەکانی ئەو توێژانە بەرجەستە ناکەن یاخود ئامانجەکانی ئەو رێکخراوانە بەرجەستە ناکەن کە لە پێناویدا هاتوونەتە دی، بۆیە لە سایەی ئەو رەوشەی کە بزاڤی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵانیی رابردوودا دووچاری بووە، کە لەوانەیە زۆر جار ئەو خواست و مافانەی رێکخراوێکی دیاریکراو دەبێ قسەیان لە بارەوە بکات و داکۆکیکار بێت لەو بوارەدا، کەچی سەرگەرمی قسەکردنە لەبارەی پرسێکی دیکەوە و پرسە بنەڕەتییەکەی خۆی فەرامۆش دەکات، کە ئەو جۆرە کارکردنەش نە لە راژەی بەرەو پێشڤەبردنی بزاوت و چالاکیەکانی ئەم رێکخراوانەیەوە نە ئەو جۆرە قسەکردنانەش سوودو قازانجێك دەگەینێت، کە ئەم رێکخراوانەی لە پێناودا دروستبووە. لە کۆی ئەم هەموو قسەکردنانەی سەرەوە ئێمە دەکارین بێژین، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا دەبێ لە سیاقی مێژوویی و ژیاری و شارستانی و رۆشبیرییەوە لە دایك بووبێت، بەواتایەکی دیکە دەبێژین کۆمەڵگای مەدەنی وئەو رێکخراوانەی لەو چوار چێوەیەدا دەخولێنەوە کارکردێکی مێژووی و کەلتووری و فەرهەنگییە و پێویستە لە هەناوی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرت بێت نەك لە ئاکامی بڕیارێکی فەوقی، هەر لەسەر ئەم پێودانگە ئێمە دەکارین بێژین، لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەنیا هەیکەلی کۆمەڵگەی مەدەنیمان هەیە، ئەم هەیکەلەش لە جیاتی ئەوەی ببێتە هۆکارێکی یارمەتیدەرو پاڵپشتیکار بۆحکوومەت و دەسەڵات، لێ بەپێچەوانەوە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی گرانی و قورساییەکی زۆری لەسەر حکومەتی کوردستان چێکردووە، کە زۆربەی ئەو بودجەی بۆ ئەو رێکخراوانە تەرخان کراون دەچنە گیرفانی چەند کەسێکەوە، نەك بۆ ئەوە بێت بەشێك یاخود چەمکێك لە ئەرك و ئەو بۆشاییانەی، کە حکومەت نا پەرژێتە سەری ئەو پڕیان بکاتەوە، لە لایەکی دیکە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سەرچاوەی داراییان، لە تەواوی دونیادا بودجەی خۆیان دەبێ لە رێگەی

ئەندامەکانیانــەوە دەســتەبەر بکــەن، کــە کــارکردن بــەم ئاراســتەیە و بــەم ئاســتە ئــەو ڕێکخراوانــە دەکــارن ئــەو بۆشــاییانەی نێــوان خــەڵك و دەســەڵات پڕبکەنــەوە و ببنــە پاڵپشتیکاری راستەقینەی دەسەڵات.

خاڵێکی دیکەی گرنگ هەیە، کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیش ئەوەیە، تــاکوو کۆمــەڵگای ئێمــە پێناگــاتە بــەرەو بــە پیــشەسازی کردنــی کۆمەڵگــە هەڵنــەهێنێت، ئەستەمە بکارین کۆمەڵگایەکی شارستانی بونیاد بنێت، کەواتە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مــەدەنی بەرهــەمی کۆمەڵگایــەکی شارســتانییە، زۆربــەی هــەرە زۆری ڕێکخراوەکــانی کۆمەڵگای مەدەنی لای ئێمەدا پێداویستیەکانی قۆناغ و سەردەمەکە بەرهەمی نەهێناوە، بەڵکو زیاتر مۆرك و خەسڵەتێکی لاسایکردنەوەی بەخۆوە گرتوە، بەمەش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی لە ناوەڕۆك و ناوەخنی خۆی ڤالا دەبێت و هەر وەکو ئاماژەمان بۆ کرد دەبێتە هەیکــەل و بــەس. هەروەســا گــەر قــسە لەســەر هەڵــسوڕێنەرانی ژمارەیــەکی زۆری ئــەو ڕێکخراونــە بکــەین لــەو ئاســتەدانین، گــەر ڕێکخــراوی لــەو بابەتــەی رادەســت بکرێــت، چــونکە خــودان هــیچ پاشــخانێکی مــەعریفی و رۆشــنبیری و تەنانــەت هــەڵگری بڕوانامەی ناوەندیش نییە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا چەڵەپۆپەی بەدبــەختی ئێمــەی کــورد بەرجەســتە دەکــات، کــە مخابنــە کەســانێك قــسە لەســەر ڕێکخراوەکــانی کۆمــەڵگای شارستانی دەکەن، کەسانێکیش لەو شوێنانەدا دادەنێت کە بە هیچ کلۆجێك شیاوی ئــەو شــوێنانە نییــە ! ! بۆیــە ئەگــەر دەخــوازین هــەنگاوی راســتەقینە بــەرەو کۆمەڵگەیــەکی شارستانی هەڵبێنین، پێویستە ئەو بودجە قەبەیەی بۆئەم ڕێکخراوانە خــەرج دەکرێــت، بە گــوێرەی بەرنامــەو میتــۆدێکی ڕێکوپێــك و دیــاریکراو بێــت و ژمارەیــەکی زۆریــش لــەو ڕێکخراوانە چاویان پێدا بخشێنرێتەوە بەجۆرێك کە ئەو بودجەیە لە پرۆژەی پەرەپێــدان و ئاوەدانکردنەوە و بونیاتنان و بە پیشەسازیکردنی کۆمەڵگە خەرج بکرێن، نــەك بــدرێت بەڕێکخراوگــەلێکی بــەناو کۆمــەڵگای شارســتانی و مــەدەنی، کــەزیاتر لــە بــارگرانی و مشەخۆری هیچ شتێکی دیکە بەرهەم ناهێنێت، هەر چــەند هەوڵــەکانی ڕێــزدار نێــچیرڤان

بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەو بیاڤەدا دیارو بوێرانەیە، هەمیشە لەگەڵ پرۆژەنوێیەکان و، چەمکەکانی سەردەم بووەو بێوچان پاڵپشتی تەواوی خۆی نیشان داوەو دەدات، بۆسەرخستنی هەرپرۆسەیەك، کەلەراژەی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا بێت.

لێرەوە جارێکی دیکە دەبێژین دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ لەم کەش و هەوا ئازادو ئەو رەوتە دیموکراتیەی، لەکوردستاندا لەئارادایە، کاتی ئەوە هاتووە، کەهەوڵ بدرێت وپێداچوونەوەیەکی خێرا بەم رەوشەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت، بۆ ئەوەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەم لەم قەیرانەی تیایدایە دەربازبێت، هەمیش بەمیکانیزمەو ئاراستەیەکی دیکەی کارکردن بێتە پێشەوە، لەپێناو فەراهەمکردنی کارو چالاکیەکان و یەکخستنی وزەو تواناکان وگەیشتن بەکۆمەڵگەیەکی مەدەنی.

بۆ زیاتر قوڵکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی قسەمان لەبارەوەکرد پێموایە، کاتی ئەوە هاتووە دامو دەزگە مەدەنیەکان بەئاراستەیەکی دیکە کاربکەن، کەبەتەواوی جیاوازبێت لەسالانی رابردوو،واتە بەئاراستەیەك، کەرۆڵی راستەقینەو ئازادانەی خۆیان چاکتر بگێرن لەپێناو راژەکردنی ئەو چین و توێژەی، کەئەو رێکخراوەی دامەزراندووەو ئەو هۆکارانەی لەپشت دروستبوونی هەردەزگایەکی مەدەنی بوون، تاکو بکارێت بەشێواز و فۆرمێکی دیکەو شێوەیەکی کارو کاریگەرانە رۆڵی راستەقینەی خۆی بەرجەستە بکات، کەئەو رێکخراوانە لەپێناو سەرچاوەیەکی دارایی وبودجەیەکی دیارکراو نەهاتۆتە بوون، بەڵکو لەپێناو کۆمەڵێك ئامانج ودروشم سەرلێهەڵداوەکە دەبێت بۆ ئەو دروشم وئامانجانە هەوڵبدات بیگۆرێت بۆ کەتوار، نەك لەچوارچێوەی دروشمو دروشمکاری بمێننەوە، چونکە سەردەمی دروشمو لافیتە بەسەرچوو، ئەمرۆ کاتی ئیشکردنو بەکردەنی بەرجەستە کردنی دروشمەکانە لەژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەدا وکردنێتی بەکەتوار، چونکە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی ومانەوەیان لەو چوار چێوەو فۆرمەی ئێستایان

ناکارن هەنگاوێك لەکۆمەڵگەی شارستانی نزیکمان بکەنەوە، بەڵکو تەنها ئەم پیّ وئەوپیّ دەکەن وبەس، کەواتە بۆ ئەوەی لەم رەوشەی نها بپەڕینەوە، پێویستە تەواوی وزەوتواناکان بەو ئاراستەیە چڕبکرێنەوە هەوڵ بدرێت زەمینە سازییەکی لەبارچێبکرێت، لەپێناو پێنگاڤ هەڵێنان بەرەو دروستبوون و مانەوەی ئەو ڕێکخراوانەی، کەپێداویستیەکانی قۆناغە جیاجیاکان و مێژوو دروستیکردوون و لەهەناوی کۆمەڵگەوە هەڵقولاون و سەرچاوەیان گرتووەو رەگوریشەیان داکوتاوەو هۆکارێکی راستەقینەن لەپاڵپشتیکردنی حکومەت لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو بەپیشەسازیکردنی کۆمەڵگەدا، تاکو جیتریش وزەو توانا راستەقینەکان فەرامۆش نەکرێن وهیچ کەسێك بەئارەزوو میزاجی خۆی لەمەزیاتر نەوێرێت، ڕۆحەنوێیەکان کپ بکات وئاستەنگ وئاریشەیان بۆچیّ بکات، یاخود لەهەوڵی ئەوەدابێت کەسانی بیّ تواناو نەزان ونەخوێندەوارو هەڵپەرست ئەو ڕێکخراوانەیان رادەست بکرێت، کەلەراستیدا بەهیچ کلۆجێك یارمەتیدەری حکومەت ولەرازەی بەرەوپێشڤەبردنی کۆمەڵگەی ئێمە داننییە، کەئەمڕۆ تەواوی دنیا چاویان بڕیوەتە ئەو ئەزموونە دیموکراتییەی ئێمە لەناوچەکەدا، لێرەوە چاکسازی وپاکسازی لەتەواوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پرسێکی گرنگ وهەستیارە بۆنیشاندان و بەرجەستەکردنی رووی جوان وقەشەنگی کۆمەڵگەی ئێمە لەدنیادا.

لەم سۆنگەیەوە هەنگاوی یەکەم وادەخوازێت گۆڕانکاری ریشەیی و پێداچوونەوە لەو هەموو ڕێکخراوانەی کەئەمڕۆ لەگۆڕەپانەکەدان تەنها هێشتنەوەی ئەو ڕێکخراوانەی، کەکاراوکاریگەرو گرنگن، دواتر هەوڵ بدرێت پردی بەیەکگەیشتن و تێگەیشتن لەنێوان تەواوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چیّ بکرێت، هەربەم ئاراستەیەش ڕێکخراوەکانی ئێمە سەنگ وناوبانگ پەیدا دەکات و دەبێتە جێگای متمانەی تەواوی کۆمەڵگە، نەك هەرئەمەش، بەڵکو دەکارن ڕۆڵێکی یەکجارمەزن بگێڕن، ئەو دەمەش رەوتی دیموکراتیەت وڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی ئێمەش بەئاراستەیەکی راست وتەندروستی خۆیدا گوزەردەکات.

# سروشت و ئاستی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا و رۆڵیان وەك گرووپی فشار

**دیموکراسی بوونی نییە گەر توانای نوێنەریەتیکردنی نەبێ "ئەلان تۆرین"**

**فاتیح ئیسماعیل ئەحمەد**

پێشەکی: تەوەرەی کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ سوپاسمان بۆ ستافی رۆژنامەی "خەبات" بەگشتی و لاپەڕەی کراوە بەتایبەتی، بۆکردنەوەی ئەم تەوەرە گرنگە، چونکەگەلێك پێویستە بۆ ئەمڕۆی وڵاتی ئێمە بەوەی لەسەرەتای خۆ رێکخستنەوەداین. پێم باشە بەکورتیش بێ ئاماژە بدەم بە ناوی " کۆمەڵگای مەدەنی"، کە لەدوو وشە پێکهاتووە و بەس بەچەندان شێوەیەك دەنوسرێت، چ کوردییەکەی، چ عەرەبییەکەی.

کـە ئـەوەش بـۆ خـۆی ئەشـکالیەتە، بـۆ نموونـە لـە کوردیەکـەدا بـەم چـەند شـێوەیە دەنوسـرێت: (کۆمـەڵگای مـەدەنی، کۆمەڵگـەی مـەدەنی، ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی، کۆمـەڵگای شارسـتانی). بـەڵام لـە ئینگلیزیەکەیـشدا هـاتووە ( civil society)،کە وشەی (civil) بە مانای مەدەنی هـاتووە یـاخود لـە هەنـدێ شـوێن بـە مانای شارستانی بەکار دەهێنرێت، بەڵام هەرچی وشەی (society) بە مانای کۆمەڵگا یـاخود کۆمەڵگەیـە، بۆیـە لێـرەدا ئـەم شـێوازانە هـەمووی هـاتووە، چـونکە لـە سەرچاوەکانیشدا وا هاتوون. ئێمە ئەو مافە بە خۆمان نادەین بیانگۆڕین، چونکە ئـەوە رای ئەوانە، ئینجا رەنگە هەموویان راست بن یاخود نا ئەوە شـتێکی دیکەیـە، بـەڵام لـە هـەمووی راسـت تـر ئەوەیـە کـە کەسـانی پـسپۆڕی زمانـەوان یـەکلایی بکەنـەوە، هـەتا ئێـستاش نـەکراوە. لێـرەدا مانـا ئینگلیزیەکـەی بـە واتـای وشـە لەگـەڵ چـەمکەکە دەگونجێت، چـونکە دەرهاویـشتەی خۆرئاوایـە، بۆیـە کۆمـەڵگای مـەدەنی لـە بەرامبـەر (civil society)ی دادەنێین، کە لـە عەرەبیەکەشـدا زیـاتر (المجتمـع المـدنی) بـەکار دەهێنرێ لەگەڵ (منظمات المجتمع المدنی)، هەر چەندە خودی تەوەرەکەش نووسیویانە کۆمەڵگەی مەدەنی (بە" ە " ،نەك بە" أ").

## کورتەیەك لەسەر پەرەسەندنی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی

هەموو شتێك سەرەتایەکی هەیە، چ جایەك کایەکی مرۆیی کە کۆمەڵگای مـەدەنیش بۆ خۆی کایەکی کۆمەڵایەتی و مرۆییە. زانایان و فەیلەسوفان کـاری جـدیان کـردووە بـۆ ئەوەی ڕێڕەوێك بۆ چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی دابنێن تا گەیـشتووە بـەو شـێوەیەی کـە ئێستا هەیە. بەڵام ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە کۆمەڵگای مەدەنی لە خۆرئاواوە هاتووە و هەر لەوێش چۆتە ئاستێکی باش.

–چەمکی کۆمـەڵگای مـەدەنی لـەلای فەیلەسـوفی گـەورەی یۆنـان"ئەرسـتۆ تـاڵیس"، وا باسی لە کۆمەڵگای مەدەنی (civil society)ی دەکات، کە بانگـەوازی دروسـتکردنی کۆمەڵگای سیاسی (پەرلەمان)ی دەکـرد تـا ئـازادی رادەربـڕین تێـدا بـاڵا دەسـت بـێ و،

یاسای دادوەری و یەكسانی دەستەبەر ببێت و بهێنرێتە دی، بەڵام هەر لەوێ بەشداری سیاسی قۆرخ بوو بۆ چەند كەسێك و بێ بەش كردنی ژن و كرێكار و غەریب لەو مافە، واتا تەنیا هاونیشتمانی بۆی هەبووە بەشداری كاری سیاسی بكات.

-"جۆن لۆك" لە سەدەی (١٧) دا پێشنیاری دروست كردنی كۆمەڵگایەكی سیاسی كرد كە دەسەڵاتی جێ بە جێ كردنی هەبێ و دەست بە كاربێت بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشە و ئاڵۆزیانەی كە دەشێت سەر هەڵبدەن و سەقامگیری كردنی حاڵەتە ناجۆرەكان. "لۆك" هەوڵی ئەوە بوو سیغەی موڵكایەتی بگۆڕێ بۆ سیغەی دیموكراسی، كە كۆمەڵگا سیاسیەكە یاساو شەریعەتی تێدا دەستە بەر بكرێت.

- "هێگڵ" لە سەدەی (١٩) چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی خستە نێوان دەزگاكانی دەوڵەتی (خاوەن دەسەڵات) و كۆمەڵگای بازرگانی و ئابووری (كە لەسەر بناغەی قازانجە)، ئەمەش لە پێناو بەرز ڕاگرتنی توانای كۆمەڵگا لە بارەی سیستماتیكی و هاوسەنگیەوە.

- "ئەنتۆنیو گرامشی" (١٨٩١-١٩٣٧) دەڵێ، ئەوەی هەتا ئەم چركە ساتە دەتوانین بیكەین، دوو بنەمایە:-

یەكەم/ كۆمەڵگای سیاسی یان دەوڵەت.

دووەم/ دەشی ناوزەند بكرێت بە مەدەنی كە بریتیی بێت لە كۆمەڵگای ڕێكخراو.

هەروەها گرامشی كۆمەڵگای مەدەنی بەلایەوە، بریتییە لە پەیوەندی نێوان كولتوور- ئایدیۆلۆژی، هەروەها چالاكی رۆحی ؟ عەقڵی.

-"كارڵ ماركس"،كۆمەڵگای مەدەنی لەلای نوێنەری ژێر خانە، هەروەهالەلای گرامشی چركە ساتی سەرخانە.

- "گرامشی" كۆمەڵگای مەدەنی بە قەزایەك دادەنێت بۆ ململانێی ئایدیۆلۆژیا. ئەگەر كۆمەڵگای سیاسی جێگای دەسەڵات پەیداكردن بێت بە هۆی دەوڵەتەوە، كۆمەڵگای مەدەنیش قەزایەكە بۆ هەژموونی ڕوناكبیری و ئایدیۆلۆژی. "گرامشی" كۆمەڵگای مەدەنی بەلایەوە بریتی یە لە كۆی سەرخانەكانی وەك : سەندیكا، پارتە سیاسیەكان،

رۆژنامــە، قوتابخانــە، ئــەدەب و رێکخــراوە ئازادەکــانی تــر. "هابرمــاس"، دەڵــێ: لای گرامشی ئەرکی کۆمەڵگای مــەدەنی واتــا رای گــشتی یــەکی نــارەسمی (ئــەوەی ســەر بــە دەسەڵاتی دەوڵەت نی یە). (گۆڤاری سەردەم، ژمارە(٣٣) حـوزەیرانی ٢٠٠٤، ئەلـشانی، فرید باسیل،و. رەووف بێگەرد، کۆمەڵگای مەدەنی، ل١٠٠-١٠٢).

-زانـای ئیـسکوتلەندی "ئـادەم فیکرسـۆن"، یەکـەم کـەس بـووە زاراوەی (کۆمـەڵگای مەدەنی- civil society) بەکارهێناوە، ئەویش سـاڵی(١٧٦٧ز)، کتێبێکـی بـە نـاوی "مێژووی کۆمەڵگای مەدەنی " بڵاوکردەوە و تێیدا هەوڵی دابوو، رێگەیەکی سیستماتیك بدۆزێتــەوە تــا بەهۆیــەوە بتوانێــت بــە شــێوەیەکی زانــستی و شــیکاری لــە کۆمەڵگــە بکۆڵێتەوە.

-بەلای هەندێکی دیکەشەوە، پێیان وایە، ساڵی (١٨٤٠ز) ، پـاش ئـەوەی کـارڵ مـارکس رەخنەکانی ئاڕاستەی فەلسەفەکەی "هیگـڵ " کـردووە. "ڤـۆن شـتاین "یـش، مێـژووی بزاڤە کۆمەڵایەتیەکانی ئەورووپای لە سەدەی (١٩) شیکردوە ئیدی لە وێوەدا توانرا، ئـەو شتانەی کۆمەڵایەتین (social) لە و شتانە جیا بکرێتەوەکـە سیاسـین-(political)، هــەر لــەو سەروبەندەشــدا بــوو زاراوەی " کۆمەڵگــەی مــەدەنی-(civil society) دەرکـەوت. ئـەو زاراوەیـە بەرهــەمی دەرەنجـامی بیرکردنــەوەی مـرۆڤ بـوو بـە درێـژایی ماوەیەکی زەمەنی دوورو درێژ. (گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمـارە ٢ ی سـاڵی(ئـەیلولی ١٩٩٧)رەوتی وەرچەرخان، بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی (شارستانی)لە کوردسـتانی عێـراق دا، عەبدلحەمید بەرزنجی، ل٧٥).

ئەمەی باسمانکرد وەك مێژووی چەمکەکە لـە ڕوانگـەی تیۆرییـەوە، بـەڵام ئـەوەی پێویـستە ئامـاژەی پــێ بـدەین، چـەمکی کۆمــەڵگای مـەدەنی وەك سروشـتی کـار چـی پێویستە وچـی بـۆ بکرێـت؟، ئـەویش هـەروەك دکتـۆر فـالح عەبدولجـەبار، ئامـاژەی بـۆ دەکات کە رێکخراوەکانی کۆمـەڵگای مـەدەنی لـە ڕۆژ هـەڵات لـە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە دروست دەبن، کە بە پێچەوانەوە لە خۆرئاوا لـە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە دروسـت دەبـن، چـونکە بــەهای پێگــە کۆمەڵایــەتی و ئایینیــەکان لەســەرو چــەمك و بــەهای پرۆســەی

دیموکراسیە. کۆمەڵگای کوردستانیش بێ بەری نییە لە کۆمەڵگای خۆرهەڵات.

بۆیە مێژووی کۆمەڵگای مەدەنی هەروەك "گرامشی" باسی کردووەکە بریتیی یە لە کۆی سەرخانەکانی وەك: سەندیکا، پارتە سیاسیەکان، رۆژنامە، قوتابخانە، ئەدەب و رێکخراوە ئازادەکانی تر. پێش هەموویان زیاتر کایەی ئەدەب هەبووەو پەرەی سەندووە لەکوردستان و رۆژهەڵات بەگشتی، کە مێژوویەکی بەر فراوان لەم بارەیەوە هەیە. دواتر دەتوانین ئەوە بڵێین کە رۆژنامە بەپلەی دووەم دێت، جیا لە قوتابخانەی ئاینی یاخود خوێندنی ئایینی لە مزگەوت و تەکیە و قوتابخانە ئاینیەکان، رۆژنامە لە(٢٢/نیسان/١٨٩٨) یەکەم رۆژنامەی کوردی چووە دوو توێی مێژوو بەناوی رۆژنامەی "کوردستان"، پاشان چەندان رۆژنامەو گۆڤاری تر بڵاو بۆوە. بەڵام پارتی سیاسی وەك کورد هەر لە "کۆمەڵەی تعال و تەرەق"یەوەو دواتر پارتی دیکەی وەك" کاژك و شۆرش و رزگاری و پاشان پارتی دیموکراتی کوردستان" لە هەردوو وولاتی (ئێران و عێراق) جگە لە پارتی کۆمەنیستی عێراق کە لە کوردستان ئامادەیی هەبوو. بەڵام لە کوردستانی عێراق دەتوانین بڵێین پارتی دیموکراتی کورد (١٦/ئابی/١٩٤٦) دواتر لە ساڵی (١٩٥٣) بووە پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا. جیا لەوەی گۆڕانی لە ئاراستەو شێوازی کۆمەڵگای کوردستان کرد، چ بەوەی خەڵکی بەرەو کاری سیاسی ئاراستە دەکرد، چ لەوەی چەندان رێکخراوی پیشەیی و جەماوەری پشتگیری دەکرد وەك: "یەکێتی قوتابیانی کوردستان" لە(١٨ی شوباتی ١٩٥٣)، "یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان" لە (١٨ی شوباتی١٩٥٣)، "یەکێتی ئافرەتانی کوردستان" لە (١٩٥٢/١٢/١٢)، پاشان رێکخراوەکانی دیکە دروست بوو، بەڵام بەو حوکمەی رژێمی عێراق، رژێمێکی سیاسی توتالیتاری بوو، بۆیە نەتوانرا چ حیزب، چ رێکخراوەکان هەڵبژاردن ئەنجام بدەن لە ناو خەڵکی (لە ناو خۆی حزب و رێکخراوەکان کاری هەڵبژاردن پیادە دەکرا، بەڵام نە دەتوانرا هەموو خەڵکی بەشداری پێ بکرێ، کە ئەوەش سیماو شێوازی مەدەنی کەم و لاواز دەکرد)، تا ساڵی ١٩٩٢کە هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ هەموو چین و توێژی خەڵکی کراوەبوو، چ دەنگ بدەن و چ خۆیان کاندید

بكەن. پێش راپەڕینی بـەهاری ١٩٩١ فـرە حزبـی و فـرە رێكخـراوی لـە كوردسـتان وەك بوون هەبوون بەس لەشاخ و لەناو شارەكان بەشێوەی نهێنی، بەڵام كـەموكوڕی شـتێكی دیكـە كـە دواتـر وەك ئاسـتەنگ دەیخەینـەڕوو، بـەس لـە كوردسـتان هـەنگاو دەنـرا بـۆ پیادەكردنی پرۆسەی دیموكراسی كە یەكێكە لەبنەما سەرەكیەكانی كۆمەڵگای مەدەنی.

هەروەها لە كوردستان كۆمەڵگای مەدەنی بە یاسا رێـك خـراوە، ئـەوەش لـە چـوار چێوەی دوو یاسادا، یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی ١٩٩٣ی پەرلەمانی كوردستان بە نـاوی (یاسـای پارتـەكان–قـانون الاحـزاب)، دووەم، یاسـای ژمـارە (١٨) ی سـاڵی (١٩٩٣)ی پەرلـەمانی كوردسـتان بـە نـاوی (یاسـای كۆمەڵـەكان–القـانون الجمعیـات) لـە هـەرێمی كوردستانی عێراق.

## چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی

چـەمك و شـێوازی كۆمـەڵگای مـەدەنی زۆر ڕوانگـەو دیـدی جیاوازلـە خـۆ دەگرێـت چونكە مرۆڤەكان روانگەیان بۆ ژیان جیاوازە، بۆیەش ئـەم چـەمكە زۆر هەڵدەگرێت كـە رەنگە نەتوانین لێرەدا ئاماژە بە هەموویان بدەین، بۆیە خراپ نییە گەر هـەر هـیچ نـەبێ هەندێكیان بخەینەڕوو، هەر سەبارەت خواست وخەسڵەتی مرۆڤ بەگشتی چەندان روانگـە و خەملاندن هەیە، وەك.

فەیلەسوفی گەورەی یۆنانی "ئەفلاتون" سروشتی مرۆڤی كردوە بە سێ بەشەوە:–

ا– ئارەزوو، ئەم لایەنەی مرۆڤ بە دوای تێركردنی جەستەدا دەگەڕێت.

ب– رۆح، هەروەها ئەم لایەنەش لە مرۆڤدا داوای سەنگینی كۆمەڵایەتی دەكات.

ج– عەقڵ، بۆ ئەم لایەنەش مرۆڤ بەدوای ڕاستی دا دەگەڕێت.جا تـاكی دادپـەروەر ئـەو كەسـەیە كـە عـەقڵی بـە یارمـەتی رۆحـی بـەهێز دەكـات و بەسـەر داواكاریـەكانی ئارەزووی دا زاڵ دەبێت.(ئۆبرین،رۆرن،و.ئاوات ئەحمەد، مێژووی فەلسەفیانەی بیرۆكەی كۆمەڵگای مەدەنی ،گۆڤاری سەردەم، ژمارە (٣٣) حوزیرانی ساڵی٢٠٠٤، ل١٦٠).

کەواتە دەبێ تاك چ ڕۆڵ و ئەرکێکی بکەوێتە ئەستۆ لە کۆمەڵگای مرۆییدا، ئەوەش چەند تایبەتمەندیەکی گشتی لەخۆگرتووە،وەك لەمانەی خوارەوەدا هاتووە:-

١- کۆمەڵگا، وەك ڕێکخراوێکی گەورەی ژیانی هەموو تاکەکەسەکان دەگرێتەوە، و تاکەکەسەکان هەستی وا بەستەیی (ئینتیما) یان بۆ کۆمەڵگا هەیە.

٢- ئەو بەردەوام بوونەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە لە ئاستی تاکە کەسی تێ دەپەڕێت. تاکەکەسەکان لەو کۆمەڵگایەدا کە پێویستە لەگەڵیدا بگونجێت دێتە دونیاوە، و دوای ماوەیەك لە نێو دەچن. ئەم ڕەوگە بەردەوام و هەمیشەییە.

٣- هەموو کۆمەڵگایەك لە ئەرك و گێڕانی ڕۆڵەکانیدا سەربەخۆیی خۆی هەیە. پێویستە تاکەکەسەکان گوێڕایەڵی یاسابن. لە ناو کۆمەڵگادا بتوێنەوەو تاڕادەیەك خۆیان بدەنە دەست ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیان بە ئەرکی کۆمەڵگاوە هەیە.

٤- لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەندێ جیاوازیی ناوخۆیی لە ڕووی پەیوەندیەکان، ئەرکەکان و ڕۆڵەکانەوە هەیە.

٥- بەشداری کردنی کەم تا زۆر چالاك و ئیدارییانەی تاکەکەسەکان لەناو کۆمەڵگادا لە بنەڕەتدا هۆشیارانەیە. (موحسنی،مەنوچێهر،و.ڕێبوار سیوەیلی وئەوانی دیکە،دەروازەکانی کۆمەڵناسی، ساڵی٢٠٠٢، دەزگای موکریان ،ل٨٥).

بەڵام (مازلۆ) (A-M.moslow) پێداویستیە مرۆییەکانی بۆ (٥) بەش دابەش کردوە، کە جیاواز ترە لە ڕوانگەکانی "ئەفلاتون"ەوە، وەك لە خوارەوە بە دیار دەکەوێت:-

١- پێداویستی فسیۆلۆژییەکان.(خواردن و خواردنەوەو نووستن و .....هتد).

٢- پێداویستی ئاسایش.

٣- پێداویستی (ئینتیما) بۆ گرووپێك.

٤- پێداویستی ڕێزگرتن (بایەخ دان بە تاك لە ناو کۆمەڵگادا).

٥- پێداویستی پەروەردەکردنی تاکەکەسی(لەڕێی وەرزش، هونەرەکان.....هتد).
(موحسنی، مەنوچێهر، و.ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی تر، دەروازەکانی کۆمەڵناسی،

دەزگای موکریان،ساڵی ٢٠٠٢، ل٨٩).

هەرچی "ئەفلاتۆن"ە کاری زیاتر لەسەر هزرو ڕوانگەی فەلسەفی کردووەکە ئەویش بۆ خۆی راستە، بەڵام زەمەن و کاتی "ئەفلاتۆن" لەگەڵ کات و زەمەنی "مازلۆ" جیاوازی هەیە، ئەوەش بەوەی کە"مازلۆ" سەردەمێکی تردا، چونکە جگە لە پێداویستی سروشتی مرۆڤ کە خواردن و خواردنەوەو نووستنە....هتد. بەڵام پێداویستی ئارامی و ئاسایش کە پێداویستی هەمووە بۆ بەڕێوەچوونی ژیان کە ئەمانەش بەکۆمەڵ دەبێ، بە تەئکید بە تاك نابێ بەڵکو بەئینتما بوون بۆ گرووپێك دەبێ کە هێزی مەنیق زاڵ بێ، نەك مەنتیقی هێز. باسەکەی ئێمەش ئەوە ئامانجیەتی کە گرووپێکی خۆبەخش بزانێ لەگەڵ ئەمڕۆی کوردستان ئایا هەیە و گەیشتۆوەتە چ ئاستێك؟، بێگومان ڕێزگرتن و پەروەردەکردنی تاکەکەسی دەوێت، کۆمەڵگای مەدەنیش ئەو کەش و هەوا، ئارام و پێکەوە ژیانەی گشتی دەوێت، کە پێك هاتبێت لە تەواوی ڕەنگە جیاوازەکانی کوردستان.

## چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی و شێوەی خوێندنەوە بۆی

چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی روانگە و شێوازی زۆرهەیە بۆ خوێندنەوە و جێکردنەوەی ئاڕاستەی کەسیەکان، چونکە پەیوەستە بەژیانی خەڵکەوە و خەڵکیش جیاوازن چ لە بیرکردنەوە و چ لە خواست و ئامانجەکان و تەنانەت ڕەوشی جێگا و بارودۆخ و پێویستی ڕۆژیش لەبەرچاو دەگیرێت، بەڵام زیاتر دوو روانگەی خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی هەیە کە گشتین:-

یەکەم:- کۆمەڵێکی یاساییە کە لەسەر بنەڕەتی بڕیارە کۆمەڵایەتیەکان کار دەکات و مافی تاکەکەسی تێدا پارێزراوە بە پاڵپشتی دەسەڵاتی نەتەوەیی دەبزوێ و هێز بەسەر پارت و ئەنجوومەنەکان دابەش دەکات و لەتەکیشدا ئاماژەیە بۆ سەرجەم کۆمەڵ.

دووەم:- کۆمەڵی (کۆمەڵگا)ی مەدەنی بریتی یە لە بۆشایی نێوان پانتایی دەوڵەت، لەسەرەوە و پانتایی هاووڵاتیان لە خوارەوە کە شۆراکان و ڕێکخراوە حیزبی و

هـــزری و پیـــشەییەکان پێکهـــاتووە کـــە هەریەکـــە لـــە ڕێکخراوەکـــان خـــاوەن گـــەلێك تایبەتمەندی سەربەخۆی خۆیە کە لـە دەوڵـەتی جیـا دەکاتـەوە.(گۆڤـاری مەدەنیـەت، ژمارە (١٣–١٤) ئاب و ئەیلولی ٢٠٠٢ ، چـەمکی کۆمـەڵی مـەدەنی لـە بەرامبـەر کۆمـەڵی ئیستبدادیدا، ن:عەلی خۆش سوخەت، و.پێشڕەو حوسێن ،ل١٢).

ئەم ڕوانگانە ئەوەمان نیشان دەدات کە کۆمەڵگای مەدەنی هـەر لـە چـوار چێوەی ڕێکخراوێکدا قەتیس نامێنێ، بەڵکو دەتوانرێ هەموو بەشداری پێ بکەین بەڵام بەچی بـە یاسا، جا جیا لە وەزیفەکەی کە زیاتر ئەرك و ڕۆڵی ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مەدەنیـە، ئەوانیشن بە گرێبەستی (پەیمان)ی کۆمەڵایـەتی بـەدی دێـت. بـۆ پاڵپـشتی قـسەکانمان: کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگەیـەکی سـەرەتایی یـە و لـە ئـەنجامی پـەیمانی کۆمەڵایـەتی پێکهاتووە. لەو کۆمەڵگایەدا، سەرەتا کە مـرۆڤ بـارودۆخی سروشـتی بـەجێ دەهێڵێـت، ڕەزامەنـدی خـۆی بەرامبـەر دەزگـا حکوومیـەکان و جیاکردنـەوەی سـێ بەشـی دەزگـا حکوومیەکان دەردەبڕێت، بەڵام کاتێ کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی گەشـە دەکـەن و ئـاڵۆز تـر دەبن، ئەو کاتە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنیش دەگۆڕێت و گەشـە دەکـات، بـەجۆرێك کـە ئێستا دەبینین ڕێکخراو و پێکهاتـە جەماوەریـەکانیش دەگرێتـەخۆ. (گۆڤـاری سـەنتەری برایەتی ،ژمارە (٩)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨،کۆمەڵگای مـەدەنی و کۆمـەڵگای مـەدەنی جیهانی، د.داریوش ئەخوان زیخای، و.بەختیار شاخی، ل٩٩ ).

هەروەها لە جێگای دیکەشدا زیاتر شرۆڤەی ئـەم حاڵەتـە دەکرێـت: لـەم سـۆنگەیە کۆمەڵگای مەدەنی بریتی یە لە ڕێکخراوەکان، ئەنجوومەن و یەکێتیە جەماوەریـەکان کـە دەسـەڵاتی سیاسـی و ئـابووری سـەربەخۆیی و ئەنـدامێتی لـە ناویانـدا خۆبەخـشە، ئـەو ڕێکخراوە و پێکهاتە جەماوەرییانە بە ناوی ڕێکخراوی ناحکوومی؟ نەتەوەی یان جیهانی ناسراون. ئەو ڕێکخراوانە بە پێی ڕادەی سەربەخۆیی و پەیوەست بوون، کـارایی، ئامـانج و مەبەسـتەکانیان، پـۆلێن دەکـرێن. کۆمـسیۆنی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـۆ کاروبـاری ئیدارەی یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئیدارەی جیهان ڕێکخـراوە ناحکوومیـەکانی جیهـان بۆ دوو بەش پۆلێن دەکات لەسـەر بنـەمای دابـەزین و سـەرکەوتن (تنـازلی و تـصاعدی)

ڕێکخراوەکانی دابەزین (تنازلی)، ئەوانیش دەکرێن بە دوو بەشەوە:-

١- ڕێکخراوەکانی تەوەری نەتەوە.(بە پشتگیری نەتەوە یەکگرتووەکان دروست بووە لە ژێر چاودێری UN).

٢- ڕێکخراوەکانی تەوەری دەوڵەت. لە لایەن دەوڵەتەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و بەشی زۆری پێداویستی دارایی خۆیان لە دەوڵەتێکی دیاریکراو وەردەگرن، لە ئەنجامدا دەبنە داردەستی سیاسەت و ئایدۆلۆژی دەوڵەتەکان، هەرچی ڕێکخراوەکانی بەرز بوونەوە (تصاعدی) پۆلێن کراون کە ڕێکخراوێکی بنەڕەتی یان جەماوەری ناو دەبرێت، هۆی سەرهەڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ خواستە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی جەماوەر. ئەو ڕێکخراوانە بە جۆرێکی بەشە سیاسی (حکومەت) و ئابوورییەکان (کۆمپانیاکان) لەگەڵ (کۆمەڵ) جیا دەکەنەوە. (هەمان سەرچاوە،ل٩٩).

## پێناسەی کۆمەڵگای مەدەنی

جێگای خۆیەتی چەند پێناسەیەك بخەینە روو تا زیاتر بەرچاو ڕوون بین بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگای مەدەنی لە روانگەی شارەزایانەوە و هەروەها لە بۆ سروشتی کارکردن و ئاستەکانی لە کوردستاندا:

"ئارنست گلتەر"ی زانا لە بواری کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی بەریتانی وا پێناسەی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات: کۆمەڵێك لە دامەزراوە ناحکومیە جۆراو جۆرەکان، لە نێوانی خۆیاندا وەکو پێویست بەهێز بن بۆ هاوسەنگ کردنی دەوڵەت و توانای ڕێگە گرتنیان هەبێت لە سەپاندنی هەژموون بەسەر کۆمەڵگا و پەرتەوازە کردنی، بەلام بەبێ ئەوەی کە ئەمە ببێتە کۆسپێك لەبەردەم دەوڵەت لە بینینی ڕۆڵی خۆی وەك پارێزگارێك لە ئاشتی و وەك ناو بژیوانێکیش لە نێوان بەرژەوەندیە سەرەکیەکان. (گۆڤاری سەنتەری برایەتی ،ژمارە(٢٣) بەهاری٢٠٠٢، گەڕانەوەیەك بۆ دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، کامیل شیاع، ل١٧٠).

لە پێناسەیەکی دیکەدا، وا پێناسەی کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێت، بریتییە لە

بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکەسەکان کە لە لایەن یاسا پارێزگاری لێ دەکرێت و تێدا هەموو کەسێك، بەبێ ترس، ویستی ئازاد و دەسەڵاتی تایبەتی خۆی، لە چوار چێوەی یاسادا پێوەری بڕیاردان و دادوەریکردنەکانی خۆی وەدەست دەهێنێت. (گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(١٥)، کۆمەڵگای مەدەنی و ئاستەنگەکانی، موسلح عەبدلقەهار ئیروانی، ل١٤٩).

—کۆمەڵی مەدەنی، بریتیی یە لەو کۆمەڵەی تێیدا تاکەکان بە ئیرادەوە بەرەزامەندی خۆیان حکوومەت پێك دێنن و بە دڵنیاییەوە مل بۆ یاسا مەدەنییەکان کە هەمان ڕەنگدانەوەی یاسا سروشتیەکانن کە چ دەکەن. (نەژاد، موسا غنی ،و.ڕێباز مستەفا ، کۆمەڵی مەدەنی ، ساڵی ٢٠٠١، ل١٩).

زۆر ڕوانگەی دیکەی جیاواز هەیە بۆ پێناسە و چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی کە باشترین گەواهی خودی ناوەکەیە لە کوردی و بەڵکو لە زۆر زمانەکانی دیکەشدا یەك شێوەو شێوازی نییە، بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئامانجی هەموویان هەریەکە بەشێوازێك لە خاڵێکی بنەڕەتیدا بەرجەستە دەبێت، کە ئەویش سروشتی کارکردنی حکوومی نییە، بەڵکو قازانج نەویستە بۆ خودی تاکەکان، بەس هەموو لەوەدا یەك دەگرێتەوە کە کارکردنە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی بێ لایەن و دوور لە دەمارگیری و وەلاء بۆ ئایین و نەتەوە و کەس و بنەماڵە و خێڵ و.....هتد هەروەك لەم پێناسەدا هێڵەگشتیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەنگ ڕێژ کراوە.

—کۆمەڵگای مەدەنی، بریتیی یە لە کۆی دەزگاکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری کە لە بواری جیاوازی خۆیاندا کار دەکەن و سەربەخۆییەکی ڕێژەییان لە دەسەڵاتی دەوڵەت و قازانجی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت هەیە. واتا کۆمەڵگای مەدەنی بریتیی یە لە لە دەزگای مەدەنی کە دەسەڵات پیادە ناکات و ئامانجی ئابووری نی یە. چونکەلە دەرەوەی دەزگا سیاسیەکانەوە بڕیار دادەڕێژرێت و ئامانجی سەندیکاییان (نقابات) هەیە. کەواتە کۆمەڵگای مەدەنی بریتیی یە لە کۆی ئەو ڕێکخراوە خۆ بەخشە ئازادانەی گشتی لە نێوان خێزان و دەوڵەت دا فەراهەم دێنن بۆ

بەدی هێنانی بەرژەوەندی تاكەكانی لەم كارەدا رێز لە بەهاو و پێوەرەكانی دەگرێ و جیاوازەكانی قایلەو گیانی هەڵكردن و بەرێوەچوونی بە روونی پیادە دەكات.(ئەلشانی، فرید باسیل، و.رووف بێگەرد،كۆمەلگای مەدەنی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە(٣٣) حوزیرانی٢٠٠٤، ل١٠٢).

## رەگەزەكانی كۆمەڵگای مەدەنی

هەموو چەمك و كایەكی سیاسی و مەدەنی و مەعریفی ...هتد، كۆمەڵێ بنەماو رەگەزی هەیە كە لەوانی تر جیا دەكرێتەوە، ئەوەش خەسڵەت و بنەماكانیەتی تا ئامانجەكان و سروشتیان روون بێت، كۆمەلگای مەدەنیش خودان چەند رەگەزی تایبەت بە خۆیەتی، وەك هەندێ لەمانەی لای خوارەوە:

١. خۆبەخشی : چەمكی خۆبەخشی بە واتایەكی دیكە بە كردەوە بە شدار بوون لە كارو هەوڵ و رێكخراوێك كە خۆبەخشانە بێت، وەك رێكخراوەكانی كۆمەلگای مەدەنی، ئەوەش زیاتر لەوەدا چر دەبێتەوە كە كارو هەوڵەكە بە كۆمەڵ بێت: كۆمەڵە خۆبەخشەكان، ئەو گرووپانەن كە لە كۆبونەوەی چەند تاكێكەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو مەبەستانە دروست دەبن،كە تا رادەیەك دیاری كراون، تاكەكان بۆ رازی كردنی حەزە كۆمەلآیەتیەكانیان دەبن بە ئەندامیان، دەتوانین كۆمەڵە زانستی و پسپۆریەكانیان لە بوارە جیاوەزەكاندا، یانەكان، رێكخراوە خێرخوازی و خۆبەخشەكان، هەندێك لە رێكخراوە بازرگانیەكان بە كۆمەڵ ناوزەد بكەین. (دەروازەكانی كۆمەڵناسی، ل٢١٠).

٢. دامەزراوەی(سیستەماتیك: بە و شێوازە كۆمەلگای كۆن و تەقلیدی لەیەكدی جیا دەكرێتەوە.)

٣. ئامانج و رۆڵ : كە سیستەمەكە هەولی بۆ دەدات، گرنكی دەدات بە سەر بەخۆیی دەسەلآت: تاك كاتێك بە راستی ئازادە كە لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی كەسێكی تردا نەبێ و تەنیا لە لایەن بنەماو رێسای گشتی یان یاساكانەوە ئیرادە و

چالاکیەکانی دیار بکرێت و سنووریان بۆ بکێشرێت. ( نەژاد، موساغەنی، و. ڕێباز مستەفا ،کۆمەڵی مەدەنی ، ساڵی ٢٠٠١ ،ل ٣١).

٤. تاك گەرایی (الفردیە) هاونیشتمانی، ماف مرۆڤ، هاوبەشی سیاسی، شەریعەت و دەستوری ....هتد

ئەو رەگەزانەی کۆمەڵگای مەدەنی لە چ کەش و هەوایەك دەچەسپێ کە دەوڵەت تیایاندا بەهێز و خودان یاسایە، ئەوەش لە ژێر سێبەری فەرمانڕەوای یاسادا تواناکان دەردەخات. لە کۆمەڵگایەك دا بێ توانا و یاسا لاواز بێت، هیچ زەمینەیەك بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی ناهێنێتە ئاراوە. بەم گوێرەیەش کۆمەڵگای مەدەنی بوونی خۆی لە ناو دەوڵەتدا دەدۆزێتەوە کە یاسا ژیان رێك دەخات، هەرچەندە ئەمانەش چ وەك رەگەز، چ وەك ئەو جێگای کۆمەڵگای مەدەنی کاری تیادا دەکات لەکوردستان وەك بوون هەن، بەڵام نەچووەتەوە سەرسکە، ئەوەش جێگای پرسیارە و پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، چونکە تاکی کوردی خەسڵەتی بەخشیشی تێدایە وەك میوانداری و بە کردەوەش ئامادەی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی هەیە، باشترین گەواهی ئامادەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی (١٩ی/ئایاری/١٩٩٢)ی هەرێمی کوردستان، کە لە شێوەی کەرنەڤاڵێك بوو، ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی خەڵکە کە بۆ رێکخستنی دەسەڵات و ژیان پەنا دەبەنە بەر رێگای هەڵبژاردن بە پرۆسەیەکی دیموکراسی.

لەتەك ئەمانەشدا "ئیرروارد شیلس" سێ پێکهاتەی سەرەکی بۆ دروست بوونی کۆمەڵگای مەدەنی داناوە، کە ئامانەی خوارەوەیە:

١. بەشێکی کۆمەڵ لە دەزگا (ئابووری وئاینی و رۆشنبیری و سیاسیەکان)وەکو خێزان و خێڵ و ناوچە و دەوڵەت، پێك هاتووە.

٢. لەوجۆرە کۆمەڵگایانەدا، لە نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت و ئەو دەزگا جۆراو جۆرانەی سنووری نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی جیادەکەنەوە، پەیوەندیەکی ئاڵۆز جیایاندەکاتەوە،پەیوەندیەکی ئاڵوز و تایبەتیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی

بە چالاكیەكانی نێوانیشیان، هەروەكو خۆی دەمێنیّ.

٣. لەو كۆمەڵگایانەدا شێوازێكی بەرفراوان، ئاكارو هەڵسوكەوتی رێك و پێك و شارستانیانە هەیە. ( گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٢)ی لە ئەیلولی ساڵی ١٩٩٧، رەوتی وەرچەرخان، بەرەو كۆمەڵگای مەدەنی (شارستانی) لە كوردستانی عێراقدا ، عەبدولحەمید بەرزنجی ،ل٧٦) .

سیما و خەسڵەتەكانی كۆمەڵگای مەدەنی نەرم و نیان و ناسك لە خۆ دەگرێت، لە كاتێكدا كە لەگەل خەڵكانی دیكەدا هەڵسوكەوت و مامەڵە دەكرێت، هەروەها دەتوانین ئەوەش بڵێین ئازادیخوازی و رزگاریش هەر چەمكی مەدەنییە، ئەوەش بۆ ئەوەیە مرۆڤ پێشبكەوێت و هەر بەرەو پێش بچێت.

## تاك و كۆمەڵگای مەدەنی

تاك بناغەی كۆمەڵگایە، هەرلە خۆیەوە بەتەنیا ناتوانێت نەپێداویستی خۆی جێبەجیّ بكات و نە خۆشی هووشیار بكات، بۆیە كۆمەڵگای مەدەنی بە تەئكید لەسەر بەشداری تاك دەوەستیّ تا چەند شێلگیر و جدیە یاخود هەروەك كایەكی ئاسایی بۆی دەڕوانێت، بۆیە: ئەو دەمەی تاكەكان روو لە كۆمەڵگای مەدەنی دەكەن، مافە سروشتییەكان وەكو مافە مەدەنییەكان نمایان و بەرجەستە دەبن و یاسا سروشتی یەكان شێوەی یاساگەلی مەدەنی دانراوە بەخۆوە دەگرن، مرۆڤەكان كاتیّ كۆمەڵی سروشتی جیّ دەهێڵن و دەچنە نێو كۆمەڵی مەدەنی، دەست لە هەندیّ ئازادی مافەكانی خۆیان هەڵدەگرن، كە گرنگترین ئەو مافانە بریتی یە لە لە ناچاركردنی كەسانی تر بە پاراستن و چاودێری یاسای سروشتی.( نەژاد ،موسا غەنی، و رێباز مستەفا، كۆمەڵی مەدەنی، ساڵی ٢٠٠١، ل١٨١). جیا لەوانەش مرۆڤ بەتەنیا لە گەڵ خودی خۆیدا هەرگیز هووشیاری پەیدا ناكات، بەڵكو هەمیشە لە ئاكامی تێكەڵ بوونی بەخەڵكی دیكە هۆشیاری پەیدا كردوە. هەركەسیّ كچ یان كوڕ لە دایك دەبیّ دەكەوێتە ناو خێزانەوە، ئیدی بۆ هەموو شتێك بۆ ژیان پشت بەو خێزانە دەبەستێت، یارمەتی، بژێوی، پاراستن

....هتـد، بـەڵام هـزرو تێگەیـشتن لـەنێو كۆمـەڵگا گەشـە دەكـات.(مـاكلین، جـۆرج.ف، شاخەوان منصور، كۆمەڵی مەدەنی و سەرلە نوێ بیناكردنـەوەی كۆمـەڵگا سـاڵی ٢٠٠٦، ل١٦٢).

ئەرك و هووشیاری و بە ئاگای تـاك لـە كۆمـەڵگای مـەدەنی دا زۆر هـەڵ دەگرێـت، بەڵام: بۆ تێگەیشتن لە كۆمەڵی مەدەنی دەبـێ لـە هاریكـاری و تـەبایی و یارمـەتی دانـی كۆمەڵ بگەین، وەك ئەندامێك دەبێ هاوبەشی دەسەڵات و ژیان بكەین ڕوووە چـاكەكەی هەموو هەنگاو بنێین. (هەمان سەرچاوە ی ل ٥٢).

كۆمەڵگاش لە یەكەیەكەی تاكەكان پێك دێت: هەڵبەتە كۆمەڵگاش لە چـەند بەشـێك پێك هاتووە، سـەرباری جیاوازیـەكان هـەموو پێكـەوە پەیوەنـدی هاویـەكی و ئـاڵوگۆڕی بەرژەوەندییە گشتی یەكان پێكیانەوە گرێ دەدات، هەر بەم شێوەیە سەرباری جیاوازی نێوان ئەندامانی كۆمـەڵ، سـەرەنجام فـۆرمێكی تایبـەتی یەكلاكـەرەوە، بـۆ جـێ بـەجێ كردنـی كارێـك یـاخود مەبەسـتێك كۆیـان دەكاتـەوە، لێـرەوە ولـەخوڕا یـەكگرتنێك هەڵدەگوزەرێن، بۆ تەواوكردنی قەوارەی سیاسی و كۆمەڵی مـەدەنی تابەرجەسـتەكردنی بەرژەوەندی گشتی زمانی هێز و تواناكان دێتەگۆ. (هەمان سەرچاوە ، ل ٥٤،٥٦).

تـاك بـۆ ئـەوەی بەشـداربێ لـە كۆمـەڵگای مـەدەنی لـە ناویـشیدا ڕۆڵـی چـالاك و بەرچاوی ببێت، پێویستی بە شێوازی لێبوردەیی دەبێـت، چـەمك و شـێوازی لێبـوردەیی خۆی لە چەند گریمانێك دەبینێتەوە، وەك:

١. ئەوەی ( من) هەمە، مەرج نییە بە شێوەیەكی وەها خراپ بێت.

٢. ئەوەی (ئەو) هەیەتی، مەرج نییە بە شێوەیەكی وەها خراپ بێت.

٣. ئەگەریش ئەوەی (ئەو) هەیەتی (خراپە)، ئەوا بـە (دیـالۆگ) نـەك بـە پێكـدادان دەتوانرێـت گفتوگـۆی لەسـەر بكرێـت و لێیبكۆڵرێتـەوە. (گۆڤـاری سـەنتەری برایـەتی، ژمارە ١٤ كانونی یەكەمی ساڵی ١٩٩٩، لێبوردەیی و كۆمەڵگای مـەدەنی ،عـەلی ئەكبـەر ئەمینی،و .یوسف ،ل ٧٢).

تا ڕادەیەك زۆری بەئاگایان لە چەمكی كۆمەڵگای مـەدەنی لەسـەر ئـەوە كـۆكن كـە

لێبـوردەی یەكێكـە لـە تایبەتمەندیـە سـەرەكیەكانی كۆمـەڵگای مـەدەنی، كـە ئـەوەش سەرچاوە دەگرێت لەهەڵوێست و بڕیـاری خـود: مرۆڤـی یەكـەم كەسـنووری بـە دەوری پارچـە زەوی دا كێـشاوە و بـە خـەڵكی ووت: ئـەوە مـوڵكی منـە، پاشـانیش ئەوەنـدە ساویلكە هاتنە بەر چاوی كـە باوەڕیـان پێـی كـردووە، هـەر ئـەو كەسـە دامەزرێنـەری راسـتەقینەی كۆمـەڵگای مـەدەنی بـووە. ( گۆڤـاری سـەنتەری برایـەتی، ژمـارە(٢٣) ی بەهاری ٢٠٠٢، گەڕانەوەیەك بۆ دیموكراسی و كۆمەڵگای مەدەنی، كامیل شیاع، ل١٦٦).

كۆمەڵگای مەدەنی جیالەوەی زۆر هەوڵ بۆ چارەسەری كێشەكان دەدات بەشێوەی مەدەنی و دوور لـە توندوتیـژی، لەتـەك ئەمانەشـدا هـەوڵ بـۆ دروسـتكردنی پەیوەنـدی دەدا لە نێوان تاكە نامۆكان و ناساندنیان بە یەكتری.

## كۆمەڵگای مەدەنی و حكوومەت(دەسەڵات)ی مەدەنی

كۆمەڵگای مەدەنی كایە و بوارێكە كە حكوومەت و دەسـەڵات مـاف دەسـت تێـوەردانی راستەوخۆی نییە، بەڵكو دەوڵەت (حكومەت) نەبەدیهێنەری مافە نـەهی یاسـا، بـەس پاسـەوان و پـارێزی و ئاسـایش و ئارامیـە. مەبەسـت لـە حكوومـەتی مـەدەنی یـان حكوومەتی یاسا، بریتی یە لە هێنانە ئارەی چوارچێوەیەكی پارێزراو تەناهی بـۆ ژیـانی تاكەكان، كەچوارچێوە و بەند و قەیدێك نەبێت، جگە لە یاسا.( كۆمەڵی مەدەنی، موسـا غەنی نەژاد، ل٢٠).

هەر لەو بارەیەوە و لە جێگای دیكەشدا: كۆمـەڵی مـەدەنی هـیچ دەسـەڵاتێك لـە رووی ئەو یاسایانە نییە و هەر كەسێك لە هەر پلەو پایەكدا بێت، ئەو لەسەر گوێڕایەڵ و ملكەچی یاسا بێت.( هەمان سەر چاوە ،ل ٥٨). لە جێگایەكی دیكەشدا هـەر دەربـارەی پەیوەندی حكوومەت و كۆمەڵگای مـەدەنی و بـەڵكو دەسـەڵاتی حكومـەت: هەرچـەندە حكوومـەت هەڵبـژێردراوی خەڵكـە، بـەڵام دەسـەڵاتی رەهـای نییـە. ئـەركی حكوومـەت پاسەوانی كردنە لە گیان وماڵی خەڵكی.( هەمان سەرچاوە، ل٦٢).

جـا ئامـانجی حكومـەتیش بـە پلـەی یەكـەم بەرقـەراركردنی ئـارامی و ئاشـتی و نەهێـشتنی دۆخ و كـەش و هـەوای جـەنگ و ترسـە، چـونكە لـە ئـازادی دا كـە ئامـانجی

سەرەکی کۆمەڵگای مەدەنییە، واتای هەستکردنە بە وانی تر و دۆزینەوەی خودی مرۆڤە لــە گــشتیدا. رێگریــەکانی پەرەســەندنی دەســەڵاتی دەوڵــەت، بــە پلــەی یــەك هەڵوەشــاندنەوەی هێزەکــان ( مەبەســتی هێــزی ســەرکوتکردن ) و هــەروەها دواتــر ئەنجامدانی پرۆسـەی هەڵبـژاردن، لەگـەڵ ئەمانەشـدا ئامـادەبوونی ئۆرگـان و دامـەزراوە ناحکومیـەکان، باشـترین نموونـەی رێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی یـە. کۆمـەڵگای مــەدەنی پێــشبڕکێ لەگــەڵ حکوومــەت ناکــات لــە خاوەندارییــەتی هۆکارەکــانی سەرکوتکردنی شەرعی، هەروەها مۆرکە گشتی یەکەی خاوەنی سروشتێکی خۆبەختکـەر ناکەوێتە ژێر پرۆسەی بە تایبەتی کردن.

ناســنامەی کۆمــەڵگای مــەدەنی، ناســنامەیەکی مــەدەنی یــە و ئــەو هاوڵاتییــە خاوەنیەتی و لێی بەرپرسە کە هاوسەنگیەك لـە نێـوان ئـازادی و بەرپرسـیاریەتی خۆیـدا دروست دەکات و هەلی ئەوەشی بۆ دەرەخسێ کە لەیەك کات دا چاودێری حکوومـەت و بازاڕ بکات.

## چەمکی مەدەنییەت لە خۆرئاوا و لەمەڕ خۆمان (کوردستان)

جیا لەوەی کە کۆمەڵگای مەدەنی بەڵکو چەمك و شێوازی مەدەنی پێش هەموو لایەك لە خۆرئاواوە گەشەی کردوە و چۆتە سەر سکەی سروشتی خۆی لە مێـژەوە، بۆیـە هـەر وا ئاسان نییە کە ئەو بەراوردە بکرێت، بەڵام لەتەك ئەوەشدا خراپ نییە ئەگەر ئاماژەیەکی کورتیشی پێبدەین باشە، بۆ نموونە: جیاوازی لە نێوان مەدەنی خۆرئـاواو مەدەنیـەکانی تر لە وەدایە کە لە کۆمەڵی خۆرئاوادا یەکسانی  بیرو بـاوەڕ بـوونی نییـە، بـیرو بـاوەڕی جۆراوجۆر لە پاڵ یەکدا ئامادەن، بێ ئەوەی لەیەك شێوەدا ئاوێتە بن، بۆ نموونە هەندێ تیۆر هەیە کە پشتیوانی لە توانای حکوومەت دەکات، لە کاتێك دا هەندێ تیۆری تر هەن کە پاڵپشتی لە پێشکەوتنی دەسەڵاتی مەزهەب دەکەن، لەوانەش لایەنگرانی پاشـایەتی، حکوومەتی دینی، حکوومەتی ئەشراف زادەکان  و حکوومەتی دیموکراسی. هەر یەکەیان بە رێگـای خۆیـدا دەڕوات، هەریەکـەیان پابەنـدی تیـۆری خۆیانن،گەرچـی لـە نێوانیانـدا

ململانێ هەیە، بەڵام هەرگیز هیچ کامێکیان سەرکەوتنی تەواو بەدەست ناهێنێت، لەبەر ئەوەی کە ململانێ هەرگیز بە قازانجی لایەنێك تەواو نابێت، هەموولایەنەکان ناچارن بە بێ ویستی خۆیان لەگەڵ یەکتری بژین،کاتێك کە ژیان لەتەك یەکتریدا دەستی پێکرد سەرباری ناکۆکی نێوانیان، هەر یەکەیان مافەکانی ئەوی تر بە رەسمی دەناسێت و مۆڵەت دەدات کە بە رێگای خۆیدا بڕوات.(گۆڤاری مەدەنیەت، ژمارە ١٦ شوبات و مارت ٢٠٠٤، تیۆری مەدەنیەت، ن.موکوتسا دایوکیچی، و.ستارکەریم ،ل٩).

مەدەنیەتی خۆرئاوا گەیشتۆتە ئاستێك کە هەموو رەنگەکان وەکو خۆیان نمایش دەکەن و بە یەکیشەوە رەنگ رێژی ئامانج و هەقە مرۆیی یەکان دەکەن، بەڵام لەلای خۆمان "کوردستان" بە نموونە زۆر شت هەیە بەهاو و پیرۆزی لەسەرو مرۆڤەوەیە، کە ئەوەش بێگومان ناتوانێ هەق و ماف هەموو دەستەبەر بکات، بۆیە جیاوازێکی زۆر هەیە لە نێوان مەدەنیەتی خۆرئاواو و مەدەنیەتی کوردستان و جێگای هاوشێوەی کوردستان. "جۆن لۆك" دەڵێ: کۆمەڵی مەدەنی لەو شوێنەیە کە مرۆڤ سەبارەت بە گیان و ماڵی خۆی هەست بە ئارامی و ئاسایش بکات.

هەرچەندە تیرۆرو کاری خۆکوژی لەهەر جێگایەك بۆی بلوێ درێخی ناکات، جیا لەوەی تاکەکان لە خۆرئاوا جۆرێك لە سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریان بۆ دروست بووە، کە ئەوەش بەرەنجامی کەش و هەوای پەرەپێدانی چەمکی مەدەنییەتە، بەڵام کۆمەڵەکانی رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی هێندە چالاکن زۆرجار بڕیاری سیاسی و دبلۆماسی و قانونی و تەنانەت سەربازیش دەگۆڕن، باشتریت نموونە لە راپرسی بۆ دەستووری یەکێتی ئەوروپا لە هەر دوو وڵاتی فەرەنسا و هۆڵەندە لە ساڵی (٢٠٠٦) کە ئامانجی سیاسی دەسەلات دەنگدان بوو بە"بەڵێ" کەچی دەنگدانی میللی شکستی بەو ئامانجانە هێنا و زۆرینە ووتیان"نەخێر" کە بووە هۆی وەستانی پرۆسەکە، هەرچەندە دەسەلاتدارانی ئەوروپا بەگشتی و هەردوو وڵاتی فەرەنسا و هۆڵەندە لەگەڵی بوون و کاریان بۆ دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە هیچ تاکێك لە رووی ئایینیەوە لە خۆرئاوا یەکسان نییە، بەڵکو یەکسان بوونیان دەگەڕێتەوە بۆ هاوڵاتی

بوون و هاونیشتمانی بوون، كە لە خۆرهەڵات بەگشتی و كوردستان بە تایبەتی هەندێ ئیعتیباراتی دیكە هێزی زیاتری هەیە، وەك: پێگەو بنەماڵە و وەلائی ئایینی و خێڵ لەسەروی زۆر پێوەرو توانا و شارەزایی و هەقوەیە، ئەوەش پێچەوانەی مەدەنیەتە، كە بە شێوەیەكی گشتی هیچ نەزم و سیستەمێكی كۆمەڵایەتی (مەدەنییەت یەكێكە لەوانە) نییە و ئەوەش زادەی سروشت نییە، بەڵكو هەمووی لە خواست و ئیرادەی مرۆڤەكانەوە ئیلهام وەردەگرێت. جیا لەوەش مرۆڤ لە دۆخی سروشتی دا خودان ئازادی دەتوانێ بەئازادی هەر ئیش و كارێك كە بۆی بەرێوەچوون و سەركەوتنی ژیان و خۆشگوزارانی خۆی بە پێویست بزانێ بەبێ ترس و مۆڵەت وەرگرتن لە كەس و دەزگا و لایەنێك ئەنجامی دەدات، بەمەرجێك لە سنووری یاسای گشتی بەدەر نەبێت.

كەواتە كۆسپەكانی بەردەم مەدەنیەتی كوردستان و وڵاتانی دیكەی هاوشێوەی بەپلەی یەك زۆر ماف و خواستی كەسی هەیە ناتوانی پیادەی بكرێت، ئەوەش بە تەئكید كاردانەوەی دەبێت لەسەر هەوڵ و كارەكانی گشتی، چونكە نەتوانراوە ئەوەی كە بۆخۆی پێی دەوێت لەكات و ساتی خۆیدا جێبەجێ بكات، جا چەمكی نوێی كۆمەڵگای مەدەنی زۆر داكۆكی دەكات لەسەر تاك.

## مەرج و ئەركەكانی كۆمەڵەو كۆمەڵگای مەدەنی

بۆ زانین و ئاستی كۆمەڵگای مەدەنی و مەدەنیەت، هەرچەندە مەرج و پێوەر هەیە، لەتەكیشیدا ئەركەكانیان دیاری كراوە، بەڵام ئاست و شێوازی كاری رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی پێویستە بار و دۆخ لەبەرچاو بگیرێت، چونكە پرۆسەیەكی وا گەورە بە بڕیار دروست نابێ، بەڵكو زەمینە سازی پێدەوێت، جا زەمینە سازیش بە تایبەتی لە كۆمەڵگایەكدا تا سەر ئێسك پابەندە بێ بە بەها و بنەما ئاینی و خێڵ و بنەماڵە و هەروەها هێزی بازو و بنەماڵە و خێڵ و چەك. كە ئەوانەش پێچەوانەی چەمك وشێوازی مەدەنییەتە،لەتەك ئەوانەشدا چەند مەرجێك هەیە،وەك: بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی (state nation) و گەشەپێدان و پەرەسەندنی سەرمایەی ناوخۆ و بەرزكردنەوەی

ئاستی بژێوی تاکەکان، هەروەها بوژانەوە وگەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی،کە لەگەڵ خۆشیدا دابەشکردنی کاری هێنایە کایەوە و پسپۆری چووە واری کارەوە، کە ئەمانەش بووە هۆی دەرکەوتەی بزاوی کۆمەڵایەتی رەنگە جیاوازیەکان، کە هەموو ئەمانەش پێویستی بە دەوڵەتی بەهێز هەیە بۆ چەسپاندنی قانون و پاراستنی ژیانی خەڵکی بەگشتی.

بۆیە کۆمەڵگای مەدەنی، بەواتای هێنانەکایەی دیموکراسی و بوونی ئازادی لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام چەمکێکە لە دیموکراسی زۆر گشتیتر و قوڵترە، زۆر جاران دیموکراسی دەگۆرێت بەرستێك کرداری دەوڵەتانەی وەکو هەڵبژاردنەکان، نوێنەرایەتی پەرلەمان، راوەرگرتن،...هتد،کە زیاتر لە رووداوێکی سیاسی شانۆیی دەچێت، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە دیموکراسی فۆرمالیستی پێ دەگوترێت، بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی ئەخلاق و واتایەکی قووڵتری هەیە. (کۆمەڵگای مەدەنی و ئاستەنگەکانی ،موسلح ئێروانی، ل١٤٩).

هەروەها لەجێگایەکی دیکەشدا باس لە بەهاکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکا و دەڵێ: بەهای کۆمەڵگای مەدەنی بریتی یە لە بەشداری کردنی سیاسی، بەواتای ئازادی سیاسی و رادەربرین و مافداربوونی مرۆڤ، وەڵام دانەوەی دەوڵەت، بە واتای هاتن بەدەنگ خواستەکانی تاکەکانی کۆمەڵگاوە. سنورداربوونی دەوڵەت، گشتی بوونی سیاسەت بە واتای ئەوەی سیاسەت موڵکی خۆرسکی کەس نییە و هەموو کەس دەتوانێت بچێتە ناو کایەکی گشتی یەوە، بەڵام دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەوانەن دەکەونە نێوان دەوڵەت و تاکە کەسەوە،وەك دەزگا و دامەزرا و کۆمەڵەی رۆشنبیری و پیشەی و سەندیکاییەکان و چاپەمەنی ئازاد و رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان.( هەمان سەرچاوە، ل١٤٩).

جیا لە مەرجەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، جیاکردنەوەیەکی شیکاریانەی هەیە لەسەر هەر دوو بواری مەدەنی و سیاسی. ئەم چەمکە لە سروشتی خۆیدا هەوڵ بۆ دروست کردنی پەیوەندیەکی دوو لایەنەی ئەم بوارانە دەدا، لەلایەکی دیکەشەوە

پەیوەندی بە نوێگەرێتی سیاسی یەوە هەیە،کە ئەندامانی کۆمەڵگای مەدەنی تاکە کەسەکان ( ئازادی و سەربەخۆن )و ئەندامێتی والآو کراوەیە کەهەموو کەسێك ئینتما و ئەندامی بۆلایەنی سیاسی بکات،کە هیچ پەیوەندیەکی بە پێگەی بنەماڵەی تاکەوە نیە.( هەمان سەرچاوە، ل ١٥٣،١٥٤) .

تایبەتمەندیە کۆمەڵاتیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دابەش کردنی کار، وەك "ئەمیل دۆرکهایم" باسی کردوە کە هەر بواری ئابووری ناگرێتەوە، بەڵکو بوارێکی فراوانە، تایبەتمەندیەکی دیکەش،کایەی گشتی یە،وەك لەسەر ئاستی خێزان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی ...هتد،ئاستی دەوڵەت وەك دەسەلآت و دامودەزگاکان،...هتد، ئاست وکایەی گشتی، کە بریتی یە لە دامەزراوە و رێکخراو وکۆمەڵە و سەندیکاکان.(هەمان سەرچاوە، ل١٥٨).

کۆکردنەوەی تاکەکان لە کۆمەڵەیەکدا کە گرووپی فشار( pressure group) دروست بکەن، بەم گرووپە دەگوترێت: کە هەوڵ دەدات بە گوێرەی بایەخ پێدان و ئاراستەکانی خۆی یان جەماوەر (کە خۆی بە نوێنەری دەزانێت)کار بکاتە سەر ئەو هێزانەی بریار لەسەر یاساکان دەدەن، یاخود رێکخراوە حکوومیەکان (پەرلەمان، دەستەی حکوومەت، وەزارەت و دامودەزگا)و هەروەها گۆرانکاری پێویست بهێنێتە ئاراوە. هەرچەندە،ئەم جۆرە گرووپانە لە کۆنەوە هەر هەبوونە، بەڵام لە کۆمەڵگا نوێنەرەکاندا گرووپی نوێ سەریانهەڵداوە کە ئامانجیان گوشار خستنە سەر رێکخراوەکان، کار بەدەستەکان، گرووپەکان، دەوڵەتەکان و، رێکخراوە نێونەتەوەییەکان و،.......هتد گرووپەکانی گوشار لەوانەیە پەیامێکی رەسمی یان بە پێچەوانەوەیان هەبێ.(دەروازەکانی کۆمەڵناسی،ل١٦٠).

کۆمەڵەکانیش ئەرکیان رەخساندنی گۆرەپانی دەرخستنی حەزە تاکەکەسییەکانە بۆ ئەوەی بەکۆمەڵ وەك گرووپی فشار کایەو ئەزموونی بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان کە ئەنجام دەدرێت دەبێتە هۆی سوود نەبوونی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان، وەك:-

أ)دابەشکردنی دەسەلآت لە زەمینەی ژیانی کۆمەڵایەتی دا لە نێوان گرووپەکان بەشی

زۆری خەڵکی، لە جیاتی تایبەتکردنی بەدەزگایەکی کارگێڕی مەرکەزییەوە.

ب) دروستکردنی هەستی رازیبوون لە پرۆسەی بەدیموکراسی بوونی کۆمەڵگا، چونکە گرنگی بە تاکە کەسەکان دەدات بۆ ئەوەی لە رێگای پەیوەندی راستەوخۆ بەکار و بارەکانەوە ببێت کە تاچ رادەیەك ئەنجامدانی هەنگاوەنانە جۆراوجۆرەکان رووبەرووی سنوورداری و گرفتەکان دەبێتەوە، لەجیاتی ئەوەی تاکەکان زۆر دوور لەمەسەلەکان راوەستن و کاروبارەکان بۆ ئەوان حاڵەتی نا تاکەکەسی و ناقابیلی تێگەیشتنی بۆ ئەوان وەرگرن.

ج) ئامادەکردنی میکانیزمێکی کۆمەڵایەتی پێویست بۆ بەرقەرارکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیە بەردەوامەکان. (دەروازەکانی کۆمەڵناسی،ل٢١٣-٢١٥).

گرووپی فشار کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یەکێکە لەوانە، بێ ئەوەی ئامانجیان جێگرتنەوەی دەسەڵات بێ، بە شێوازی مەدەنی کە خەسڵەت و ئامانجی کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانن گەورەترین قازانج و سوود بە تاکەکانی کۆمەڵ بگەیەنن. جا ئایا لە هەرێمی کوردستان رێکخراو و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یاخود کاروبارەکانی خەڵکی و وڵات بەشێوەی مەدەنی دەکرێت، چونکە ئامانج و خەسڵەتی کۆمەڵگای مەدەنی ئەوەیە، کە پێم وایە لە هەندێ جێگا و شوێن هەیە وەك بوون، بەس ئەوەی زیاتر گرنگە هەوڵەکانە کە ئەمەش هەنگاو نراوە، ئیدی کەم یان زۆر رێژەیەکی وامان لەبەردەست نییە.

### ئاست و بوونی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا و گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەمی

کوردستان یاخود بە ناساندنە سیاسیەکەی هەرێمی کوردستان عێراق، جیالەوەی کە لەکۆمەڵێك پێکهاتەی جیاواز پێك هاتووە، چ لە رووی نەتەوە و چ لە رووی ئایینی و تایفەییەوە هەمووشی پێکەوە دامەزراوێکیان دروستکردوە کە پێی دەووترێ کوردستان. کوردستانیش بەبێ خواست و ئاگاداری خەڵکەکەی لەدەرەوەی خواست و ئیرادەی لکێنراوە بە وڵاتێکەوە کە عێراقە، عێراقیش زۆرینەی عەرەبە( بەهەردوو مەزهەبی شیعە

و سونەوە)، لەوەتەی وەك دەوڵـەت دامـەزراوە لـە(١٩٢١) بەهـەموو شـێوەیەك پێـشێلی ماف کورد بەپلەی یەك و کوردستانیان بەشـێوەیەکی گـشتی تـاڕادەی ئـەوەی هـەوڵ بـۆ ژینۆسایدی مرۆڤی ئەم وڵاتە دراوە، باشترین گەواهی (کیمیابـاران و ئـەنفال و کوشـتنی بەکۆمـەڵ.....هتـد)، لەبەرامبەریـشدا کـورد شۆڕشـی بـەرپاکردووە، کـە شۆڕشـەکانیش ناچار کراوە شۆڕشی چەکداری بێ.

هەرچەند پارتی سیاسی و رێکخراوی جەماوەری و پیشەیی دامەزراوە کـە بنـەمای کۆمەڵگای مـەدەنین، سـەرەتا بەشـێوازی مـەدەنی بـوون، وەك پـارتی سیاسـی( حزبـی رزگـاری و شـۆڕش و هیـوا و کـاژك)، دواترینیـان پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە(١٦ی/ئـابی/١٩٤٦)، وەك پـارتێکی سیاسـی خـودان پـەیڕەو و پرۆگـرام و ئامـانج و ستراتیژی سیاسی راگەیاندرا و دامـەزراوە کـە تـێ دەکۆشـا بـۆ بـەدی هێنـانی ئـازادی و دیموکراسی و رزگاری خەڵکی کوردستان، سەرەتا بەشێوازی وکاری سیاسی(بەیاننامـە و کۆڕ و کۆبونەوە و رێپێـوان......هتـد)بـوو، بـەڵام لەبەرامبەریـشدا دەسـەڵات بـە ئـاگر و ئاسن و گرتن و ئەشکەنجە وەڵامیان دەدایەوە.

بۆیە کوردیش ناچار بووە جگـە لـە خـەبات و تێکۆشـانی سیاسـی و جـەماوەری و دبلۆماسی رێگای شۆڕشی چەکداری بگرێتەبەر، هەرچەندە ئەوەش یەك نایەتەوە لەگـەڵ رەگەز و بنەماو مەرج و سروشتی کۆمەڵگای مـەدەنی. بـەڵام بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کـورد و کوردسـتان ئامـانجی مەدەنییـەت بـووە، چ بـەوەی لـە مێـژەکار بـۆ کۆمـەڵگای مەدەنی دەکات وەك شێوازی هەڵسوکەوت بە دامەزراندن و بڵاوکردنەوە، وەك دەرکردنی رۆژنامە لە (٢٢ی/نیسانی/١٨٩٨)و دامەزراندنی پارتی سیاسی کە جگە لە (حزبی هیوا و رزگاری و شۆڕشی) لە سەرەتای چلەکانی سەدەی رابردوو، بەڵام وەك پارتێکی سیاسـی خودان بنەمای کاری سیاسی دەتوانین ئەوە بڵـێین کـە ئـەوەی کـردوە، لـە کوردسـتانی عێـراق "پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان" لـە(١٦ی/ئـابی/١٩٤٦) پاشـان چـەندان پـارتی سیاسی جگە لە حیزبی شیوعی عێـراق کـە چـالاکی کوردسـتانی هـەبووە ، بـەڵام زیـاتر لەسەر تەواوی عێراق مـاڵ بـوو، لەکوردسـتان دامـەزران، کـە کـاری سیاسـی و شۆڕشـی

چەکداریان کردوە لەتەك ئەوەی خودان دەوڵەت و دامەزراوەی سیاسی و یاسادانان نەبووە پێشتر. کەچی ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی تێدا سەری هەڵداوە سەرەڕای کەموکوڕی، کەچی وەك بوون هەبووە، بەڵام هەوڵ هەیە بۆ باشکردنی، ئەوەش بەپلەی یەك بۆ بوون و پیادەکردنی دیموکراسی یە، کەلە کوردستاندا لە نێوان دامەزراوە سیاسی و جەماوەری و پیشەییەکان لەگەڵ دامەزراندنیاندا هەبووە بۆ نێوخۆ، بەڵام لەگەڵ بەدەستکەوتنی دەسەڵات لە بەهاری١٩٩١، بەکەمتر لە ساڵێك لە ئازادی و بێ کیانێکی دانپیانراوی قانونی و دەستووری و نێودەوڵەتی و خودان هێزی دسپلینکراو گەورەترین و ئازادیترین پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسیانە لە کوردستان بەرێوەچوو لە"١٩ی/ئایاری/١٩٩٢"، بەچاودێری وبە ئاگایانی راگەیاندن و سیاسی و قانونی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان. ئینجا دامەزراندی حکومەتێکی شەرعی کاروباری وڵاتی گرتەدەست و کاروباری ژیان لە هەرێمی کوردستان بەقانونی پەرلەمانی رێك دەخران. راگەیاندنێکی ئازاد لەسەر هەر سێ ئاستی(بینینTV)،(بیستن–رادیۆ)، (خوێندنەوە–رۆژنامە و گۆڤار و کتێب)رێرەوی کاری خۆیان گرتە بەر، تا گەیشتن بە ئەمڕۆ کە زۆر لەوانە بوونەتە ئەهلی و کەرتی تایبەت بەرێوەیان دەبات لەزیاد بووندان.

هەروەها زۆربوونی رێکخراو و کۆمەڵە و دامەزراوی جەماوەری و پیشەیی،.......هتد، کە حکوومەت جیالەوەی مۆڵەتی کارکردنی بەقانون پێ داون، لەتەك ئەوەشدا تاڕادەیەك هاوکاری مادیشیان دەکات و لەوەش زیاتر پارێزگاریان لێ دەکات. ئەوانیش وەك بوون هەن، بەڵام بێ کەموکوڕی نین. بەس دەتوانین بڵێین کە هەندێکیان بوونەتە خودان فشار، وەك رۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەرامبەر قانونی رۆژنامەنوسی لە کوردستان کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا، بەڵام فشاریان خستە سەر دەسەڵات، بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەڕاندیەوە بۆ پەرلەمان تا پێداچوونەوەی بۆ بکرێتەوە تا لەگەڵ خواستی رۆژنامەنووسان یەك بگرێتەوە.

جا دەتوانین هەندێ لە ئاستەنگەکانی بەردەم کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا لەبەر رۆشنایی ئەو چەمکە زانستیانەی سەرەوە لەمەڕ کۆمەڵگای مەدەنی زانستیانە

پێـی گەیـشتووین بخەینـەڕوو، کـە سروشـت و خەسـڵەتی کۆمـەڵگای کـوردی لـە ریـزی کۆمەڵگا شێواز ئامێزەکان دادەنرێت، بۆیە ئاسـتەنگەکانیش جیاوازیـان هەیـە لـە وڵات و نەتەوە وگەلی دیکە، وەك:-

١-کولتوور و رۆشنبیری کورد و کوردسـتانی زیـاتر رۆشـنبیریەکی کەلەپوورییـە کـە ئەوەش زیاتر بەرەو رابردومان دەباتەوە، وەك لەوەی ئایندەمان لەبەرچاوبێ و کاری بـۆ بکەین. کۆمەڵگای مەدەنیش بۆ داهاتووە وەك لەوەی بۆ رابردوو بێت.

٢-شێوازی ژیان و بیرکردنەوە لە کوردستاندا زیاتر کلاسیکێکی توند و بـاوە، ئـەم ئاستەنگە سەرەڕای ئەوانەی لە خاڵی یەکەمدا باسمان کردووە، زیاتر پەیوەستن بە دەق و شێوازێکی واوە کە کەمتر بواری خۆ نوێ کردنەوە و نوێخوازی تێدابێ. واتا کەمتر نـەك هەوڵ بۆ گۆڕان دەدرێت، بەڵکو بەهەموو شێوەیەك هەوڵ بۆ مانەوەی ئـەوەی کـە هەیـە دەدرێـت، یـەك لەوانـە بـەپیرۆز راگـرتنی کەسـانی بـەرپرس و خـودان سـامان و پێگـەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و .....هتد.

٣-کۆمـەڵگای کوردسـتان لـە رووی گەشـەکردنەوە لـە قۆنـاغی گواسـتنەوەدایە، قۆناغی گواستنەوەش ناوی خۆی بەخۆیەوەتی و زۆر بەکەمی بنەمای دامەزراوەی هەیە، بەڵکو زۆر جار میزاجی تاکەکـەس دەبێتـە حـووکمی قـانونی. بـەڵکو بەدەسـت کۆمـەڵێ دیاردەوە دەنـاڵێنێ، وەك ململانێـی سیاسـی ناتەندروسـت، کـەمی ئینتمـا بـۆ نیـشتمان بەتایبـەتی لـەلای هەنـدێ لەبەرپرسـان، هـەروەها دەتـوانین ئـەوە بڵـێین کـە ئاسـتی رۆشنبیریە کە تاڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمایەکی عەقڵانیەتی نییە، بـەڵکو زیـاتر لەسـەر بنەمای سۆزو هەستی کاتیە لەلایەن زۆرینەی خەڵکیەوە.

٤- تاڕادەیـەك تاکـەکانی کۆمـەڵگای کوردسـتان نەفـەس و روحـی شۆڕشـگێڕیان بەسـەردا زاڵـە، ئـەوەش کاردانـەوەی بەسـەر کاروبیرکردنـەوەی تاکـەکان بەتایبـەتی بەرپرسانەوە هەیە، لەتەك ئەوەشدا لە بواری کاری حکوومـەتی و کـارکردن بـە قـانون و دەستوور و پەرلەمان تازە و کەم ئەزموون و ناقاڵبووی ئەو بوارانەین.

٥- بەرپرسان و دەزگا و دامەزراوە سیاسی و حکوومیـەکان زیـاتر لەسـەر بنـەمای

قسەیە لەجیاتی کار، بەڵکو قسەکان لەسەر کاغەزە، چونکە دەزگایەکی چاودێری وا نییە لە جیاتی خەڵکی شکست بەو لایەن و کەسانە بهێنێ و بانگیان بکاتە بەردەم دادگای تایبەتەوە لەبەرامبەر ئەو بەڵێن و قسانەی کە دەیکەن لە کاتی پێویستدا و جێبەجێیان ناکات.

٦- تاکەکان وەك ئامادەگی، ئامادەی گیانی خۆبەخشیان تێدایە، بەڵام هۆشیاری ماف و ئازادی خود و هی بەرامبەریان لە ئاستی پێویستدا نییە.

٧- لە کوردستاندا بۆ زۆر لەکێشەکان پەنا نەبرێتە بەر دادگا، بەڵکو لە ڕێگای دیوەخان و خێڵەکانەوە (مەکتەبی کۆمەڵایەتی و عەشایرییەکانەوە) چارەسەری زۆریان دەکرێت کە هەشیانە قوربانی زۆری لێ کەوتۆتەوە، بۆ چارەسەریش وەك خوێنداری هێشتا پەنا دەبرێتە بەر پێدانی ئافرەت بۆ کۆتایی پێهێنان.

٨- نەبوونی جۆرێك لە شێوەی دڵنیایی ئابووری، کە خەڵکی کەمتر بڕوایان بەوە هەیە کە سەرمایەکانیان لە کوردستان بەگەڕ بخەن، جیالەوانەش هەوڵێکی بێ سەرو بەرو و دوور لە ڕێگای شەرعی دەدرێت بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن بەبێ ئەوەی لەکەس بپرسرێتەوە ئەمەت لە کوێ بووە؟.

٩- هێشتا جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەگەزی "نێر و مێ" ئافرەت و پیاو دەکرێت چ لە ئیشوکار، چ لە تێکەڵ بوون، کە ئەمە زیاتر خەڵکی و هەندێ دەزگا بەتایبەتی ئاینی یە نەك دەسەڵات، باشترین نموونە یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام لە تازەترین داواکاریاندا داوا دەکەن لە نەخۆشخانەی منداڵبوون با پزیشکی پیاو نەبێ بەڵکو هەمووی پزیشکی ئافرەت بێت.

ئەمە و چەندان ئاستەنگی دیکە هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا هەر بەوەندە دەوەستین. لەتەك ئەوانەشدا جیا لە هەموو ئەو گیروگرفت و کەموکوڕیانە، دەتوانین ئەوە بڵێین وەك بوون کۆمەڵگای مەدەنی و کاری مەدەنی لە هەرێمی کوردستان هەیە و هەوڵی بۆ دەدرێت، چ لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە، چ لەلایەن ستراتیژیەتی پارتە سیاسیەکان، باشترین گەواهی گوتاری ڕەخنەیە کە کایەکی تەندروست و ئامانجی کۆمەڵگای

مەدەنییە، لە کوردستان ئێستا لە بەرزترین کەسی بەرپرس دەگیرێ، بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی ترساندن و دوور خستنەوە هەبێ "ئەگەر هەش بێ" زۆر کەمە پەیوەندی بە بڕیاری تاکە کەسەوە هەیە نەك سیاسەتی گشتی وڵات، لەتەك ئەوەشدا هەوڵەکان زیاتر بە ئاڕاستەی رازی کردنی رای گشتی یە، هەروەها هەوڵ دەدرێت بە قانون کارو بارەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکی رێك بخرێت و کار بۆ بە دامەزراوەیی دەکرێت، لە هەندێ شوێن و کاتدا، چ هەندێ رێکخراو و چ شێوازی ئاپۆرەی خەڵکی ببێتە گرووپی فشار و شێوازی مەدەنی وەك فشار، ئەمەش ئاوێتەیە لەگەڵ سروشتی کار و ئەرکی کۆمەڵگای مەدەنی کە رێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و...هتد، نوێنەرایەتیان دەکات بەبەشداری تاکەکانی کۆمەڵ.

سەرچاوەکانی کە سوودم لێ وەرگرتووە:-

١) گۆڤاری سەردەم، ژمارە(٣٣) حوزەیرانی ٢٠٠٤، ئەلشانی، فرید باسیل،و. رەووف بێگەرد، کۆمەڵگای مەدەنی.

٢) گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ٢ ی ساڵی(ئەیلولی ١٩٩٧)، رەوتی وەرچەرخان، بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی (شارستانی)لە کوردستانی عێراق دا، عەبدلحەمید بەرزنجی.

٣) موحسنی،مەنوچێهر،و.رێبوار سیوەیلی وئەوانی دیکە،دەروازەکانی کۆمەڵناسی، ساڵی٢٠٠٢، دەزگای موکریان .

٤) گۆڤاری مەدەنیەت ، ژمارە (١٣-١٤) ئاب و ئەیلولی ٢٠٠٢ ، چەمکی کۆمەڵی مەدەنی لە بەرامبەر کۆمەڵی ئیستبدادیدا، ن:عەلی خۆش سوخەت، و.پێشڕەو حوسێن.

٥) گۆڤاری سەنتەری برایەتی ،ژمارە (٩) ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨،کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی، د.داریوش ئەخوان زیخای، و.بەختیار شاخی.

٦) گۆڤاری سەنتەری برایەتی ،ژمارە(٢٣) بەهاری٢٠٠٢، گەڕانەوەیەك بۆ دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، کامیل شیاع.

٧) گۆڤـاری سـەنتەری برایـەتی، ژمـارە(١٥) موسـلح عەبدلقـەهار ئیروانی،کۆمـەڵگای مەدەنی و ئاستەنگەکانی.

٨) مـاکلین، جـۆرج.ف، و.شـاخەوان منـصور، کۆمـەڵی مـەدەنی و سـەرلە نـوێ بیناکردنەوەی کۆمەڵگا، ساڵی٢٠٠٦.

٩) نەژاد، موسا غەنی، و.ڕێباز مستەفا، کۆمەڵی مەدەنی، ساڵی٢٠٠١.

١٠) گۆڤـاری مەدەنیـەت، ژمـارە ١٦ ی شـوبات و مـارت ٢٠٠٤، تیـۆری مەدەنیـەت، ن.موکوتسا دایوکیچی، و.ستارکەریم.

١١) گۆڤاری سـەنتەری برایـەتی، ژمـارە١٤ کـانونی یەکـەمی سـاڵی١٩٩٩، لێبـوردەی و کۆمەڵگای مەدەنی، عەلی ئەکبەر ئەمینی، و .یوسف.

١٢) گۆڤـاری سـەردەم، ژمـارە (٣٣) حـوزەیرانی سـاڵی٢٠٠٤،مێـژووی فەلـسەفیانەی بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی، ئۆبرین،ڕۆرن،و.ئاوات ئەحمەد.

# ڕواڵەتی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی

گۆران ئیمامی

قسەكردن لەسەر كۆمەڵگای مەدەنی و ڕێسا و تایبەتمەندیەكانی بەدەر لە چوارچێوەی هەموو تەوژمێكی سیاسی لە ئیمڕۆدا لە كوردستان لە هەموو كاتێكی تر زیاتر بووەتە بابەتگەلێك و جێگای مشتومڕی زیاد لە لایەنێكە تا وەك پێداویستیەك و پایەیەك لە پایە هەرە گرنگەكانی كۆمەڵگەی شارستانی لە ناو كۆمەڵگەی كوردیدا جێگای خۆی بكاتەوە. كەواتە ڕاستەوخۆ بوونی ئەم مشتومڕە خۆی لە خۆیدا مانای وجودی ئەو تەوەرەیە كە هەرچەند هەست پێكردنەكەشی تا ڕادەیەكی زۆر جێگای ئومێد نەبێت، بەڵام تۆ ئەبێ ئەوەت تێپەڕاندبێ كە باس لە سەرابی ئەو دیاردەیە بكەیت، كەواتە هەنووكە لە ناو ناوەندی كوردیدا قسەكردن لەسەر كۆمەڵگەی مەدەنی و بوونی ڕێكخراوەكانی داكۆكیكردن لە مافی چینە تایبەتیەكانی كۆمەڵگە لەوە

بەدوورمان دەخاتەوە باس لە نەبوونی بکەین، بەڵکو ئەوەی لەسەرمانە باسی بکەین لایەنەکانی و کەموکوڕیەکانی و گرفتەکانییەتی تا بەدەست خستنە سەر هەڵەکان و گرفتەکان فۆرمێکی دیکەی دیموکراتی کە بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگایە بخەینە بەردەست کە ژیانی فەرد و گرووپەکان تیایدا پارێزراو بن.

دیارە کاتێك رێکخراوێك دەیەوێت خۆی وەك رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی بناسێنێ، وەك پێشمەرجێ بۆ وەرگرتنی ئەو ناسنامەیە دەبێت سەرەتا خۆی داماڵێت لە هەموو ئایدۆلۆژییەك، دەبێت بنەڕەتی دروست بوونی ئەو رێکخراوە لەسەر چالاکی کار کردن بێت بۆ وەدەست خستنی ئەو مافانەی کە ڕەوایە بەو جۆرە پیشەیەی کە ئەو نوێنەرایەتی دەکات لەدەرەوەی هەموو ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی، واتە هەر کاتێك رێکخراوێکی مەدەنی ئایدۆلۆژیایەکی کردە بنەما بۆ ڕاپەراندنی چالاکیەکانی ئەو کاتە لەوە دەردەچێ کە رێکخراوێکی مەدەنی بێت.

بەڵام ئەگەر بێتوو ئەم بەندە خاڵێکی پشکنین بێت بۆ هەموو ئەو رێکخراوانەو سەربەخۆیی بوونی ئەو رێکخراوانە بکرێتە ناسنامە ئەوا بەدەگمەن تاکە رێکخراوێکی کارا و سەربەخۆت لە هەموو ڕوویەکەوە لە کوردستان دەست دەکەوێت و هەوڵدان بۆ کاڵکردنەوەی رۆڵی رێکخراوەکان لە کوردستان لە هەموو ئاستەنگەکانی تر زیاتر ڕووبەڕووی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوەتەوە ، دیارە ئەم لەدەستدانی سەربەخۆیی بوونەش مەودای کاریگەریی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پشتگیری داواکانی ئەو دەستەبژێرەی کە ئەم رێکخراوە خۆی بە میکانیزمی بەدەستهێنانی ئەو مافانەی دەزانێت کەمتر دەبێتەوە.

نەك هەر ئەمەش بەڵکو سەربەخۆیی ئابووریش دیسان دەستێکی باڵای هەیە ئەگەر بێتوو رێکخراوەکان وابەستە بن بە حکومەتەوە لە ڕووی سەربەخۆیی ئابووریەوە، دەبێت سەرچاوەی ئابووی ئەو رێکخراوانە سەربەخۆ بن، کە نەتوانی قسە لە چارەسەرکردنی کێشەیەك بکەیت تەنها بە ڕووکەش شکڵی رێکخراوێکی کۆمەڵگەی

مەدەنی بە سیماتەوە دیارە کە ئەمەش خاڵیە لەو فشارانەی کە دەیکەیت بۆ بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگا.

هەنووکە لە کوردستاندا ئەوەندە رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیمان هەیە ئەستەمە بە هاوتای ئەو قەبارەیە کاریگەرییەکانی لە ناو گۆرەپانی کۆمەڵگەی کوردیدا بەرچاو بکەوێت، ئەوەی کە هەیە ئێستا تەنها بە ژمارەیەو لە کاریگەرییەکی ئیجابی ئەوتۆ نییە کە بە جدی و خێرا کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاو ی پێ هەڵبنێ، وەکو لە سەرەتاشەوە ئاماژەم پێدا ئەم قۆناغەی هەنووکە ئاماژەیەکی دڵخۆشکەرە بەرەو ئایندەیەکی روونتر کە بە دڵنیاییەوە هەموو رێگاکان لە هەنگاوێکەوە دەست پێدەکات و بگرە نەك هەنگاوێ چەندین هەنگاومان لەو بوارەدا ناوە و ئەوەشمان سەدا سەد لا حەقیقەتە کە ئەم بەمەدەنی بوونە پێویستی بە باجی زۆر هەیە و ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئێستا تا پلەیەکی باش دیموکراتی و کۆمەڵگەی مەدەنی تیایدا بەرقەرارە دیارە لە هەوەنتە و بە بێ باج و لە ماوەیەکی کورتدا نەبوو بەڵکو چەندین سەدەیان ویستووە تا بەم ئاستەی ئێستا گەیشتوون ، ئێمەش ناڵێین بەو رێگایانەدا برۆین و ئەوەندەمان لە کات بوێت تا دەگەینە ئەو پێشکەوتنە، بەڵام بە دڵنیاییەوە بە ئاسانی ناگەینە ئەو پلەیە لە پێشکەوتن چونکە زۆر هەڵەیە ئەوەی ئەوروپا بە چوار سەدە پێیگەیشت لە مەدەنیەت و دیموکراتی ئێمە بە چوار ساڵ پەلەی بەدەستهێنانی بین.

# دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان دابەشی سەر سێ بەشی ( خراپ ــ ناوەند ــ باش ) دەبن

محەمەد خەلیل

بە ڕێکخراوبوونی چین و توێژەکان یەکێکە لە گرنگترین کۆڵەگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتیەت، لە کۆڕو کۆمەڵەو سەندیکاو سەنتەرو ڕێکخراو و یەکێتیەکان. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سیستماتیك بەشداری لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی دابکەن و لە هەوڵی سەرکەوتنی دابن و لە هەمانکاتیش دا بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئامانجەکانیان لە چوارچێوەی دەستووری یاسادا لە تێکۆشاندان. هەر کۆمەڵگایەکیش بە خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی و لە قۆناغێکی مێژوویی بە پێی ئەو واقیعەی کە هەیەتی ئەسپی خۆی تاو دەدات، لەم چوارچێوەیەدا تا بگاتە ژیانێکی باشتر. کۆمەڵگەی کوردستانی لە سەرەتای هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنین، بۆیە زۆر گرنگ و پێویستە گشت تاکەکانی خەڵکی کوردستان بە ڕوونی و لە ئەرك و ماف و ئامانجی ڕێکخراوەکان

ئاگـادارین تـا بتـوانن بەشـداریەکی ئـەکتیڤ لـە گەیـشتن بـە ویـست و خواسـتو ئارەزووەکانیـان بکـەن و بـەرەو کۆمەڵگایـەکی مـەدەنی و سـەرفرازی و ئـازادی و دیموکراتی. ئێمە لێرەدا وەك هـەوڵێکی دیاریکراویـان فـراوانتر بـۆ ئـەم ئامـانج و پـڕۆژە گرنگـە دەمانـەوێت خـشتێك بخەینـە سـەر دیـواری هـەوڵ و تێکۆشـانی کەسـانی دیکـەو هەندێك بابەت روون بکەینەوە. وەبە پێویست و گرنگی دەزانم هەر کەسێك کەوا کار لـەم بوارە دەکات یا ئەندامە لە هەر کۆمڵەو ڕێکخراوێکـی NGO یـا دەیـەوێت قـسە لەسـەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا بکات، یا تێبـینی و ڕەخنـەی هەیـە لـە ئیشوکارەکانی بە وردی ئەم دوو یاسایە بخوێنێتەوە تا بەلای کەمەوە بزانێت مافـەکانی چین و چۆنن؟ تـا بتوانێـت وەریـان بگرێـت پیادەیـان بکـات و بـە شـێوەیەکی بابەتیانـە قسەوباسیان لەسەر بکات وە لـە هـەمان کاتـدا پێوسـتە واقعـی میللـەتی خۆمـان و ئـەم ماوەیە کەمە کە بەسەر دروستبوونی کۆمەڵـە و ڕێکخراوەکـان تێپـەڕیوە، ئـەو ئەزموونـە سـادە وسـاکارەی هەمانـە لـە بـواری ڕێکخراوەیـی بـە بـەراورد، لەگـەڵ ئـەم وڵاتانـەی سەقامگیرن و خاوەن مێژوویەکی پڕ ئەزموونن لەم بوارەدا کە هەرگیزێ بـە خـۆم نـادەم کە بەراوردکاری و سوود وەرگرتن لە وڵاتـە پێـشکەوتووەکان بـە هەڵـە نـاو ببـەم، بـەڵام پێویستە بەراوردکاریەکانیش زانستی بێت و زانیاری دیکۆمێنت و لەگەڵ لەبەرچـاوگرتنی واقعی کوردستان بێت کە هەندێك کەس زۆر بێ زانیاری و پسپۆڕی لە ڕێگای بینینی یـان بیستنی کەموکورتیەك و تەنها هەڵەیەك گوللە بەتاریکی وەدەنێـت بـە میزاجـی تایبـەتی هێڵێکـی ڕاسـت و چـەوتی بەسـەر هـەموو ڕێکخـراو و کۆمەڵـەکان نـاوەو زۆربـێ بایـەخی نیشان داون یاخود پێی وایە وای نیشانداوە کـە زۆر شـارەزای ڕێکخراوەکانـە لـە وڵاتـان بۆیە ژمارەی ڕێکخراوەکانی کوردستانی بـە قـەد چـەندین وڵاتـی ئـەورووپی نیـشانداون، گوایـە ئـەم ژمـارە زۆرەی ڕێکخراوەکـان لـە کوردسـتان دیاردەیـەکی ناشارسـتانییە بـێ ئەوەی بە دروستی بزانێت چەند ڕێکخراو کۆمەڵە لـە کوردسـتان دان، گوایـە ئـەم ژمـارە زۆرەی ڕێکخراوەکان لە کوردستان دیاردەیەکی نا شارستانییە بـێ ئـەوەی بـە دروسـتی

بزانێت چەند رێكخراو و كۆمەڵە لە كوردستان هەن و بێ ئەوەی بزانێت تەنها لە تونس ژمارەیەكی خەیاڵی رێكخراو هەیە. بۆیە چۆن ساڵی ٢٠٠٥و ٢٠٠٦ باس باسی عەولەمە جیهان گیری بوو ئەوا ساڵی ٢٠٠٧ ساڵی باسكردنی رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بوو لە میدیاكانی كوردستان كە بە چاك و خراپییەوە شتێكی خستەسەر خەرمانەی زانیارییەكانی كۆمەڵی كوردستان بە ئومێدی ئەوەین لە ساڵی ٢٠٠٨ میدیاكان بەردەوامیان هەبێت بۆ زیاتر بایەخدان بەكارەكانی دامەزراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی، لە هەمانكاتدا بایەخی زیاترو پشتگیری زیاترو باسكردنیان بەشێوەیەكی واقیعیانەو دوور لە هەڵچوون و میزاجی تایبەتیو بانگكردنی كەسانی پسپۆڕی بیانی و ناردنەدەرەوەی سەرپەرشتیارانی سەنتەرەكان و رێكخراوەكان بۆ وڵاتانی بیانی بەپێی بەرنامەیەكی داڕێژراو زیاتر خۆ بە خاوەن زانینی دەزگا پەیوەندیدارەكانی حكوومی و حزبی و لە رووی سەرپەرشتیكردن و رێنمایی ودەستگرتنی كەسانی شیاو لێهاتوو دڵسۆز و هاوكاری كردنیان وەك وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی وەرزش و لاوان و وەزارەتی دارایی و سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەتوانێت ئەكتیڤ تر بكرێت، تا كۆمەڵگایەكی تەندروست و مەدەنی بەرهەم بهێنین كەتیایدا لاوان هوشیارو جەسورو كاركەربن و لە پێناو بەدەستهێنانی مافەكانیان و جێبەجێكردنی ئەركەكانیان كەمتەرخەم و بێ خەمو ناهوشیارنەبن بێگومان كۆمەڵگایەكی پێشكەوتوو مەدەنی و یەكگرتوو بنیات دەنێیت كە هەرگیز دوژمن و ناحەزان زەفەریان پێ نابەن هەروەها سەنتەرەكان بوونەتە مەكۆیەك بۆ گردبوونەوەی لاوان و گفتوگۆكردنی لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەكانیان بەپێی ئاست و توانایان، كە ئەمەش بوێریەكی وای لایان بەهێزكردووە توانای گفتوگۆ و ڕادەربڕینیان هەیە، سەرەڕای پڕكردنەوەی زیادەكان، كە لە بڕی بەفیرۆدانی كات، لە ژێر كاریگەری ناوی سەنتەر هەندێك پابەندبوونیان كەوتۆتە سەرشان، گەر نا لە هەولێری پایتەخت ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستا كە ژمارەی دانیشتووان و گەڕەكەكانی زۆر لە ئێستا بچووكترو كەمتربوو، لە ئامرازی پەیوەندی و گەیشتن زۆرزۆر لە ئێستا سنووردارتربوو كەچی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش پتەوترو تێکەڵاویش زیاتر بوو، مەبەستمە بگەمە ئەم ئامانجەی سەرەڕای گەورەبوونی شار بۆ چەندین هێندەی خۆی و سستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کەمتر پابەندبوون و پێ بەپێی قۆناغی پێشکەوتن و ئاسانبوونی پەیوەندییەکان و سانا بوونی گەیشتن بە ئامرازەکانی ورووژاندن، کە ئەمانە لە ڕووی کارەوە لایەنی باش و خراپی هەیەکەچی بەشێك لەم دیاردە ناشرینانەی ئەوکات هەبوون ئێستا نەماون یاخود کەمتربووینەوەو گەنج و لاوانمان بە بەراورد لەگەڵ ئەو سەردەمانە پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیووە، قۆناغ بە قۆناغ بەرەوپێشچوونی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیش پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیووە، کە بەشێکی گرنگی بەهۆی هەبوونی ئەم سەنتەر و کۆمەڵە و ڕێکخراوانەبووە، سەرەڕای هەستکردن لە نا دادپەروەری لە دانی بەخشین بۆ ڕێکخراوەکان و نەبوونی هەڵسەنگاندن لە کارەکانیان لە ڕووی زیادکردن و کەمکردنەوەی ڕێکخراوە چالاك و نا چالاکەکان ، کە پێویستە ئەکتیڤ بکرێت، هەروەها زیاتر هان دان و بە سیستماتیك کردنی چالاکییەکان و بە زانستی کردنیان، هەروەها ئەم لاپەڕەیەی خەبات کە تایبەتە بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەڕێترو بابەتی زانستی و بابەتیانەی دیکەی تێدا بڵاوبکرێتەوە و کەسانی پسپۆر قۆڵ و باسکی مەردایەتیان لێ هەڵکەن و ئێمە و کۆمەڵگەکەمان لەم بوارەدا دەوڵەمەند بکەن، هەروەها بایەخدارانی ئەم بوارە لە هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری وردو بە دیکۆمێنت بۆ بەرەوپێشبردنی بواری ڕێکخراوەیی تا بتوانین بەکاروانی شارستانی و دیموکراتی و مەدەنیانەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بگەین. بە حوکمی ئەوەی ماوەیەکە سەوداسەریم لەگەڵ NGO هەیە لە شاری هەولێر، دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەك توانیویانە بەهرەو تواناو ئارەزووەکانی لاوان بەدی بهێنن، ئەگەر بە شێوەیەکی سادەش دەست پێکرابێت، هەوڵی کارکردنیان لە بواری زانستی و ڕۆشنبیری و کەلتووری داوە، لە کاتە هەستیارەکان هەڵوێستیان هەبووە، ئەمەش بە ئیمکانیەتێکی نەتەوەیی زۆر باش دادەندرێت کەوا چاوەڕوان ناکرێت، تاڕادەی ئەوەی

بۆ هەندێکیان دەتوانم بڵێم بە ماندووبوونێکی زۆر تاڕادەی سگ گوشینی خۆیان، بەڵام بە هیممەتێکی زۆر و ماندوو نەناسانەو خەبات گێڕانە، تێکۆشاون بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکیانە نکۆڵیش لەوەناکرێت کە هەندێك دامەزراوەی کۆمەڵگای مەدەنی هەن وەك پێویست نین لە کارەکانیان، بێ ئومێدی لە کارەکانیان بەدی دەکرێت، بەڵام مانای وانییە ئەم پێناسەیە ببێتە پێوەر بۆ سەرجەم دامەزراوەکان، بەشێوەیەکی گشتی دامەزراوەکان لە ڕووی کارکردن دابەش دەبن بۆ سێ چین (باش ـ ناوەندی ـ خراپ) کە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار پێویستە بۆ هەر جۆرێکیان شێوازێکی هاوکاری تایبەت دابنێت ئەویش بەهیوای سەرخستنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان.

# کۆمەڵگەی مەدەنی و،
# زەمینەسازی بۆکاری ڕێکخراوەکان

حەسەن جەباری

قسەکردن لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕاستەوخۆ قسەکردنە لەسەر چۆنێتی گۆڕانکاری لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، قسەکردن لەسەر ئاستێکی باش و ژیانێکی بەختەوەرتر بۆ مرۆڤەکان، بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بەردەوام مرۆڤەکان هەوڵیانداوە ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان بخولقێنن، تەماشا دەکەین وورده وورده پێشکەوتنەکان هاتوونە وجود، سەرەتا قۆناغی کشتوکاڵی، پاشان بازرگانی و..هتد هەموو ئەم پێشکەوتنانە وەهای کردووە کەمرۆڤەکان بیر بکەنەوە، چۆن و بەچ شێوەیەك بتوانن مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن و، مامەڵەی نێوان خۆیان و دەسەڵات یەك بخەن،.. دیارە شۆڕشەکان بەتایبەتی

شۆڕشی فەرەنسا، کەچەمکی هاووڵاتی بوونی چەسپاند لە(زهنی) مرۆڤەکان وەهایکرد مرۆڤ وابەستەی خاك و خۆڵی خۆی بێت، بەڵام لەسەر بنەمایەکی یەکسان و دادپەروەری، هەڵبەت ئەم شۆڕشە وەکو هەموو شۆڕشەکانی دیکە کارلێکردنی هەبوو لەسەر سەرتاپای مرۆڤەکان لەجیهاندا جا بۆیە ئێمەش وەکو مرۆڤ بەدەرنین لەوجیهانە، بگرە کورد یەکێکە لەو گەلانەی بەردەوام خەونەکانی بۆ گەیشتن بەژیانێکی مەدەنی و دور لەئاڵۆزی و دڵ ڕەقی و ستەم و ستەمکاری(تەجیل)کردووە یاخود هەلومەرجی زاتی و بابەتی خزمەتی پێنەکردووەو پێ(تەحیل)کردووە لە(طموح)ە فەردیەکانەوە بیگرە تادەگاتە(طموح)ە نەتەوەییەکان بەردەوام فاکتەرەکان بەپێچەوانەی ویستی بووە.. بۆیە لەو بڕوایەدام قسەکردن لەسەر چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەئێوە ئەم تەوەرەتان بۆتەرخانکردووە کارێکی باشە، کۆمەڵگەی مەدەنی بەبڕوای من: وەکو چەمك و زاراوە وەکو موفرەداتەکانی دیکە(ئازادی، دیموکراسی، لیبراڵ..) لەدوای ساڵی(١٩٩١)ەوە، هاتە وجود لای ئێمە جێگەی تێڕامان و شرۆڤەکردن و شیکردنەوەبوو، هەروەها ئەو ڕوداوە گەورەیەی لەساڵی(٢٠٠٣)ڕویداوە زیاتر ئەم چەمکانەی خستەبەر مەبنای قسەکردن و شرۆڤەکردن، چونکە لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس زیاتر فەزایەکی ئازاد و دیموکراس هەستی پێدەکرا، لەجێگەی تاریك و ڕوناکی بینرا، لەجێگەی ستەمکاری جۆرێك لەئازادی و دیموکراسیەت هەستی پێدەکرا.. دەمی پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو چەمك(مەعنا) بەهەمان دەردی چەمکەکان نەچوە؟ کەتەنیا وەکو دروشم باسی بکرێت و(حبربێت لەسەر کاغەز) چونکە چەمکی بەرژەوەندی گشتی و، دیموکراسیەت بەسەری هات لەجێگەی ئەسڵی مەبەست کە پراکتیزەکردنیەتی لەواقیعدا، وەکو ئاماژەمان پێکرد بۆ تەرتیبکردنی پەیوەندیەکی باش لەنێوان خەڵك و دەسەڵات و گەیشتن بەژیانێکی باشتر، زۆرن ئەوانەی پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنیان کردووە لەبیرمەندانی جیهانی عەرەب، لەهەموو ئەم پێناسەو ڕەئیانەی هەن لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی دەگەینە قەناعەتێك کەزەمینەسازی بۆ

مرۆڤەكان بۆ خۆڕێكخستنیان لەڕێكخراو و سەندیكاو كۆمەڵەو ئەحزابەكان بۆگەیشتن بەئامانجەكانیان، پێموایە ئەوەی سەندیكاو، حزب و، ڕێكخراوەكان جیا دەكاتەوە لەمەسائیلی عەشایر و خێڵەكی سێ فاكتەرو مۆتیڤە:

١- بۆئەوەی چەمكی كۆمەڵگەی مەدەنی بچەسپێت پێویست دەكات مرۆڤەكان ئازادبن لە ئەختیاركردنی ئەو سەندیكاو كۆمەڵانەی ئینتیمای بۆدەكەن، ئەو(ئەختیار)ە جیاوازە كەتۆ لەدایك دەبیت بۆ ناچار و جەبری سەربە عەشیرەت و گەڕەك و خانەوادەیەكی، بەڵام كاری سەندیكا لە(ئەختیاری)خۆتە.

٢-كارێكی دەستە جەمعیە تا ئینتیمای ئەفرادەكان بۆ سەندیكاو ڕێكخراو بۆ ئەوەی بتوانن بەهاوبەشی بەپێی ئەو پەیرەوەی دایدەنێن داكۆكی لەمافەكانی خۆیان بكەن(مادی و مەعنەوی)

٣- كارێكی ئەخلاقیە، لێرەدا جۆرێك لەپابەندبوونی مرۆڤەكان دەبینرێت بۆ ئازادی و ڕێزگرتن لەبەرامبەر، چونكە مرۆڤ كاتێكی بۆخۆی بەحەلاڵی دەزانێت پەیوەست بێت بەسەندیكاو كۆمەڵێكەوە بەمەبەستی دەستەبەربوونی مافەكانی دەبێت بۆ بەرامبەریش بەڕەوای بزانێت لەڕێگای ئەم چەند خاڵەوە دێمەوە سەر پرسیاری بەڕێزتان دەپرسن ئایا ئەو ڕێكخراو و سەنتەرانەی لەنێو هەرێمی كوردستان كاردەكەن دەتوانن بەئاراستەی كۆمەڵگەی مەدەنی كاربكەن؟. قسەكردن لەسەركاری ئەم ڕێكخراو و سەنتەرانە بۆئەوەی قسەكردن بەبابەتی و مەیدانی بێت، پێویست بەریپۆرتاژ و وانە دەكات، بەڵام بەشكڵ و فۆرمی گشتی پێموایە حاڵەتێكی تەندروست و ساغڵەمە، كەمرۆڤەكان بۆخۆیان بیر لەوەبكەنەوە چیتر دوای بەرژەوەندی گشتی نەكەون بەڵام دوای بەرژەوەندیە زاتیەكانی خۆیان بكەون، چ مادی چ مەعنەوی لە(خیلالی) كاركردنیان لەم سەنتەرانەدا، نابێت میسالی بیركردنەوە وەها تێبگەین تاكاری ئەم سەنتەرانە تەنیا خۆی لەچوارچێوەی(ڕیفۆرم و چاكسان) گۆڕانی شكڵی كۆمەڵگایە بۆ ئێمە، چونكە گۆڕانكاری لەشكڵ و سیستەم و ویژداندا، بەپێی قۆناغ دەبێت لەم

قۆناغـەدا ئـەرکی گـران و قـورس لەسـەر شـانی حکوومەتـە، تـا ئـەو قۆناغـە(زهنیـەتی) مرۆڤەکان بەشێوەیەکی دیکە لەژیان دەڕوانن، ئەمەش پێویستی بەماندوبوون و کۆششی هەموو لایەکە، پێموەهایە ئاسانکاری بۆ دروستکردنی سەنتەر و ڕێکخراوەکان تا ئاستێك هەیە، بەڵام وەکو پێویست نیە، پێشنیار دەکـەم لـەبری مۆڵـەت لـەوەزارەتی نـاوخۆ بـۆ سەندیکاو سەنتەرەکان شارەوانیەکان ئەم کارە بگرنە ئەستۆ چونکە مۆڵەتدان لـەڕێگای وەزارەتـی نـاوخۆ بەسـەنتەرەکان، سیـستەمی.. تۆتالیتـاریزم بـیر دەخاتـەوە تـرس و دڵــەڕاوکێ، ئــەم هــەنگاوە ســەرەتای هــەنگاو دەبێــت بۆگۆڕانکــاری لەچــۆنیەتی بیرکردنەوەمان لەسەنتەرو کۆمەڵەکان، خاڵێکی دیکـە هەیـە پـێم خۆشـە قـسەی لەسـەر بکـەم تێکـەڵاوی هەیـە لـەنێوان ڕێکخـراوە ناحکوومیـەکان و NGO کـان و ڕێکخـراوە جەماوەریـەکان... دەبێـت ئـەم کارانـە وەهابێـت بـەرەو پرۆڤیتـاڵی بـڕوات بـۆ ئـەوەی کـارلێکردنی هـەبێت لەسـەر تـەواوی کۆمـەڵگا مەبەسـتم زیـاتر ڕوون بکەمـەوە پێویـست دەکات سەنتەر و سەندیکاو کۆمەڵەکان لەیـەك نەچـن و لـەپێناو ئامـانجی زۆر دیـاریکراو کاربکەن سەنتەری وەها هەیە زۆر کاردەکات کاری ڕۆشنبیری، کۆمەڵایـەتی، کـەلتوری.. هەمووی پێکەوە، بەڵام لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەت یەکێك لەمەرجەکان ئەوەبێت بواری بـۆ دابنرێت، یان خۆیان بکەن بۆ فەزاو چوارچێوەی کارکردنیان دەنا وەها نابێت بڕوا بکەن ئەوەی دەوترێت و دەنوسـرێت تـاڵێ لەلەشـی مـرۆڤ نابزوێنێـت. بابـچینە سـەر خـاڵێکی دیکەی حەساس کەئێوەی بەڕێز پرسیارتان لەسەر نەکردووە ئەویش ئەوەیە حزب لـەناو چوارچـێوەی کۆمـەڵگای مـەدەنی دەکرێـت قـسەی لەسـەر بکـەین، یـاخود لـەدەرەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ زۆرێك لەسەرۆکی سەنتەرو یانەکان پێیان وایە حزب لەدەرەوەی کۆمەڵگەی مەدەنیە ئەو هۆکارانە چین وەها بیر بکرێتەوە...

پێموایـە یـەکێك لەئیـشکالیەتی هەرەگـەورەکانی ئێمـە کاتێـك قـسە لەسـەر کۆمەڵگـەی مەدەنی دەکـەین، دەرکردنـی(حزبـە) لەهاوکێـشەکە، کەئەمـەش بۆخـۆی دوو ڕەهەنـدی هەیە:

* حیزبـە کوردیـەکان بەدرێـژایی مێـژووی بزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد لەحاڵـەتێکی ئاسایی ژیانی حیزب و سیاسی خۆیان ڕێکخستووە، لەبـەر ئـەوەی هەلومـەرجی زاتـی و بابەتی لەبەر نەبووە، ئەو ڕژێمانەی حوکمی ئێراقیان کـردووە باوەڕیـان نـەبووە بـەوەی لـەڕێگای ململانێـی حزبـی تەندروسـت، لەڕێگـەی سـندوقەکانی هەڵبژاردنـەوە ئـاڵوگۆڕی دەسەڵات بکرێت بۆیە بەردەوام بەتوند و تیژی و چەك و ئاسـن مامەڵـەیان لەگـەڵ هێـزە ڕزگاریخوازەکان کردووە، بۆیە ڕەنگدانەوەی هـەبووە لەسـەر ئەحزابـەکان، کەبەناچـاری پـەنایان بـۆ بـەرەنگاری بـردووە لـەپێناو پاراسـتنی ناسـنامەی گـەلی کـورد، هـەموو پرۆسـەیەك لەژیانـدا هۆکـارو مۆتیڤـەکان.. هەرچـی بێـت دۆخێکـی ناسروشـتی دروسـت دەکـات بۆیـە لای ئەحزابـەکانی ئێمـە چـەمکی(ئازایـەتی و قارەمـانێتی) لـەو چـەمکە پیرۆزانــەن تــا هەنووکــەش، جۆرێــك لەزهنیــەتی بەرهــەمهێناوە ئەگــەر دوور نــەبێت لەمەدەنیەتەوە، هـەنگاو هـەڵهێنانی بـەرەو کۆمەڵگـەی مـەدەنی بەقورسـی و لەسـەرخۆ دەبێت، چونکە هەموو حیزبەکان ئەگەر زۆربەشیان باڵی سەربازیان نەبێت، ئـەوە وەکـو ووتم(جەرائەت) لەلولەی تفەنگـەوە تێگەیـشتوون لەبـەر ئـەو هەلومەرجـەی باسمـانکرد، بۆیە دوای گۆڕانکاریەکانی ساڵی ١٩٩١ پاشـان ڕێکەوتنامـەی هێـزە سیاسـیەکانی کـورد لەدوای ساڵی ١٩٩٨ەوە، پاشان گۆڕانکاری لەنەخشەی سیاسی ئێراقـدا لەسـاڵی ٢٠٠٣، واتا پاش ڕوخانی ڕژێم، جۆرێکی دیکەی لەزەمینـە سـازکرد بۆیـە ئەحزابـەکان، هـەوڵێك هەیە بـەو ئاراسـتەیە، کـەململانێ حزبیـەکان ڕێکبخرێـت بەمەبەسـتی ڕێکخسـتنی ژیـانی سیاسی و جڤاتی، کەئەمەش لەو بڕوایەدام کارلێکردنی تەواوی دەبێـت لەسـەر سـەرجەم بوارەکانی ژیانی(سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، فەرهەنگی،هتد...)

* ڕەهەندی دووهەم، ئێستاش زۆرێك لەرۆشنبیران هەوڵدەدەن حزب وەکو ساڵی(١٩٩١) نیشان بـدەن، ئەمـەش ئەشـکالیەتی ڕۆژانـی ئەحزابـەکان لەبـەڕێوەبردنی وڵات دەکەنـە بەهانەیـەك بـۆ پەراوێزخـستنی حـزب لەکۆمــەڵگا، کەئەمــە کــارێکی مەحاڵــە چــونکە ئەحزابەکان نەك تەنها لەکوردسـتان و ئێـراق ڕۆڵـی گـەورە دەبیـنن لەڕێکخسـتنی ژیـانی

سیاسی، بەڵکو لەوڵاتانی زۆر پێشکەوتووش تاوەکو ئێستاش دەورو ڕۆڵی حزب بەزیندوویی ماوەتەوەو، بەشێکی گرنگە لەپێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و، هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو، کەهەواڵنامەکان دەگوازنەوە ئەوە دەخەنەڕوو حزب لەوڵاتێکی(سۆسیالیستی، لیبراڵی، ئیسلامی...)ڕۆڵی بەرچاوو زیندوی هەیە، چەندە ئەحزابەکان بەئاراستەیەکی مەدەنی ململانێکان بن ئەوەندەش ئەو وڵاتە کرانەوە بەخۆی دەبینێت لەڕووی مەدەنیەوە بەپێچەوانەشەوە..

**دەرەنجام:**

تێگەیشتنی ئێمە لەچەمك و زاراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی تاوەکو ئێستاش خەریکە بەدەردی هەمان تێگەیشتن دەڕوات، کەبەسەر چەمکەکانی(ئازادی و، دیموکراسیەت و، ئازادی ڕۆژنامەگەری...) دەمانەوێت تەفسیرەکانی خۆمان زاڵ بکەین بەسەرتەفسیرە بابەتی و واقیعەکان، قسەکردن لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی ئەوەندە قسەکردنە لەسەر تەرتیبکردنی ژیان و ڕێکخستنی لەسەر بنەمای یاسایی و ماف و ئەرك ئەوەندەی قسەکردن خەیاڵی و ئاڵۆز نیە، قسەکردن لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی قسەکردن و تێگەیشتنە لەنەرمونیانی و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی لێبوردەیی کەبەتەنها ئەرکی حزب و لایەنە سیاسیەکان نیە، ئەگەرچی پشکی گەورەیان بەر دەکەوێت، بەڵام هەموو ئەو ڕێکخراو و سەنتەرو سەندیکاو کۆمەڵانەی کەلەبوارە جیا جیاکان کاردەکەن، دەتوانن لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا سەرەڕای هەموو ئەو تەنگژەو قەیرانانەی دەبینرێت لەبواری ئیداری، سیاسی..،هتد) هەنگاو هەڵبهێنن بۆئەوەی سەرەتایەکی باش بونیاد بنێن بۆکاری ڕێکخراوەیی و، دەبێت سوود لەئەزموونی گەلان و جیهان وەربگرن، وەکو غاندی دەڵێت:

جیهانیانە بیر بکەنەوە، ناوچەییانە کاربکەن.

# پێنگاڤەك لسەر دەرازینكا جڤاكا مەدەنی

رێكارێ مزویری

جڤاكێن رۆژهەلاتا ناڤین بگشتی دنەبوونا ئازادی و رهاتیا تاكی و مورڤی و كلتوریدا ژیانا خوە ددومینن ، سیمكرن و بازنەدانا هزری و رێگرتن ل ساخكرن و ڤەژاندنا هزرا ئازادو رەها و نویخواز ، تەنكرن و دخودابرنەڤا بازنێن دورپێچداییێن ونداكرنا ورارا جڤاكا مەدەنینە . نەبوونا دێموكراسییێ و لبەرچاڤ نەگرتنا ماڤێ مرۆڤی و پەروەردەنەكرن لپەی پرۆگرامەكێ هەڤچەرخ و دسپلین نەكرنا ژیانا نورمالا هەڤولاتیان لدیف سیستەمەكێ رێكخستی و خوازراو ژلاییێ تەخو توێژێن جڤاكێڤە . سەدەمێن سەرەكییێن گەشەنەكرنا ئەڤی هزرێنە ، هەروەسا خەلەك و بازنێن دۆرپێچداییێن هۆزی دەڤەركی مەزهەبی كەڤنەپەرستی و هوشیارییێ و نەبوونا دەلیڤە و فەزایەكێ گونجاو لەبار ، كاریگەریەك مەزن لسەر ڤێ یەكێ بجهێلایە . رزگاربوونا بەشەكێ كوردستانێ لبن زولم ستەما داگیركەران لپاش راپەرینا پیرۆزا سالا (١٩٩١ ) دەلیڤەك و شانسەك بوو ژبو گەشەكرن و بەلاڤكرن و بەرفرەهكرنا بزاڤا هوشیاریا جڤاكی . لێ پرسا مە ئەوە گەلو رزگاربوون ژ

دەستێ ستەمکاران رزگاربوونە ژ تەڤ نەدوروستیان رزگاربوونە ژتەڤ وان خالێن مە لسەری ئاماژە پێکری .. جڤاکەکا سالەهای سال ژبەر قرێژا بندەستیێ و نەداریێ و شەڕوجەنگێن گران و ئەنفال و کیمیابارن و تەڤکوژیان بەرخودای وخوراگرتی شەرێ مرن و مانێ کری دا نەمریت و ژڤادێ رانەبیت ، جڤاکەکا دوژمنان بهزارەها کەساتیێن دووڕوی و دروزن و مرۆڤ کوژو ستەمکار تێدا پەروەردەکری و فێرە مەزنترین رەفتارێن نامرڤی و توندو تیژ و تێکدەرانە کری و بێبەرنامەو پرۆگرام دناڤا ئابووریەکا هەڕفتی و لاوازو وەلاتەکێ کاڤل و وێراندا هێلایەڤە . بهەند وەرنەگرتنا رەئیا بەرمبەرو یەکتر قەبولنەکرن و کرێتکرنا هەڤدوو بتاك و بکۆم دەستگرتن بوەریسێن هێزو ئالێن بەرژەوەندخاز و کورد نەویست ، راگرتنا چەرخا لخوەزڤریایا ئەڤێ پێنگاڤێیە هەر وەسا گرنگیدان بهێزا سەربازی و عەسکەرتاریەتێ بو نموونە مووچێ کەسەکێ نەخوێندەوارێ عەسکەری ( ٥٠٠٠٠٠ ) هەزارە و سالێ تنێ ( ٦ ) مانگان دەوامێ دکەتن بەلام موچێ دەرچوویەکێ زانکۆییێ ( ٢٢٠٠٠٠ ) هەزارە هەمی رۆژان یێ بەردەوامە ل سەرکارێ خوە . ئەڤە هەمی را ستیێن واقعەکینە کوجڤاکا مە دناڤا ڤێ گێلەشوکێدا گێرا پەلکان یا پێهاتیەکرن و زڤڕیایە و دزڤڕییێت و دنالینیت چ دیدەڤانێن راستگۆ نکارن نکۆلیێ لڤێ یەکێ بکەن . رزگاربوون ژبێنا خوینێ و باروتێ قۆناغەك بوو نها سەراوژێر بویە ، دەربازبوونە ژ ناڤ ئاگرو دوزەخەکا هەل بو ناڤ پەلەموورەکا شاریای ب نادادپەروەریا جڤاکی دلسوزیەکا خاڤ و سار و روتین و گەندەلی و واستەکاری و بەتالا موقەنەعە و بندیواری و دەستگرتن بڕاپەڕاندنا کاروبارێن جڤاکێ بنەشارەزایی و بێبەرنامەی و لاوازیا هێزا پولیسی و قەزایی ، لهەمبەر هێزا کەسی یان گرۆپی ، ئەڤە هەمی رێك و دەروازەو پالپشتن بو کۆمەلە و رێکخراو ناڤەندێن بانگەوازیێ بو جڤاکا مەدەنی دکەن لێ سەنکا مەحەکا دروستبوونا جڤاکا مەدەنی لسەر ئاستێ بەرزێ هوشیاریا تاکێن جڤاکێیە ودیسا برێکا وان تاکان هوشیارکرن و بەرزکرن و پاراستنا بەرژەوەندیێن تاکێن دیە ب لهەڤ کۆمبوون و لهەڤ جڤیانا ڤان تاکان لسەر پڕۆگرامەکێ رێکخستی و بنەماییێن سەرەکیێن هزرا ( مروڤی ، نەتەوی ، ئاینی ، جڤاکی ، رەوشەنبیری ... ) لدویف خەسلەتێن بەرزێن کەسێن هۆشمەند و خۆنەویست و نەگرێدای و ئازاد ، یێ باوەری بکارێ رێکخستی و کوم

و دەستە هەی دناڤا چارچۆڤەكێ یاسایدا دۆر ژ بەرژەوەندیێن كەسی و خۆ نێزیكرنەڤە ل دەستهەلاتێ و خۆ گەهاندنە كورسیكێ و پلە و پاییێن بلند دناڤا جڤاكێدا .جڤاكا مەدنی ڤەرێژا هزرو هێزا ڤان كەسان و دەستە و كومێن نافەرمیێن چالاك و ئەكتیڤن دوارێ خزمەتكرنا تاكێن جڤاكێ ژ ئالیێ ( پەروەردەیی ، رەوشەنبیری ، تەندرۆستی ، خێرخوازی .. ) هەبوونا ڤان كەسان و دەستان دناڤا بانگەوازخوازێن جڤاكا مەدەنی ل وەلاتێ مە دكێمن و ب پەنجێن دەستی دهێن هەژمارتن ، رەشڤەكرنا هەمی كاروچالاكیێن رێكخراو كومەلان نادادپەروەریكا خویایە لێ راستیەكا نەبوونە فاكتەرێن سەرەكیێن گورانكاریان و پێشڤەبرنان دجڤاكێ دا بەهرا هەرە زورا وان دئازادو سەربەخۆ نینە . كەس و لایەنێن دن درۆستكەرێن وانن و دەستێن لپشت لەورا سەرچاڤێ خۆشگوزەرانیا خۆ بخۆنە نەك كەسێن دن ئەڤەژی بەرۆڤاژی وان ئامانجانە یێن بزاڤ بوتێتەكرن كو باشتركرنا ژیانا كەسێن دەردۆرێن وانن و درۆستكرنا چاكسازیێ . چونكو تێكهەلكێشانەكا ئالوزو خورت دناڤا ڤان كومەلە و چاكسازان دا یاهەی چاكسازی د دەروونێ تاكاندا ل ئەنجامێ شەرەنیخەكا رژدو و خۆهەلسەنگاندنێ و خوپێگەهاندنێ دا دەست پێدكەت داهێنان و گۆڕانكاریان درۆست دكەت . ل كوردستانێ نێزیكی (٧٠) یانێن وەرزشی و زێدەتر ( ٦٠ ) كومەلە و رێكخراو ( ١٠٠ ) سەنتەرێن رەوشنبیری و بارەگاو بنگەهێن بناڤێ ئازد و سەربەخۆ یێن هەی سالانە بهزارەهان دیناران ژحكومەتێ وەردكرن بفەرمانا كەس و ئالێن سیاسی نەبیت رێپیڤانەكێ ناكەن و داكوكیێ ل مافێ ئەندامەكێ خوەژی ناكەن ، ئەگەربكەن ژی نەرازیبونەكا سستو لاوازو بێ ئەنجامە هوكارێن سەركێن ڤێ چەندێ ژی نەبوونا ئازادیا رەهایە و سەربەخویا ئابوریەكا خوسەرە. هندەك ژڤان سەنتەر و كومەلانە پارەی ژ حكومەتێ وەردكرن و بسەرخوەدا دابەش دكەن لێپێچینەڤە و بدویفداچوون ژی نیە ئەڤە نەگەندەلیە نەدزیە لێ ئەڤە تالانە لبەر چاڤێ خەلكی لسەر حسابا وان خودەولەمەند دكەن. ئەگەر ئەڤ چەندە راست نەبیت كا رێپیڤان دژی گیروكرن و سزا نەدانا مەزترین تاوانبارێن تەڤكوژیان و ئەنفال و كیمیابارانكەرێن كوردستانێ ..؟ كا چوارەنڤیسێ بكوژێن ( دوعا ) یێ ئەوان دوعایێن رۆژانە زیندی دبنەڤە ..؟ ما چ تاوان ژوێ یەكێ مەزنترە ل ماوێ یەك هەیڤێ دا ل دوو

شاران (هەولێرو . دهوکێ ) لبەر توندوتیژیێ و کڤاشتنا رەفتارێن جڤاکی (١٥ ) ژن خۆ بکوژن . کا دەست لکار هەلگرتن کا خوڤەکێشان ژ کورسیك و پلە و پایان کا نەرازیبوونا ڤان کەسان و کومەلان..؟ ، کەسەکێ ئامادەنەبیت دەست ژکورسیکا خوە بەردەت دێ چەوا شێت کورانکاریان چێکەت و جڤاکەکا مەدەنی بەرهەم ئینیت و درۆست بکەتن ؟!! براستی بۆشایەك مەزن هەیە دناڤا گۆتن و کریارێن مەدا خەلك ب دورسیشمێن تەیسك و بریقەدار دهێن خاپاندن و موژیل کرن ، ب ملیونان دراڤ دهێن مەزاختن و خەرجکرن بو کۆرو کۆمبوون کۆنفرانسێن وان چما کۆنفرانسەك ناهێتە ئەنجامدان ل سەر باشترین کارو چالاکیێن وان ژبو کو خەلك رەش وسپیان ژێك ڤاڤێریت . ئەگەر چالاکی و گورانکاری هەنە چنە ..؟ یەك ژ کارێن هەرە مەزنێن کەسێن بانگەوازیێ بۆ دروستبوونا جڤاکا مەدەنی دکەن و هەولدانە بو رێکخستن و دسپلینێ ژ هە می لایانڤە نەمازە رێکخستنا بنگە و بارەگەهێن خزمەتکرنا خەلکی بگشتی دناڤا باژێرو شاراندا بو نموونە ب هزارەهان بارەگا و بنگەهێن رێکخراو کومەلە و سەنتەرو سەندیکایان و چەندین کەنالێن ناڤ خوی ئەسمانی مە یێن هەی ، لێ (٣-٤) بنگەهێن فریاکەوتنێ و دهەوارهاتنێ یێن هەی لهەمی کوردستانێ کو ئەڤرۆ پێدڤیەکا سەرکیا خەلکێ مەنە ، دکارم بێژم ئەڤان رێکخراوانە بەرنامەکێ زنجیرەی ل سەر تەلەفزیوونێ نیە ژبو هوشیارکرنا تاکێن جڤاکێ ل سەر پەروەردەکا راست و دورست و زانستیانە کارێ هەمیان وەك هەڤە و جیاوازیەکا وەسا دناڤبەرا واندا نیە راگەهاندن نەکاریە وەکی پێدڤی پێزانینان و هوشیاریەکا تەندروستا جڤاکا مەدەنی بەلاڤ و خویا بکەتن .زوریا کارێ وان بریتیە ژ ئەنجامدانا کورۆ سمینارو دەرکرنا گوڤارو رۆژنامانە و بەلاڤوکان هەندەك چالاکیێن دن ئەڤ کێم دەرامەتیە و سستی و خاڤیە . بوونە ئەگەرێ وێ یەکێ کو ئەڤ بزاڤە نەبیتە پالنەرا پێشداچوونێ و گورانکاریان ئەو گورانکاریێن هاتین ئەنجامدان پێدڤیە ب لێڤەکۆلین و توێژنەوە کارێن وان بهێن بەرچاڤکرن و خویاکرن ، هەلوەستە و دیوفچوون لسەر پێشڤە چوون و پاشدامانا وان بهێن کرن .

# کۆمەڵگای مەدەنی چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردن و پێناسە و پێکهاتە سەرەکییەکانی

**ن: عەبدولغەفار شاکر**
**و: تاهیر عوسمان**

لەگەڵ هەرەسهێنانی سیستەمە تۆتالیتاریەکان لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی پێشوو، لەرۆژهەڵاتی ئەوروپا و هەندێك لەولاتانی جیهانی سێیەم و زیاتر رووکردنە دیموکراتییەت، داخوازییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەکو چەمکێکی تازە سەریان هەڵدا، هەر لەگەڵ دەرکەوتنیشیدا، چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارو بلاوکراوەی لەسەر پێشکەشکرا، وەکو هەموو چەکێکی تازەش هەندێك بوونە لایەنگر و کەوتنە پیا هەلگوتن و دەرخستنی لایەنە باشەکانی، هەندێکی دیکەش کەوتنە خانەی دژایەتی کردن و سەرزەنشت کردنی، بەوەی کە خوازیارانی کۆمەڵگای مەدەنی لەدەرەوە هاتوون و چەندین رێکخراوی بیانیش کۆمەکی داراییان پێشکەش هەندێك لە

سەنتەرەکانی توێژینەوە دەکرد تاوەکو پشتگیری لە بیرۆکە بکەن و لەسەر ئاستێکی فراوانـدا بـڵاوی بکەنـەوە، هەرچـەندە لایـەنگرانی بیرۆکەکـە پێیـان وایـە پەرەسـەندنی دیمـوکراتی کۆمـەڵگاکان و تـازە کردنـەوەیان پێویـستیان بەدامەزرانـدنی چـەندین ڕێکخراوی نا حکوومی هەیە کە چالاکییەکانیان ڕۆڵـی دەوڵـەت تـەواو دەکەن و دەبنـە هـۆی بڵاوکردنـەوەی بنـەماکانی دەستپێـشخەری و کـاری بـە کۆمـەڵ و متمانــە لەسەرخۆکردن، گشت ئەوانەش هەلی باشتر بە کۆمەڵگاکان دەدا، ئەو قۆناغە ببڕن کـە لە هەموو شتێکدا متمانە لەسەر دەوڵەت دەکرا، سەرباری بنبڕکردنی چەند بـارودۆخێکی کۆمەڵایەتی کـۆن و بەسەرچـوو لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتەوە مابوونـەوە، بۆیـە پێویـستە سەرەتا بەمێژووی سەرهەڵدان و چۆنیەتی گەشەکردن و گرنگترین ئەرکەکانی کۆمەڵگای مەدەنیـدا بـچینەوەو تیـشك بخەینـە سـەر پێناسـەو پێکهاتـە سـەرەکییەکانی لـەناو کۆمەڵگادا.

## کۆمەڵگای مەدەنی چییە؟

چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی سەرەتا لە فکری یۆنانی ئەغریقییەوە پەیدابووە، ئەرستۆ بە (کۆمەڵەیەکی سیاسی ملکەچی یاسا) نـاوی نـا دەوڵـەتیش لـەهزری سیاسـی ئـەوروپی هاوچەرخدا کۆمەڵگای مەدەنی بەوە لە قەڵەم دەدا کەوا پێکهاتەیـەکی سیاسـی بـن و ئەندامەکانی ئەو هاووڵاتیانەبن، کە دان بەیاساکانی دەوڵەت دەنێن و بەپێی ئەو هەڵس و کـەوت دەکـەن، پاشـان ئـەو چـەمکە لەسـەدەی ١٨ داو لەگـەڵ گەشەسـەندنی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری زیاتر پەرەی سەند، دەتوانرا جیاوازییەك لـەنێوان دەوڵـەت و کۆمـەڵگای مەدەنیـدا بکـرێ، لەکۆتاییـەکانی هـەمان سەدەشـدا لەفیکری سیاسی ڕۆژئاوادا ئەوە دوو پات کرایەوە کـەوا پێویـستە دەسـەڵاتی دەوڵـەت کەمبکرێتەوە و بوار بە کۆمەڵگا بدرێ کە دەبێ خـۆی کاروبـارە ناوخۆییـەکانی بـەڕێوە ببـات و تـەنها بەشـێکی کـەم بـۆ حکوومـەت جـێ بێڵـێ، لەسـەدەی ١٩شـدا دووەمـین

گۆڕانکاری لە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنیدا روویداو کارل مارکس پێی وابوو کۆمەڵگای مەدەنی گۆڕەپانی ململانێ چینایەتییەکانە، لەسەدەی ٢٠یشدا گرامشی مەسەلەی کۆمەڵگای مەدەنی لە چوارچێوەی چەمکێکی تازەدا خستەڕوو، بەوەی کە کۆمەڵگای مەدەنی، هەر تەنها گۆڕەپانی ململانێی ئابووری نیە، بەڵکو مەیدانێکە بۆ ململانێی ئایدۆلۆجی ئەویش بەجیاکردنەوەی کۆنترۆڵی سیاسی و دەست بەسەراگرتنی ئایدیۆلۆجی لەیەکتری. لەگەڵ گەشەکردنی پەیوەندیە سەرمایەداریەکان لە هەردوو سەدەی ١٧ و ١٨ لە ئەوروپا و دابەشبوونی کۆمەڵگا بۆ چەند توێژێکی خاوەن بەرژەوەندی جیاجیاو دژ بەیەك و گەرمبوونی ململانێ چینایەتیەکان، دەبوو سەرمایەداری کە توێژێکی باڵا دەستبوو، چەند ئالیەتێك بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ململانێیە ودەورەدانی بگرێتەبەر، تاوەکو بەرژەوەندیەکانی پێ بێنێتەدی و سەقامگیری کۆمەڵگا مسۆگەر بکا. سەرمایەداری ئەوروپیش بەراستی توانی ئەو ئامانجە لە رێگای دوو ئالیەت بپێکێ، یەکەمیان ئالیەتی کۆنترۆڵکردنی راستەوخۆ بوو، لەرێگای دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە، وە دووەمیان ئالیەتی دەست بەسەراگرتنی ئایدیۆلۆجی و کلتووری بوو، لەرێگای چەند رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی، ناحکومیدا، کە ئەندامەکانی بە چالاکیە خۆبەخشیەکانیانەوە، بەشێك لە گرفتە کۆمەڵایەتی و تایبەتیەکانیان چارەسەر بکەن، وە بێتە هۆی چاککردنی بارودۆخە کلتووری و ئابووری و گوزەرانیەکانیان. گرینگی ئالیەتی دووەمیش لەوەدایەکەوا دووپات کردنەوەی پێداویستی زۆربەی توێژە کۆمەڵایەتیەکان، بە بەهاکانی سیستەمی سەرمایە داری و قبولّ کردنیان وەکو چالاکیەك بۆ داکۆکی کردن لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان. ئەمانەش توانای چینی سەرمایەداری باڵا دەست لە بەڕێوەبەردنی ململانێیەکانی نێو کۆمەڵگادا دەسەلمێنن، بەشێوەیەك پشتگیری سیستەمی سەرمایەداری و ئایدیۆلۆجیەکەی بکات. لەئاکامی ئەو پێشکەوتنەش ئێمە دەکەوینە بەردەم سێ چەمکی جیاواز، بەلاّم لەیەك کاتدا تەواوکەری یەکترن، ئەوانیش کۆمەڵگا، (کۆمەڵگای سیاسی، کۆمەڵگای مەدەنی)ن،

ئەگەر کۆمەڵگاش چوارچێوەیەکی گەورەبێ، سەرجەم مرۆڤەکان لەخۆبگرێ و پەیوەندی نێوانیان لەچوارچێوەیەکی ئابووری کۆمەڵایەتیدا، دیاری بکات و لە رێگای پەیوەندی نێوان توێژەکان و ململانێیان، گەشە بکات. ئەوە کۆمەڵگای سیاسی کۆمەڵگای دەوڵەتە، کە لە دووڵەت و ئامرازەکان و رێکخستنەوەکان و پارتە سیاسیەکانە وە پێکدێن، بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی-کەبەمەبەستی ئێمەیە-ئەو تاکە کەس و دەستە نافەرمیانەن بەوپێیەی کەفاکتەری کاران لەزۆربەی بوارە پەروەردەیی ئابووری-خێزانی-تەندروستی-کلتووری-خێرخوازیەکاندا، کۆمەڵگای مەدەنیش لەو دەزگایانە پێکدێت، کە لەزانستی کۆمەڵناسیدا بە دامەزراوە ناوەندیەکان ناودەبرێن، وەکو کۆمەڵگا ئەهلیەکان-سەندیکا کرێکاری و پیشەییەکان-کۆمپانیاکانی کارکردن، ژوورە بازرگانی و پیشەسازیەکان-بەمجۆرە دەبینین چەندین پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سەرەتایی لەمەبەستی چەمکەکە دوور دەخرێنەوە وەکو خێزان-هۆز-تیرە-خێڵ-پێکهاتە ئەتنی ومەزهەبی و ئاینیەکان، هەروەها دامەزراوە سیاسی و حکومیەکانی لێ دەردەکرێت، کەواتە کۆمەڵگای مەدەنی ئەو دامەزراو و رێکخراوە نا حکومیانەن، کە چالاکیەکانیان بەشێوەی کاری خۆبەختکەر ئەنجام دەدەن.

پێناسەی کۆمەڵگای مەدەنی:- لەئاکامی لێکۆڵینەوە ئەکادیمی و مەیدانیەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنیدا، رای توێژەران لەسەر ئەوە وەستا، کەوا کۆمەڵگای مەدەنی-کۆمەڵە رێکخراوێکی خۆبەشی ئازادە کە بواری گشتی نێوان خێزان و دەوڵەت پڕ دەکاتەوە-واتە دامەزراوەکانی خزمایەتی و لێك نزیکی و دامەزراوەکانی دەوڵەت. ئەو رێکخراوە خۆبەخت کەرە ئازادانەش بۆ هێنانەدی خواست و ئامانجی ئەندامەکانی دروست دەکرێن و خزمەتگوزاری پێشکەش هاووڵاتیان دەکەن، بەمجۆرە کۆمەڵگای مەدەنی چوار کۆمەڵگەی سەرەکی دەبێ کە ئەمانەن:-

١-کردەی ئیرادەی ئازاد و خۆبەختکەر

٢-خۆکۆکردنەوەی لەشێوەیەکی رێکخراوەییدا.

٣ –قبولکردنی جیاوازی و فره چەشنیەکانی نێوان خود وبەرامبەرەکانی

٤–هەوڵ نەدان بۆ گەیشتنە دەسەڵات

پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی:–بەپێی ئەو پێناسەیەی سەرەوە، هەموو قەوارەیەکی بەکۆمەڵ دەکەوێتە بازنەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەوانەی کە لەسەر ئەندامیەتی رێکخراوەیی و بۆ مەبەستێکی گشتی–یا پیشەیی–یاکاری خۆبەخت کەر دامەزرابن، هەرگیز ئەندامیەتی ئەو کۆمەڵانە لەسەر فاکتەرەکانی میرات و بۆماوەیی و شوێن گرتنەوە، یا پەیوەندیەکانی خوێن و لایەنگریە سەرەتاییەکانی وەکو خێزان–خێل–تیرە–هۆز–دروست نابێ، کەواتە پێکهاتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەمانەن:

١–سەندیکا پیشەییەکان

٢–سەندیکا کرێکاریەکان

٣–بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان

٤–کۆمەڵە هەرەوەزیەکان

٥–کۆمەڵە ئەهلیەکان

٦–یانەکانی دەستەی وانەوتنەوەی زانکۆیی.

٧–یانە وەرزشی و کۆمەڵایەتیەکان

٨–سەنتەرەکانی لاوان و یەکێتیەکانی قوتابیان.

٩–ژوورە بازرگانی و پیشەسازیەکان و کۆمەڵەی پیاوانی کار.

١٠–رێکخراوە ناحکومیە داکۆکی و بوژاندنەوەییەکانی وەکو سەنتەرەکانی مافەکانی مرۆڤ–ئافرەتان–بوژاندنەوە–ژینگە

١١–رۆژنامەی ئازاد و ئامرازەکانی میدیاکان و بڵاوکردنەوە

١٢–سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و کۆمەڵە کلتووریەکان

سەرچاوە/الحوار المتمدن

# نیشان وبەرەژەنگێن جڤاكێ مەدەنی چنە؟

جگەرسۆز پێندرۆیی

ئەلبەتە ئیرۆ دناڤ سەنتەرو ناڤەندێن چاندی و هـزری و زانـستی و جڤـاكی و سیاسـی ول سەر ئاستێ زانستگە هاو كەناڵێن جۆراوجۆرێن وەشانێ گەلەك بەحسێ جڤـاكێ مـەدەنی دهێتە كرن، نەمازە ل هەرێما كوردستانێ. لەورا فەرەو دجهێ خۆدایە دەستپێكێ بزانین تێگەهێ (مفهوم) جڤاكێ مەدەنی چ رامان وپەژنەكێ ددەت، نیشان وسالۆخ و خەسـڵەت و بـەرەژنگێن وێ چـنە؟ ڤـی زاراڤـی كـەنگی سـەرهەڵدایە، چ پێناسـەك ژ ئـالێ زانیـارو رامیارو پیتۆڵێن وارێ جڤاكنا سـیڤەبۆ جڤـاكێ مـەدەنی هاتینـە كـرن، كاكلـك وناڤـەرۆكا جڤـاكێ مـەدەنی چ بانـدۆرو كـارتێكرن هەیـە ل سـەر ڕەوشـا كـەت و كـۆمێن جڤـاكێن مرۆڤایەتیێ وژیارێ و شەهرستانیەتێ، چەوادێ كارین جڤاكە كێ مەدەنی چێكەین؟

## جڤاكێ مەدەنی چییە؟

لۆك دبێژە:(یەك ژ تایبەتمەندیێن شەنگستیێن جڤاكێ مەدەنی ئەوە حكومەتەكا مەدەنی

ب حەزو مەیل و ڕەزامەندیا كـەتێن جڤـاكیٚ بهێتـە دامەزرانـدن، ئـانكو جڤاكـەك كـەت و تاكێن ویٚ ب حەزا دڵی خۆ حكومەتەكیٚ پێكبینن وگوهداربن بۆ یاسا رێساو ریٚ وشـوێن دەستوورێن مەدەنییێن ویٚ حكومەتیٚ.

ئیدۆارت تایلۆر دبێـژە:(مەدەنیـەت یـا پێكهـاتی ژكۆمـەكا زانیاریـان، هۆنـەران، بهایـان، یاسایان، رێساو دەستووران، بیرو باوەڕان)

رالف دبێژە:(مەدەنیـەت وشەهرسـتانیەت تـەڤایا وان متـاو كەرەسـتەییێن مـادی وهـزری ڤەدگریت، كو ب رێكا وانڤە جڤاكەك بكاریـت پێـدڤیاتێن ژیانـا خۆیـا جڤـاكی دەسـتەبەر بكەت و خۆژی دگەل كەهی بكەت ڕابینیت)

رۆسۆ دبێژە:(جڤاكیٚ مەدەنی ئەو جڤاكە كو كەتێن ویٚ ماڤیٚ خۆییٚ خۆدانە تینیا تایبـەت ونەمازە ب خۆڤە هەبیت،ئانكو مافێن خۆ تێدا دەستەبەرو گەرەنتی بكەن)

هیگلٚ دبێژە:(جڤاكیٚ مەدەنی سیستەمەكە بۆ دابینكرنا ئیحتیاجی وپێـدڤیاتێن كـەت و كۆمێن جڤاكێن مرۆڤایەتییٚ)

سـیمس دبێـژە:(جڤـاكیٚ مـەدەنی تۆڕەكـە ژ هەڤبەنـدییێن هەڤبـەرو ل هـەڤ نێزیـك وئۆرگـانیزەكری و سیـستەماتیك كـو ب هـەڤرا وپێكڤـە بكـارن سیـستەمەكیٚ هەماهـەنگ وخۆرێڤەر پێكبینن)

ماركس ولایەنگرێن وی جڤاكیٚ مەدەنی ب جڤاكیٚ بورژوایی ل قەڵەم ددەن.

مەنـدویلٚ دبێـژە:(جڤـاكیٚ مـەدەنی ئـەوە كـەتا (افـراد) دنـاڤ چوارچـویڤیٚ بنـەماو شەنگستەییێن تەڤایی وگشكیدا ماڤیٚ ئازاد یا هەڵبژارتنیٚ هەبیت)

سالۆخ وخەسڵەت ونیشان وبەرەژەنگێن جڤاكیٚ مەدەنی چنە؟

هەر جڤاكەكیٚ یان كەت وكۆم وتەخێن ویٚ جڤاكیٚ لبەربیت و خازیـاریٚ ویٚ چـەندیٚ بیـت كراسیٚ هەژی وكەشخەییٚ مەدەنیەتیٚ بكەتە بەر بەژن وبالاٚ خۆو ل سـەر دەپكـیٚ شـانۆیا ژیانیٚ خۆییٚ ڤەهژینیت گەرەكەو پێدڤیە هەڵگریٚ ڤان سالۆخ و خەسڵەتان بیت:

١ بیاڤەكیٚ هەژی وژیهاتی چێكەت وبرەخسینیت ژبۆنا گەشەو وەراركرنـا دیموكراسـیەتیٚ

وپەیدابوونا سیماو دەنگ ورەنگێن جوداو پەیدابوونا دیاردا فرە ئالییێ وژناڤبرنا کەترەوییێ ودیکتاتۆریەتێ وخۆسەپاندنێ.

٢ دامەزراندنا سەندیکاو ئەنجومەنێن پیشەیی بۆ تاڤیا تەخێن جڤاکێ.

٣ هەبوون و بەرمشەبوونا پارت ورێکخراوێن جڤاکی وسیاسی.

٤ چێکرنا کەش وسەقایەکێ رەهمی (مناسب) ژبۆ بازارا ئازاد وهەڤرگیکرنا بازرگانی وئالوێری.

٥ گۆلڤەدانا ئابووری (النمو الاقتصادی) ببیتە ستوینەکا شەنگستیا ئاڤاهییێ جڤاکێ.

٦ هەبوونا ئازادیا کەتکەسی وبەرفرەهکرنا بازنێ ڤێ ئازادییێ دناڤ ناڤەندو تەخێن جڤاکێدا.

٧ هەبوونا هەڤبەندیەکا نێزیك وهمبز دناڤبەرا حکومەتێ و گرۆپ ورێکخراو وسەنتەرو ناڤەندێن جۆراو جۆرێن جڤاکی ل سەر شەنگستێ پاراستنا بەرژەوەندیێن هەڤپشك.

٨ هەبوونا دەرفەت ودەلڤێ بو گەشەو وەرارکرنا بیرو هزرێن سیاسی ودەرکەفتن ژ جەمدینا هزری وهۆشی.

٩ بالأدەست بوونا هەرسێ دەستهەلاتێن (قەزایی و یاسادا نانێ و جهبجهکرنێ) د بیاڤێ سەرکێشی ورێڤەریدا، بۆهەندێ ماڤێ هیچ کەسەکی نەهێتە بنپێکرن وهەمی دهەمبەر یاسایدا یەکسان وهەڤبەربن.

١٠ چێکرنا حەزو مەیلاگشکی ژبۆنا نەهێلان وکێمکرنەڤا دیاردا توندوتیژێ ووەرارو گەشەپێدانا تێگەهێ لێبورینێ وهەڤبەرییێ ودادپەروەرییێ.

## کەنگی تێگەهێ (مفهوم) جفاکێ مەدەنی هاتیە کارخستن؟

ئەگەر بەرپەرێن چەرخبەندا(تاریخ) مرۆڤایەتیێ ڤەدەین دێ بینین هەر ژ سەردەمێ یونانا کەڤنارو چاخێ شۆرشافرەنسی و رێنیسانسێ وەرە هەتا ئیرو ئەڤ تێگەهە هاتیە کارخستن، لێ هەریەکی ب ئاوایەکی ئەڤ تێگەهە هەلسەنگاندیەو لدیڤ بیرو باوەرو تێگەهشتناخۆ راڤەو شرۆڤەکریە، لەوما هەڤدژیەك ددەربرین ودەرخستن وخۆیاکرنا ڤان

بیرو بۆچوونان‌دا دهێتە دیتن.

هندەك گولڤەدانا سیاسی ب بناغەو بنەتارو شەنگستێ جڤاكێ مەدەنی ل قەلەم ددەن، هندەكێن دن، گولڤەدانا ئابووری ب بناغەو شەنگستێ جڤاكێ مەدەنی دزانن، هندەك ژی یاسا سەروەری وچیبوونا رێكخراوێن جڤاكی ورامیاری ورۆشنبیری ب بەرێ بنیاتێ جڤاكێ مەدەنی دادئینن. یاگرنگ ئەوە هەر ژدێرین مرۆڤی ل سەر ئاستێ كەت و كۆمێن جڤاكێن مرۆڤایەتییێ شیان وهێزو ڤەژەنا خۆدایە كارخستن ژبۆنا سەلماندنا مرۆڤ بوونا خۆو قورتال بوون ژتەڤ ڕەنگێن بەندەواری وتەپەسەری و دیكتاتوری وپاشڤەمانەكێ.

## كوردو جڤاكێ مەدەنی

راستە ناهێتە ماندەلكرن كو جڤاكێ كوردی پاشی سەرهەڵدانێ هندەك گاڤێن فەرو فرِ بەرەڤ بازێرڤانییێ و مەدەنیەتێ هاڤێتینە، لێ ئەڤەوێ چەند ناگەهینت كو مەجڤاكێ مەدەنی همبێزكریە، یان جڤاكێ كوردی ژ سالۆخ وخەسلەتێن جڤاكێ مەدەنی بەهرەمەند بوویە، ژبەركو كاروانێ جڤاكێ مەیێ مەدەنی دقویناغا دەستپێكێدایەو هێشتا ڕێیەكە دویرو درێژ ل بەراهیكامە مایە ژبۆ گەهیشتن ب كات و سۆلینێن گولا جڤاكێ مەدەنی لەوراڤەرە هەمی ئالیەك نەمازە ناڤەندێن رێڤەبەرییێ و دەستهەلاتێ وناڤەندێن ئەكادیمی وزانستی و هزری تورەیی و فەلسەفی و رەوشەنبیری وچاندی ورێكخراوو سەندیكایێن پیشەیی مینا ئەركەكێ مرۆڤی ونیشتمانی هەست ب وێ بەرپرسیاریەتێ بكەن ئەوا دڤێ قویناغا نازكرا ب وان هاتیە راسپاردن و بۆ همبێركرنا ئارمانجا ناڤبری پێنگاڤێن مەزن پاڤێژن و بناغەكێ تاقەت وموكم ژبونا چێكرنا جڤاكێ مەدەنی دابرێژن وئاڤاهیێ ژیارێ وشەهرستانیەتێ ل سەر بنێژنن.

**مفازڤان ژێدەرا هاتیە وەرگرتن**

**١ گۆڤارا تەرازوو هژمارە (٢٤)**

**٢ پەرتووكا كۆمەڵی مەدەنی .**

# كۆمەڵگەی مەدەنی بەرەوكوێ؟

**مەلابەختیار ئەحمەد**

فەلسەفەی بەشارستانیبوون و مەدەنیەت پێویستی بەچەندین بنەماو پرەنسیپ و قۆناغ و میكانیزم هەیە، بۆئەوەی بتوانرێ وێنای ئەوەی هەیە لەبەرگێكی قەشەنگتر بەرجەستە بكرێ" هەر لەو پێناوەدا لەكوردستان چەمكی كۆمەڵگەی مەدەنی هاتۆتە ئاراوە، ماوەیەكی زۆرە بەهۆیەوە چەندین سەنتەرو رێكخراوی حكومی و ناحكومی بەرچاو دەكەون، هەروەها لەهەوڵی ئەوەن كۆمەڵگەی كوردی بخەنە دۆخی گۆڕانەوە هەڵبەت گۆڕانێك لەخراپ بۆ باشتر، بەلآم ئایا هەوڵەكانی ئەم رێكخراوانە گەیشتۆتە كوێوەی ئامانجەكانییان؟ یان دەشێ بپرسین كارو چالاكیەكانی رێكخراوەكان تا چەند كاریگەر بووینە؟؟ پرسیار زۆرن بەلآم پێویستە وەلآمی بەجێ و دروست بدرێنەوە، جێگای داخە كۆمەڵگەی كوردەواری كەكۆمەڵگایەكی خێڵەكی و ئەشیرەتگەریی و پیاو

ســالاریە، وێــڕای بەرجەســتەبوونی بــیری دەرەبەگایــەتی و سیــستەمی ئاغایــەتی و خودموختــاری، کەبنــچینەی ئــەو سیــستەمە زۆرداریــەش دەگەڕێتــەوە بۆمێــژووی داگیرکردنــی کوردســتان لەلایــەن دەوڵــەتی عوسمانییــەوە چ جــای پەیوەســت بــوونی کۆمەڵگەی کوردی بەچەندین بۆچوونی ئیفلیج و نەریت و راو بیر کردنەوەی نادروست .

ســەرەڕای ئــەم واقیعــە کوردســتان بەگــشتی و کوردســتانی باشــوور بەتایبــەتی زیــاتر لەچاخێکە کەوتۆتە ژێر پێی داگیرکــەرانی زل هێــز و نــاودار لەســتەم و تاوانکــاری، بۆیــە پیلانگێــڕان دارو بــەردی نیــشتیمانەکەمانیان هــەپرون بەهــەپرون کــردوە، ئێــستاش کوردســتان لــەژێر چــەتری حکومــەت وپەرلەمانــدا گــوزەر دەکــات ، بــەڵام تــاکو ئێــستا نــەرێکخراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی ونەتاکــەکانی کۆمەڵگــەش لــە دەربــڕینی بــیرو را ئــازادنین، نــەبوونی ئــازادی تــاك گــەورەترین پێــوەرە بــۆ مــەیی بــوونی هــەنگاوەکان، هۆکارەکــەش بــاڵا دەســتی حیزبەسیاســیەکانی گۆرەپــانی کوردســتانن، بەڵگەیــەکی حاشــاهەڵنەگرە زۆربــەی ســەنتەرو رێکخاوەکــانی کۆمــەڵگای مــەدەنی و مرۆیــی ســەر بەحیزبــەکانی کوردســتانن، بەبۆچــوونی کەســیم ئەوەنــدەی بەتــەنگ داواکاریــەکانی حیزبەکانەوە دەچن و پابەندن بەبڕیارەکانییان، ئەوەنــدە لــە هــەوڵی هۆشــیارکردنەوەی تاك و کۆمەڵ نین" هەروەها جێگای داخە ئەوەی توشی بێهودەیی کردوین لەکوردستــان، مەوجەیەکی گەندەڵی و گیرفان قۆرغ کردن روی تێکردوین، دەتوانم بڵــێم نــەك ســەنتەرو رێکخراوەکان بەڵکو ئەو مەوجەیە خەریکە هەموومان هەڵوشێ، بۆیە ئەوەندەی خــەریکی گیرفان پرکردنین ئاگامان لەئاراستەی دروستی کارەکانمان نەماوە و ئایندەی پرشــنگدار لەکەلدایە.

کۆمــەڵگای مــەدەنی پرۆســەیەکی تێــرو تەســەلی درێــژ خایەنــە لەئــەنجامی چــەندین گۆرانکاری و ئەزموون و قوربانیدان و گوێرایەڵی و بەخــشین و ئارامیــەوە هاتۆتەکایــەوە، قۆناغ بەقۆناغ تێپەڕیوەو هــەنگاوی نــاوە و لــەکات و شــوێنی پێویــست لــە زەمینەیــەکی شیاو بەشۆڕشێکی چاکسازی و کۆمەڵایەتی و رەوشتی و پــەروەردەیی لــە دایــك بــووە .

کۆمەڵگەی مەدەنی سەفینەیەکی مەزنە پێکهاتووە لە شارستانیەتی هەموو دونیا لەگەڵ هۆکارەکانی ژیان و بنەماو دەستورو یاساو رێساو بونیادی ئەقڵی پێشکەوتوو لە ئاست داهێنان و فەلسەفەو بونەوەران ، کۆمەڵگای مەدەنی زنجیرەیەکی درێژە یەکێك ئەوی تری بەستۆتەوە ئەگەر ئەڵقەیەکی زنجیرەکە بپچڕێ زنجیرەکە لەیەکتر جیا دەبنەوە. میللەتی کوردیش وەك میللەتانی دنیا مافی خۆیەتی بیر لەو پرۆسەیە بکاتەوە، ناتوانرێ نکۆڵی بکرێ چونکە هەوڵی زۆر دراوە بۆ سەرخستی ئەم پرۆسەیە و بەرجەستەکردنی بنەماکانی وەك: بەردەوام چەندین کۆڕ و کۆنفراس و سیمینار، سەرەڕای هەوڵی بێوچان و درێغی نەکردن لەلایەن نوسەران و رووناکبیران .بەلاّم بەبۆچوونم ئەم هەویرەئاوێکی زۆری دەوێ باسکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بە پێش ئەنجام کەوتنە و بازدانە بەسەر هەموو ئەو هۆکارانەی کە ئەم کۆمەڵگەیەی تیا بەرجەستەدەبێ!! لەدنیا هیچ کارێك سەرناکەوێ ئەگەر نەخشەو پلانی بۆ دانەرێژرێ، ئەگەر هەڵوەستەیەك لەئاست کەرەسەکانی ئەم پرۆسەیە بکەین هەندێ دەرئەنجاممان دەست دەکەوێ لەپێش هەموو شتێك دەبێ لێتۆژەر لێکۆڵینەوەیەکی پوخت لەسەر ئەم بابەتە ئامادەبکا بەمەرجێ لێکۆڵینەوەکە هەموو هێلەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردی لەخۆبگرێ وەك ئاستی بژێویی و رێژەی خوێندەواری و کارو پیشەی رۆژانە، ئەو خانوەی تێیدادەژی هی خۆیەتی یان کرێیە؟؟ بەرەچاوگرتنی ژمارەی خێزان و هەژماری دیوەکانی خانوەکە، سەرژمێری گەنجان بکرێ بەهەردوو رەگەز، لەگەڵ پێوانەکردنی شێوازی منداڵ بوون بەهەرەمەکییە یان راستکردنەوەی وەچەییە (تعدیل نسل) لەسەر ئەم خالاّنەی کەئامازەم پێدا لێتۆژینەوەیەك دەوڵەمەند و پوخت بکرێ و ئاراستەی حکومەت بکرێ دواتر رۆڵی میریی بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەی ئەم پرۆسەیەزۆر گرنگە، چونکە تاکو ئێستا ولاّتەکەمان لە خزمەتگوزاریە بەراییەکان بێبەشە، سەرەڕای شێواوی ژێرخانی ئابووریش، بۆیە پشگیری بڕیاری سیاسی بۆ سەرخستنی دروستکردنی ئەم کۆمەڵگایە بەڵگە نەویستە .

مەرجی یەکەم پێویستە بودجەیەکی پێویست ئامادەبکرێ تا هەنگاوەکان

جێبەجێبكرێن، دەبێ پەروەردەو فێركردن رۆڵێكی كارا بگێرێ وەك تیشك خستنە سەر هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری و بنبڕكردنی ئەو پەتایە، چونكە خاڵێكی بەربەستی هەنگاوەكانە جا بەئارەزوو یان بەهێز، هاوكات برەو دان بەبنكەكان و قۆناغەكانی خوێندنیان تا بكرێ زانستیان لەلابرازێتەوەو جوان بكرێ لەرێی مامۆستاكانەوە، پەروەردەكردنی منداڵان بەدروستی لەرێگەی گرینگی دان بەباخچەی ساوایانەوە فاكتەرێكی بەهێزەو بناغەی پتەوی بیرۆكەی ئەم پرۆسەیەیە، خاڵێكی تر بەگشتی دەبێ سیستەمی پرۆگرامەكانی قۆناغی خوێندن پێداچونەوەیەكی ورد بكرێ لەلایەن كادیرانی پسپۆر و شارەزاو نوێخوازان بەمەرجێ بابەتی سواو لاسایی دەربهێندرێ و،تەژی بكرێ بەبابەتی هەنوكەیی و سەردەمیانە دەوڵەمەند بكرێ،بەمەرجێ زانكۆكانی كوردستانیش بگرێتەوە چونكە پرۆگرامەكانی زانكۆش خاڵیە لە بەها كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و بەرپرسیاریەتی شوناسی نەتەوەیی و جیهانی ، هۆكارێكیتر راگەیاندن و میدیاكان فاكتەرن لەهۆشیاریو رێنمایی جەماوەر بەرەو ئاراستەی مەبەست داینەمۆی پێشهاتەكان و گۆڕانكاریەكانی كۆمەڵگەن، دەبێ بەبەرنامە رێژیەكی تۆكمە ئامێز پەخش بكرێ، مینبەری مزگەوتەكان باشترین زەمینە دەرەخسێنێ لەهۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگە لەبەرز راگرتنی رۆڵی زانین و خوێندەواریو رۆشنبیری كە چەند بایەخ دارەو پایە بەرزی هەیە لەئاینی پیرۆزی ئیسلام، رۆڵی جێندەری ژنان لەكۆمەڵگە پەراوێز نەكرێ و ئەكتیڤ بكرێ ، چونكە باڵێكی گرنگی كۆمەڵگەن و هەلی ژیانیان بۆبرەخسێ ومافەكانیان پێشێل نەكرێ، چونكە دایكان ئەركی پەروەردەكردن و بنیادی هزری رۆڵەكانمانن، هاوكات رێژەی بەشداربونی ئافرەت لەدەوڵەت و دامودەزگاكانی حكومەت دا پێوەرە بۆ رادەی پێشكەوتن و مەدەنیەت و مافی مرۆڤ لەوڵاتاندا .

هیواخوازم هەمووومان بوێرانە هەنگاو بنێین و چاكساز بین بەرەو كۆمەڵگایەكی مەدەنی پێشكەوتوخواز كەپەیامی پێكەوە ژیانی تیادا بەرجەستەبێ

# پێویستی ڕێکخراوەکان
# لە بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا

بڵند نەورەس

لە کۆمەڵگا دیموکراسیەکاندا سێ کەرت هەیە کە مومارەسەی کاری کۆمەڵگا دەکەن و ئەیبەن بە ڕێوە ئەوانیش:
کەرتی گشتی : کە پێك دێت لە دامەزراوە حکومی و فەرمیەکان .
کەرتی تایبەت : کە لایەنی وەبەرهێنان و فرۆشتنی کاڵاو خزمەتگوزاری بە مەبەستی قازانج و دەستکەوتی مادی لە خۆ دەگرێت لە چوارچێوەی کۆمپانیاو کۆگاو کارگەکاندا . کەرتی مەدەنی یاخود ڕێکخراوە نا حکومیەکان : کە دامەزراوە نا حکومیەکان لە خۆ دەگرێت ئەوانەی لە مامەڵەی کاریاندا جیاوازن لە دوو کەرتەکەی تر وەك : ڕێکخراوە

مەدەنیەکان .

ئەوەی بۆ ئەم باسە گرنگ و پێویستە بخرێتە روو کەرتی سێهەمە ، چونکە قسەکردنمان لەم چوارچێوەیەدایە بۆ ئێستای باسەکەمان .

ئەرکی ئەم کەرتە کارکردنە بۆ بڵاوکردنەوەی هوشیاری و ئەو بەها و چەمك و بیر و تێگانەی کە خزمەتی گشتی دەکەن .

ئەم کەرتە مەبەستی لایەنی مادی و قازانج و دەستکەوتی مادی نییە، بەڵکو مەبەستی بەرجەستەکردنی بەهای دیموکراسی فرە لایەنی و لێکگەیشتن و لێبوردەییە . مەرجی سەرەکی ئەم کەرتە لەوەدایە کە نابێت چارەنووسی لە دەست دام ودەزگاکانی حکومەت و حیزبدا بێت و نابێت بەشێکیش بێت لەوان ، ئەمەش پێوەرە بۆ دیموکراسیەت و هەنگاونانە بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی .

گەر لە روانگەی ئەم خوێندنەوەیەوە سەیری کەرتی تایبەت یان رێکخراوە نا حکومیەکان بکەین لە کوردستاندا دەبێت رەچاوی واقعی کۆمەڵایەتی و ئابووری بکەین بە تایبەت .

رەخنەو گلەییەکی زۆر هەیە لەسەر رێکخراوە نا حکومیەکان کە حکومەت باربۆیان دەکات یان پاشکۆی حیزبن .

ناکۆکێکە لە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندا لای ئێمە لێرەوە دەست پێدەکات !

ئەوانەی کە رەخنە دەگرن دەیانەوێت ئەو فۆرمە کە کەرتی تایبەتە دەقاو دەق بیچەسپێنن بەسەر سەنتەر و رێکخراوەکانی کوردستاندا کە ئەوەش پێچەوانەو دژی واقعی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستانە !

رێکخراوە نا حکومێکان لە رووی یاسایی و فەرمیەوە لە رووی چونیەتی بەرێوەبردنی کاریانەوە سەربەخۆن و خۆیان بەرنامەی کاری خۆیان دادەرێژن ، راستە زۆرێك لە هەڵسوراو و ئەندامەکانی ئەم رێکخراوە نا حکومیانە سەر بە پارت و رێکخراوە سیاسیەکانن بەڵام لەو رێکخراوانەدا ئەو بەرنامەو پەیرەوە پیادە دەکەن کە خۆیان

دایان ناوەو لەسەری کۆکن و یاساش ڕەزامەندی داوە پێیان .

سەبارەت باربۆکردنیان لە لایەن حکومەتەوە لە هەموو یاساو ڕێساکاندا لە وڵاتانی دیموکراسیدا حکومەت و کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان و پارتەکان باربۆی ئەم ڕێکخراوانە دەکەن بۆ نمونە : ڕێکخراوی ( RTI ) و ( ICSP ) کە سەر بە هەردوو پارتی سەرەکی ئەمریکا بوون و بە پارە و پشتیوانی ئەو دوو پارتە سەرەکییە کاری ڕێکخراوەییان ئەکرد لە کوردستان و عێراقدا بە کردنەوەی ۆرك شۆپ و خولی ڕاهێنان و ...تد.

وەك لایەنێکی لۆژیکی لە وڵاتێکی وەك کوردستاندا سەرچاوەی دارایی لە کوێوە دێت؟ ئەم شێوەیەی ئەمڕۆ پیادە دەکرێت و کاری پێدەکرێت پەیرەو دەکرێت بە دروستی نازانم، پێشنیاریش دەکەم حکومەت ساڵانە مەبلەغێك دەست نیشان بکات لە بودجەی خۆی بە یاسا تایبەت بۆ باربۆی ئەم ڕێکخراوانە .

ئەو گلەییەی هەیە لەو ڕێکخراوانە دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئەو کەسانەی کە ئەو سەنتەر و ڕێکخراوانە بەڕێوەئەبەن و بە شێوەیەکی ناتەندروست و نا یاسایی و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاری ئەهێنن !

ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ناوچەگەری و وابەستەیی ڕۆڵی بینیوە ، نمونەش زۆرە گەر پێویستی کرد !

لە هەمان کاتیشدا ڕێکخراو هەیە زۆر چالاکانەو زۆر کارامەنە کاری خۆی کردووەو بەرنامەو پرۆژەکانی خۆشی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك پیادە دەکات کە ڕەنگە باربۆی ئەمیان لەوەی پێشووتر کەباسمان کرد لە لایەن حکومەتەوە کەمتریش بێت !

بۆیە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر پێویستە بۆ ئەمڕۆی کوردستان بە جیاوازی شێوەو مامەڵەکانەوە چونکە تا ئاستێکی باش بوونی ڕێکخراوە مەدەنیەکان کاریگەر بوون و شڵەقانێکی هەست پێکراویش دروست بووە لە ڕووی چاوکراوەیی خەڵك و ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەرەو ژیانێکی سەردەمیانە کە لە ژێریدا هەست بە

بەرپرسیارێتی و ماف و ئەرکەکانی بکات و بەشداریش بێت لە بریار و هەڵبژاردندا .
گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی مەدەنی و دیموکراسی کە ئێستا رواڵەتەکەی دەرکەوتووە بۆ داهاتوو ناوەرۆکەکەشی بەرجەستە دەبێت لە کوردستاندا ئەمەش بە هەماهەنگی و ئاستی بەرپرسیارێتی و پەرۆشیمان لە کار و پرۆژەکانماندا گەشە دەکات.

# کۆمەڵگای مەدەنی لەکوردستان چین و توێژەکانی شاری چەمچەماڵ و دیدو بۆچوونەکانیان

هیوا ئەحمەد محەمەد

ماوەیەکە رۆژنامەی خەبات تەوەرێکی گرنگی لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان خستۆتەڕوو ئێمەش لەبەر هەستیاری ئەو پرسە و ئەو ئاستەی کە کۆمەڵگای کوردی بەرەو بەمەدەنی بوون بڕیوویەتی تا ئێستا و رۆڵی تاك و چین و توێژە جیاوازەکانی خەڵك لەو بوارە دا چی بووە چۆن دەتوانین کۆمەڵگاکەمان بەرەو ژیاری و پێشکەوتن بەرین و بگەینە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان لەکاتێکدا چەندین ساڵە بەخۆمان دەڵێین دیموکراسی ئایا بەمەدەنی بوون هەر بە بانگەشە ئەنجام دەدرێت یان دەبێت لەسەرەوە بۆ خوارەوە هەموومان هەوڵی بۆ بدەین. بۆ ئەم مەبەستە چەند لاوێکی کارای

چەمچەماڵمان دواندو بەم شێوەیە دیدو سەرنج و پێشنیاری خۆیان خستتەڕوو.

لەوەتەی باس لەکۆمەڵگای مەدەنی دەکرێ ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوو سەنتەرو بەو ناوەوە کاردەکەن و حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریان دەکات، ئایا کۆمەڵگای مەدەنی لای ئێمە تەنیا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی دەم لە کۆمەڵگای مەدەنی دەدەدەن کە هاوکاری لە حکوومەت وەردەگرن.

**وەرزشکار سەربەست محەمەد ساڵح**

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەرێژەیەکی بەرچاو بەم چەند ساڵەی دوایی بەرێژەیەکی بەرچاو روویان لە زیادبوون کرد لە چەند بوارێکدا کاریان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەکرد. بەڵام نەیانتوانی ئامانجی خۆیان بپێکن لەبەر چەند هۆکارێك. دروست بوونی ئەم ڕێکخراوانە لەبنەڕەتدا فەلسەفەی خودی حکوومەت خۆی بوو، نەك هەڵقوولاوی ناخی خەڵك و کەسانی رۆشنبیرو دیموکراسیخواز بۆیە نەیانتوانی گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی هەم خەڵك بکەن و فشار لەسەر دەسەڵات دروست بکەن و چاودێر بن بەسەر کارەکانی حکوومەتەوە کە ئەرکێکی هەرە جەوهەرییان ئەم کارەیە، هۆکارێکی دیکە کە لاوازی خستۆتە ئەم ڕێکخراوانەوە نەبوونی کەسانی کارامە و شیاون بەجۆرێك کە هەندێك بەرپرسی ڕێکخراوەکان پێویستیان بە هۆشیاری و رۆشنبیر کردنە، دەست تێوەردانی حزبەکانی کوردستان رەنگدانەوەی ئامانجەکانیان لەرێگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هۆکارێکی دیکە کە وایکردووە نێوان ئەمان و هاووڵاتیان ساردی تێ بکەوێت.

دەمێکە لەکوردستان باس لە کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێ لەو پێناوەشدا چەندین ڕێکخراو کار دەکەن ئایا ئەو هەوڵە بەکوێ گەیشتووە.

**بێگەرد عەبدول– راگەیاندنکار:** بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەکوردستان کارێکی باشە بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێن زۆرێك لەو ڕێکخراوانە شوێن پێ هەڵگرتنی کۆمەڵێك ڕێکخراوی ئەورووپی و ئەمریکین بۆیە تا ئێستا نەیانتوانیوە رۆڵی کاراو

ئـەكتیڤ لەكۆمەڵگاكەمانـدا بگێـڕن بۆیـە ئێمـە پێویـستمان بـەگرنگی دانـی زیـاترە بەرێكخراوە خۆماڵییەكان یاخود هەوڵی دروست كردنی رێكخراوی هەڵقوڵاو لەنێو خواست و شـارەزا بـە كێـشە ناوخۆییـەكانی كوردسـتان وەك كێـشە كۆمەڵایەتیـەكان و كێـشە رامیارییەكان و...هتد هەركات بـیر لـە دروسـت كردنـی ئـەو جـۆرە رێكخراوانـە كرایـەوە بەدڵنیاییـەوە رۆڵیـان دەبێـت لـە پێشخـستنی كۆمەڵگاكەمانـدا دەتـوانم بڵـێم بـەدەیان رێكخراوی بەناو كۆمەڵگای مەدەنی لە پارێزگاكاندا هەیە كـە نـەك رۆڵیـان نـەبینیووە لـە وشـیاری كۆمـەڵگای كـوردی بـەڵكو بودجەكـەیان بـۆ گەشـت و چـا خـواردن و قـاوە خـواردن و...هتـد خـەرج دەكـەن و ئەگـەر هـەر چـالاكییەكیان هـەبێت زۆر بـە كـەمی دەگاتـە قـەزاو ناحیـەو ئۆردوگاكـان لەكاتێكـدا پرۆسـەی بەمـەدەنی كردنـی كۆمـەڵگا پێویستە لەو جێگایانەوە دەست پێ بكات، بەڵام ئـەمان مەیـدانی راسـتەقینەی كاریـان فەرامۆش كردووە و جۆرێكی دیكە چالاكیان هەڵبژاردووە.

**ئیلهام عومەر حەسەن مامۆستای سەرەتایی**

بەڕای من گۆڕانكارییەكانی كە بەسەر كۆمەڵگای كوردیدا هـاتووە خـۆی زۆر كارتێكـەری هــەبووە لــە وشــیاركردنەوەی كۆمــەڵگاداو پرۆســەی مــەدەنی بــوون لــە شاشــەی tvیەكانەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەگەر تەماشای كۆمەڵگاكەمان بكەین و بەراوردی بكەین بـە پـێش سـاڵی ١٩٩١ یـاخود كوردستان و پارێزگاكانی دیكەی ئێراق ئەوە جیاوازییەكی تەواو جیاواز دەبینین ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێت كە كۆمـەڵگای ئێمـە چـەندین هـەنگاوی گـەورەی نـاوە بـەرەو بەمەدەنی بوون.

**نەبەز جۆلا:**

نووسەری دەرونزان ئەنتۆنی رابنیزی گـەورە دەڵێـت: هـەر كاتێـك بـۆ تـاك یـان كۆمـەڵ قسەت كرد دەبێت لایەنێكی گـرنگ هەیـە رەچـاو بكرێـت كـە (بۆچـی، بـۆ كـێ، لـەكوێ، چۆن) قسە دەكەیت كە بۆچوونەكان بەم شێوەیە خرایەڕوو لـە یـەك تێگەیـشتن ئـەرێنی

دێتەکایەوە، بۆیە وەك سەرەتا پێویستە سەرجەم رێکخراوە مەدەنییەکان رەچاوی ئەم لایەنە بکەن لە سەرجەم ئەرکەکانیاندا. وەك روون و ئاشکرایە هەموو حکومەتێك بەرنامە و پلانی تایبەتی خۆی هەیە بۆ بەرێوەبردن و هەڵسوڕانی وڵات، بەڵام هەردەم داوکاری هاووڵاتیان لەرێگای رێکخراو و سەندیکا و سەنتەرەکانەوە تایبەتمەندی و کارتێکردنی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر پلان و بەرنامەرێژی حکوومەتەکان بۆیە بوونی رێکخراوە مەدەنییەکان زەرورەتی خۆی هەیە.

بەڵام لەسەر حکوومەتیش پێویستە کە پشتیوانی ئابووری لەو رێکخراوانە دەکات پێویستە لیژنە و گرووپی تایبەت بۆ بەدواداچوونی کارەکانیان دروست بکات بۆ ئەوەی تاکەکانی ئەو رێکخراوانە بەرهەم و سوودی ئەو رێکخراوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارنەهێنن و مەرج نییە پێشکەوتنی کۆمەڵگا تەنها لەرێگای رێکخراوە مەدەنییەکانەوە بێت هەر تاکێکی کۆمەڵ لەرێگای خۆیەوە دەتوانێت بەداهێنان و کاری جوان و وڵات بەرەو پێش ببات، بەڵام ئازادی تاك زەرورە بۆ پێشکەوتن و مێشك فراوانی تاکەکان، لایەنێکی گرنگ ماوە بڵێین عەقڵی پلاندانان لە حکوومەتی هەرێم بۆ رێکخراو و سەندیکاو سەنتەرەکان وەك پێویست ئامانجەکان ناپێکێت چونکە لە دانانی بودجە بۆ ئەو رێکخراوانە هەتا کو ئێستا بەپێی چەندێتی نەك چۆنێتی بودجەیان بۆ دەست نیشان دەکەن چونکە روون و ئاشکرایە کاری رێکخراوە مەدەنییەکان یەکسان کردنی عەقڵی کۆمەڵایەتی و کەلتووری زانستی تاکی کۆمەڵە و نزیك کردنەوەیانە لەیەکتر جا ئەو رێکخراوە لە شاردا بێت یان قەزاو ناحیە و گوندەکان.

**بەیان محەمەد ساڵح - مامۆستا**

لە هەرێمی کوردستان نەك تەنها لەرووی رێکخراوە مەدەنییەکان بەڵکو لەسەرجەم بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداری و رۆشنبیری و کلتووری کە کاری بۆ دەکرێت پلانی تۆکمە و بنەڕەتی بۆ دانانرێت هەر کاتێکیش پلان نەبوو بەردەوامی و پێشەوەچوونی کارێکی ئاستەمە خۆ ئەگەر بەردەوام بوونیش هەبێ ئەوا وەك پێویست

ئامانجە راستەقینەکانی خۆی ناپێکێت بۆیە بەرنامەی کار زەرورەتێکە و پێویستە رێگا بە خەڵکی پسپۆڕ بدرێت لە هەر بوارێکدا بۆچوون و تواناکانی بە زەرورەتەوە سەیر بکرێت کاری پێبکرێت لەرووی کۆمەڵگای مەدەنی چەندین سەندیکاو رێکخراو و سەنتەری جۆراو جۆر دەبینرێن کە لەلایەن حکوومەتی هەرێم پشتیوانی دەکرێن و لەکارکردندان بەڵام وەك پێویست و هەندێ جار لەدوور لەنزیك ئاگایان بەکارو چالاکی یەکترەوە نییە لە شارێکدا بەدڵنیاییەوە چەندین و دەیان لەم جۆرە رێکخراوانە دەبینرێن کە سەرجەمیان ئابوورییان بەهێز نییە و ئەو خزمەتەی دەکرێت لە ئاستی دارایی نزمی رێکخراوەکاندا دەکرێت، بەڵام ئەگەر بێت و لەلایەن حکوومەتی هەرێم چەندین سەنتەر یەك بخرێن و لە سەنتەرێك یان رێکخراوێکی گەورەتر کۆبکرێنەوە و کارەکانیان بەرەو ئەرێنی دەچێت.

**جومعە فاتیح ساڵح- مامۆستا**

لەوەتەی باس لەکۆمەڵگای مەدەنی دەکرێ ژمارەیەکی زۆر رێکخراوو سەنتەر و بەو ناوەوە کاردەکەن و حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریان دەکات، ئایا کۆمەڵگای مەدەنی لای ئێمە تەنیا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ژمارەی ئەو رێکخراوانەی دەم لە کۆمەڵگای مەدەنی دەدەن کە هاوکاری لە حکوومەت وەردەگرن. بێگومان کە نەخێرە وەڵامی هەرکەسێك کە نانخۆرو سەردەستی ئەو رێکخراوانە نەبێت.

لەڕوانگەیەکی دیکەی ساویلکەیی و دیماگۆجی کردنی خەڵك لەوەدا دەبینرێت کە دوای ئەوەی لەلایەن چەندین بەرپرسەوە باس لە مەدەنی دەکەن و برێکی کەمیان نازانن پێناسەی کۆمەڵگای مەدەنی چییە؟! دروستبوون. دڵنیاشم ئەو رێکخراوانەی کە دروست بوون هیچ کات ناتوانن خەرابستان بەبڕی ٪١یش بگۆڕن و هەرچیەکیش بکەن لەژێر پۆینتی یەکەوەیە لەسەدا.

بۆیە هەتا زیادبن کێشەکان زیاد دەکەن و ئەو برە پارەیەش کە دەزانرێ بچووکترین خزمەتی پێ بکەن ناهێڵرێ بکرێ. بۆیەلە کورتیدا دەڵێم: نا بۆ زیاد بوونی رێکخراوی

مەدەنی بەڵێ بۆ بەڕێوەبردنی خەڵك و وڵات.

**نیزام نازم عەبدول - مامۆستا**

چەند ساڵی رابردووی کارکردن بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی چۆن هەڵدەسەنگێنن، گەرچی لێرەو لەوێ هەوڵی بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگای کوردی دەدرێت، بەڵام چەمکی کۆمەڵگای مەدەنیش بەدەردی چەمکەکانی دیکە تووشی جۆرێك لە شێواندن بووە، چونکە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی تەواو داخراوە، چونکە تاکو ئێستاش دەسەڵاتی خێڵەکی عەشیرەت وباوك سالاری دەستی بەسەر تەواوی کۆمەڵگە داگرتووە، بۆیە لەوەها کۆمەڵگەیەکدا بەمەدەنی کردنی ئەرکێکی سانا نییە هەرچۆن هەڵە تێگەیشتنێك هەیە لە چەند چەمکێکی دیکەی وەکو دیموکراسی و ئازادی و بازاڕی ئازادو...هتد، بەدووری مەزانە کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا مرۆڤ گەلێك هەن ئێستا بە عەقڵیەتی باوباپیرانیان بیردەکەنەوە و داب و نەریت دەست و پێی بە ستوون و چاوەڕوانی گۆڕانیان لێ ناکرێ ئەگەریش بکرێ کاتێکی زۆری دەوێ، بەڵام وەك گوتراوە باشترین کەس ئەو کەسەیە کە مرۆڤی سەردەمی خۆی بێ هەرچۆن لەوتەکانی ژیاندا دەڵێت: باشترین کەس ئەو کەسەیە کە هەوڵبدات لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا بگونجێت نەوەك هەوڵی ئەوەبدات کە سەردەم لەگەڵ خۆیدا بگونجێت.

دەمێکە لەکوردستان باس لە کۆمەڵگای مەدەنی CSi دەکرێ لە پێناویشدا چەندین رێکخراو کاردەکەن ئایا ئەو هەوڵە بەکوێ گەیشتووە؟!

**نازەنین تەها ئەحمەد- قادر**

کۆمەڵگای مەدەنی بەپێی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییە سیاسییەی کە لەکوردستاندا بوونی هەیە نەیتوانیوە وەکو پێویست پرەنسیپە مەدەنییەکانی خۆی بەگڕ بخات و زاڵ بێت بەسەر فاکتەرە مەدەنیەکاندا هەرچەندە لێرەو لەوێ بەشێوەیەکی رێژەیی کۆمەڵگای مەدەنی توانیویەتی وەکو سەرەتایەك خۆی نمایش بکات، بەڵام ئەوەش لەشارە گەورەکاندا.

**ئامانج حسێن ئەمین – قوتابی ناوەندی**

دیارە بەمەدەنی بوونی تاکەکانی کۆمەڵگا هەنگاوی یەکەمە بۆ بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگا، چونکە وشیار بوونەوەی تاکەکان ئەو پرۆسەیە پێش دەخات و سەردەخات ئەو رێکخراوانە لەو بڕوایە دانیم وەك پێویست توانیبێتیان کار بۆ کۆمەڵگای مەدەنی بکەن و زۆرێك لەو پارانەی لە حکوومەت وەریدەگرن بەفیڕۆ دەچن و ئەو رێکخراوە مەدەنییەی کە ئێمە پێویستمانە بۆ کۆکردنەوەی تاکە مەدەنیەکان لەو بڕوایەدانیم هەبێت.

جا پێویستە حکوومەت دەزگای وردبینی و چاودێری هەموو رێکخراوەکانی NGO بکات و بەتایبەتی ئەو رێکخراوانەی بانگەشە بۆ هەوڵی دروست کردنی کۆمەڵگای مەدەنی دەدەن، چونکە کاتێك حکوومەت بە ملیۆنان دینار بۆ بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگای کوردی سەرف دەکات لەرێگای ئەو رێکخراو و سەنتەرانەوە پێویستە چاودێریشیان بکات. هەر بۆیە ئەگەر حکوومەت ئەو کارە بکات لەو بڕوایەدام بەدەیان سەنتەر و رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت دابخرێن.

# N.G.Oکان و
# خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکان

سابیر حوسێن

ئەمڕۆ لەگۆڕەپانی کوردستاندا مایەی خۆشحاڵیە کەبەدەیان وسەدان ڕێکخراوو سەنتەرو کۆمەڵەی جۆراوجۆری ڕۆشنبیری و کەلتووری وپیشەیی وجەماوەری دەبینی کەهەریەکەیان لەئاست خۆی و بەگوێرەی تایبەتمەندی دیاریکراوی خۆی کاروچالاکی ئەنجام دەدات و هەریەکەشیان ژمارەیەك گەنج ولاوانی کوردی لەدەوری کۆبوونەتەوە. هاوکات چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵیش بەهەمان شێوە بەجۆرێك کۆمەڵگای کوردی خەریکە بەرەو دامەزراوەیی دەچێ ئەوەی لەلای دروست بووە کە سەربەچ چین و کۆمەڵە وتوێژێکە. بێگومان کاتێك بەم زمانە گەشبینیەوە قسە دەکەین ناکرێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کەئەو (N.G.O)یانەی ئەمڕۆکە لەگۆڕەپانەکەدان کەم و کوڕیان زۆرەو ڕەخنەو گلەیی و گازاندەیان لێ دەکرێ هاوکات زۆربەیان کاری خۆی ئەنجام نادات وپەیامی ڕاستەقینەی خۆی لەدەست داوە. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بەبەراوردکردن لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا هەندێ گۆڕانکاری پیشەیی هەستی پێدەکرێت و خەریکە ئەو(N.G.O)یانە هەست بەمەسئولیەتی سەرشانی خۆیان دەکەن و مونافەسەیەکی شەریفانەش ئێستاکە لە ئارادایە لەسەرئەوەی کەکام لەسەنتەرەکان بیروبۆچوونی جوان و چالاکی ڕێك و پێك ئەنجام دەدەن. سەرباری ئەمانەش ئێستاکە حکومەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان لەوەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکان لەنزیکەوە چاودێری ئەو

سـەنتەرو كۆمەڵـەو ڕێكخراوانـە دەكـەن بـەگوێرەی یاسـا مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەكـەن و بەسـەریان دەكەنـەوە بەشـێوەیەكی گـشتی خەریكـە كاروچـالاكیەكان ڕێـچكەی دیـاری كـراوی خۆیـان وەردەگـرن بـەڵام ئـەوەی ئێمـە مەبەسـتمانە جـەختی لەسـەر بكەینـەوە فەرامۆشكردنی یاخود بەهەند وەرگـرتنی ئـەو لادانـەی خـاوەن پێداویـستی تایبـەتن كـە بەهەرهۆیەك بێت دووچاری كێشەی لەدەسـتدانی ئەنـدامێكی لەشـیان بوونـە یـان هـەر بــەزگماكی ئــەو لایەنــەیان وەك پێویــست نــەبووە. ئــەوان فــەرامۆش كــراون لەلایەن(N.G.O) كانەوە تەنانەت دەبوایـە ئـەوان بـۆ خۆیـان ڕێكخراوێكـی ئـەكتیڤیان هەبوایە وحكوومەتی هەرێمی كوردسـتانیش بایـەخی تایبـەتی بـەجیاواز لـە (N.G.O) كانی تر گرنگی زیاتر بەوان دابایە چـونكە ئـەوان پێویـستیان زیـاتر بەبایـەخ وگرنگیـدان هەیەو پێویـستە داخوازیـەكانیان لەبەرچـاوبگیرێت و ڕێـز لـەكارو چـالاكیەكانیان بگرێـت تاوەكو هەست بەكەم وكوڕی نەكەن وخۆیان بەجیاوازتر نەیەتـە بەرچـاو بەتایبـەتی ئـەو گەنجـە خـودان بـەهرەو چـالاكی وزیرەكـی سروشـتین كـەزۆرێكیان نموونـەی سـەرنج ڕاكێشانن پێویستە سوود لە بەهرەكانیان وەربگیرێت هاوكـات ئـەركی (N.G.O) كانـە بەگـشتی كـەخولی ڕاهێنــان وڕۆشــنبیری تایبــەت بـۆ ئـەو گـەنج و لاوانـە بكەنــەوەو بەرنامـەكانی خۆیـان تۆكمەتربكـەن تەنانـەت حـەقی خۆیـەتی ئـەو سـەنتەرو ڕێكخـراوو كۆمەڵانـە پێـشبڕكێ لەسـەر ئـەوە بكـەن كەكامـەیان زیـاتر خزمـەتی لاوانـی خـاوەن پێداویستی تایبەت دەكەن...

# کۆمەڵگای مەدەنی

نەسروڵڵا عەبدوڵڵا شێخانی

لە ڕاستیدا مرۆڤ بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتدا هەبووە و لەو کۆنترە، کەواتە دەوڵەت بەشێکە لە کۆمەڵگادا و لەسەر سروشتی مرۆڤایەتییەوە بونیادنراوە، بەستنەوەی تاکەکان لە ڕێگای هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان و گوند و شار و نەتەوە و ڕێکخراوەکانە. لێرەدا کۆمەڵگای شارستانی ئەو گرووپە بچووکانەن کە لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و ئایینی و ڕۆشنبیریدا خۆیان ڕێکدەخەن و چالاکییەکان پیادە دەکەن و سەربەخۆییەکی گەورەیان هەیە، ئەندامیەتی و بەشداربوون مەرجە ئارەزوومەندانە بێت نەوەك بەزۆرەملێ بێت و پاشکۆی دەسەڵاتی سیاسی نەبێت. تەنها لەپێناو ئامانجە ڕەواکانی ڕێکخراوەکانیان لە چوارچێوەی یاسادا و دیموکراسییانە کارەکانیان ئەنجام بدەن، ئەوان لە نێوان تاك و دەوڵەتەوەن ئەرك و دەسەڵاتەکانی حکوومەت کەمتر و سووکتر دەکەن. دەکرێ فشار بخەنە سەر دەسەڵاتی ناوەندی بۆ هەموارکردنی یاساکان و باجەکان و حوکمەکانی تاوانکاری بۆ خوێندنەوەیان لە

بەرژەوەندی هاووڵاتیـان، هـیچ حكوومـەتێك بەتـەنها ناتوانێـت تاوانـەكان قەڵاچـۆ بكـات ئەگـەر پـشتگیری و هاریكـاری خـەڵكی لەگەڵـدا نـەبێت. چـاودێریكردنی گەڕەكـەكان و شـەقامەكان و پاراسـتنی ئاسایـشی شـارەكان و ژینگـە و مـافی منـداڵان و ئافرەتـان و كەمئەندامان و بایەخ و گرنگیدان بە كولتوور و گەشەی ئابووری و كۆمەڵایەتی بـە هـەوڵ و كۆششی تیمەكانی كۆمەڵگای شارستانی دەستەبەر دەكرێن. كامیان باشترە، لاوێك لە زینداندا بناڵێنێت یـاخود كورسـییەكی خوێنـدن لـە زانكـۆدا داگیر بكـات؟ مەبەسـت لـە پرۆسەی خوێندن تەنها ئاشنابوون نییە بە تەكنەلۆژیای سـەردەم، بـەڵكو چـاندنی بـەها جوانەكانە لە هزر و ڕەفتاری گەنجەكاندا.

ئـەفلاتون دەڵێـت: (گۆرانییـەكانی میللـەتێكم بـدەنێ جـا گـرنگ نییـە كـێ یاسـاكانی دەنووسـێتەوە). پێویـستە شـەفافیەتێكی تـەواو سـەبارەت بـە كۆمـەك و ئامانجـەكان و چالاكی ڕێكخراوەكان بەدی بكرێت. چونكە ئـەم سـێ لایەنـە ئەگـەر ناسـراو و ئاشـكرابن ئەوە هەڵوێستیان لە بەرامبـەردا وەردەگیرێـت و حوكمیـان لەسـەر دەدرێـت. كۆمـەڵگای مـەدەنی تـەنها بیرۆكەیـەكی رووتكـراوە ناگەیـەنێت، بـەڵكو واتایـەكی كۆمەڵایەتییـە بـۆ نەتەوەیەك كە بیەوێت بڕوانێتە ئاسۆیەكی ڕووناك. بۆ زیندووكردنەوەی ئەم كۆمەڵگایە و كاراكردنی ئەركەكانی، ئەم تێبینیانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

١- مامەڵەكردن لەگەڵ هاووڵاتیان بەم شێوەیەی كەوا توانای حوكم كردنی خۆیان هەیـە لە بەڕێوەبردنی كاروباری ڕۆژانەیاندا.

٢- داكـۆكیكردن لەسـەر خوێنـدن و گەشـەو نمـاكردنی بـەهاو خەسـڵەتە جوانـەكانی كەسایەتی.

٣- پـشتگیری و كـاراكردنی دەزگاكـانی (خێـزان، قوتابخانـەكان، مزگەوتـەكان، گەڕەكەكان، ڕێكخراوە ناحكوومییەكان... تد).

٤- بەخشینی دەسەڵات بە ڕێكخراوەكان، واتا هاندانی دەسەڵاتی ناناوەندی.

٥- كردنەوەی خول و مەشقكردن بۆ كارمەندانی كۆمەڵگای شارستانی.

### جۆرج مەنسور، وەزیری هەرێم بۆ کۆمەڵگای مەدەنی بۆ خەبات:

# ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تەنها داکۆکیکردن نییە لە مافی تاك، بەڵکو بانگهێشتکردنیشە بۆ ئەوەی هەر تاکێك ئەرکەکانی خۆی لە کۆمەڵگا بناسێت

**هەڤپەیڤین: بەرهەم شێخ عزەدین**

بونیادنان و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و تەندروست هەوڵ و کۆششی زۆری دەوێت، لەمێژە لە کوردستان باس لەو کۆمەڵگایە دەکرێ و بە سەدان ڕێکخراو بەو ناوە کاردەکەن، هەبوونی ئەو ڕێکخراوانە هەندێ خەڵك بە ئەرێنی و هەندێ بە نەرێنی باسی دەکەن و لێی دەدوێن و قسەوباسی لێ دەکەن. حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بەمەبەستی کارکردن و هەنگاونانی خێراتر وەزیرێکی تایبەت بە کۆمەڵگای مەدەنی داناوە، بۆ سۆراخکردنی ئەو قسەوباسانە و شتانەی دەربارەی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان هەیە، بەڕێز (جۆرج مەنسور) وەزیری هەرێم بۆ کۆمەڵگای مەدەنیمان دواند و بەڕێزی لە ئەنجامی وتووێژەکەمان بەمجۆرە بۆمان دواو بۆچوونی وابوو..

*** دەمێکە لە کوردستان باس لە کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێ لەوپێناوەشدا چەندین ڕێکخراو کاردەکەن، بەبۆچوونی بەڕێزت ئەو هەوڵە بەکوێ گەیشتووە؟**

ـ بوونی ڕێکخراوەی کۆمەڵگای مەدەنی کارا لە کوردستاندا دیاردەیەکی تەندروست و پێویستە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی تاکو کۆمەڵ، بەمەرجێك ئەو ڕێکخراوانە پابەندی بەهاو پێوەرەکانی ڕێزگرتن و لێبوردن و بەڕێوەبردنی ئاشتییانەی ناکۆکییەکان بن و، پەیامە مرۆییەکانیان بەجوانترین شێوە ئەنجام بدەن. لە ماوەی سەدەی ڕابردوو هەرێمی کوردستان دووچاری پرۆسەیەکی نەخشە بۆ کێشراوی پەراوێزخستنی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری بۆتەوە، ئەم مەینەتییە دوورودرێژە وایکرد کە مرۆی کوردستانی تینووی ئازادی و دیموکراسی بێت و پەرۆشیش بێت بۆ تەرخانکردنی وزەو تواناکانی لەپێناوی بەرژەوەندی کۆمەڵگای کوردستان. دوای ئازادکردنی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ ئەم دەرفەتە هاتەدی و دوای ڕووخانی ڕژێم باشتریش بوو، من دەڵێم بەپێی پێوەرەکان هەنگاوی باش نراوە و لە هەوڵی زیاتر داین.

*** هاوکاری و پشتگیری حکوومەتی هەرێم لەچ ئاست و بەچ شێوەیەکە بۆ ڕێکخراوەکانی بانگەشەی یان کار بۆ کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن لە کوردستاندا؟**

ـ بەمەبەستی بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان، حکوومەتی هەرێم پشتیوانی لە بۆچوونی دیموکراسییانەی سەربەخۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات و کردووە و پشتگیری کارەکانیانە بۆ خزمەتکردنی توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بە گشت پێکهاتەکانی. هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەوەتا سەرۆکی حکوومەتی هەرێم وەزیرێکی تایبەتی بۆ کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی داناوە، گرنگی ئەم بڕیارە لەوەدایە کە حکوومەتی هەرێم لە هەوڵدایە بۆ خێراترکردنی پرۆسەی دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان و دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕاپەڕاندنی. هەروەها ئەم بڕیارە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەڕووی بەشداریکردن لە بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هۆشیارکردنەوە لەم بوارەدا و دابینکردنی پشتیوانی حکوومەت بۆ

چالاکییە ئازاد و سەربەخۆکانیان.

*** ئامانج و بەرنامەی کاری ئێوە چین و چۆنە؟**

بەڵێ ئێمە هەر لە کاتی وەرگرتنی ئەم ئەرکە و دەست بەکاربوونمان، بەرنامەی کاری خۆمان ئامادەکرد بەمجۆرە کە دەتوانم لە چەند خاڵێکدا کورتیان بکەمەوە:

١- ناسینەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانیان لەڕێی گرێدانی چەند کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆ و بەشداربوون لە چالاکییەکانیان لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی.

٢- بانگهێشتی دامەزراوەکانی پارەبەخش بۆ یارمەتیدانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان و، وێڕای سەردانی وڵاتانی کەنەدا و پۆڵۆنیامان کرد، ڕەشنووسی پرۆژەی دامەزراندنی پەیمانگای تایبەت بە کۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێمی کوردستان.

٣- بانگهێشتی دامەزراوەکانی میدیا و ڕاگەیاندن لە کوردستان بۆ بەشداربوونیان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری مەدەنی و کولتووری مرۆیی.

*** بەبۆچوونی بەڕێزت ئەرك و کاری ڕێکخراوە ناحکوومییەکان چییە؟**

ـ ئەگەر ڕێکخراو ئەرك و ماف خۆی بزانێت کۆمەڵگا سوودێکی بەرچاو دەبینێ، من لێرەدا چەند ئەرکێکی ڕێکخراوەکان باس دەکەم:

١- یارمەتیدانی کۆمەڵگا لە ڕێکخستنەوەی خۆی بەشێوەی کۆمەڵە و ڕێکخراو کە کە سیاسەتێکی سەربەخۆی هەبێت و ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ بکەن.

٢- ئەکتیڤ کردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەهەموو پارێزگاکانی هەرێم و هەوڵدان بۆ گرێدانی سمیناری تایبەت بە چەمك و سروشت و ئەرکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێم.

٣- بەشداریکردن لە بنیادنانی هەرێمێکی ئازاد و دیموکراسی گەشەسەندوو.

٤- ئەڵقەی کارای نێوان کۆمەڵگا و حکوومەت بێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆی گونجانی بەرژەوەندییەکان لە نێوانیان.

٥- بانگهێشت بۆ ڕۆحیەتی هاووڵاتیبوونی و بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیری برایەتی و خۆشەویستی و هاوكاری و لێبوردن، وێڕای پشتگیریكردن لە مافەكانی ئافرەت.

٦- ئەركی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی تەنها داكۆكیكردن نییە لە مافی تاك، بەڵكو بانگهێشتكردنیشە بۆ ئەوەی هەر تاكێك ئەركەكانی خۆی لە كۆمەڵگادا بناسێت بەرامبەر بەپێشكەوتن و پەرەپێدانی ئابووری نیشتمانی و ڕۆشنبیری و پاراستنی ژینگە و سامانی نیشتمانی.

*** وەكو وەزارەت كۆنفرانسی ڕێكخراوەكانتان بەست، دەكرێ ڕاسپاردە و ئەنجامەكانی بزانین و چین؟**

ـ بەڵێ ئەمە دەقی ڕاسپاردەكانە:

ڕاسپاردە و دەرئەنجامەكانی كۆنفرانس

بەچاودێری و ئامادەبوونی ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان، نووسینگەی وەزیری هەرێم بۆ كاروباری كۆمەڵگای مەدەنی، كۆنفرانسی هەرێمایەتی ڕێكخراوە ناحكومییەكانی هەرێمی كوردستان لە ڕێكەوتی ٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێم سازكرد. لە كۆنفرانس نزیكەی ١٠١ ڕێكخراوی ناحكومی ئامادەبوون و تیایدا كۆمەڵێك ڕاسپاردە و دەرئەنجام خرانەڕوو، كە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

*** تەوەری مۆڵەت وەرگرتن:**

١- شێوەی مۆڵەت وەرگرتن بۆ تۆماركردن بەپێی یاسایەكی تازە ڕێكبخرێت، لەمبارەیەوە پێشنیاری پرۆژەی یاسایەك بە پەرلەمان كراوە.

٢- دامەزراوەیەكی سەربەخۆ دابمەزرێت بەپێی یاسا ڕێكبخرێت بۆ تۆماركردنی ڕێكخراوەكان.

٣- تا كاتی دامەزراندنی ئەم دامەزراوەیە و دەرچوونی یاسا، نووسینگەی وەزیری هەرێم بۆ كاروباری كۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ ڕێكخراوەكان لیژنەیەك پێكبهێنن بۆ

تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان.

*** تەوەری سەربەخۆیی ڕێکخراوەکان:**

١- حکومەت بەبێ لایەنی مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بکات و دەست لە کاروباریان وەرنەدات.

٢- پارتە سیاسییەکان ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و ڕێگا نەدرێت تەواوی کایەکانی کۆمەڵگا کۆنترۆڵ بکەن، لە پێشەوەیان ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

*** تەوەری سەرچاوەکانی دارایی:**

١- ڕێژەیەك لە بودجەی ساڵانەی هەرێم تەرخان بکرێ لەسەر بنەمای پێداویستی کۆمەڵگا و لە ڕێگای ڕێکخراوە ناحکوومییەکان خەرج بکرێت بە کێبڕکێ و لە ڕێگای پێشکەشکردنی پرۆژە.

٢- وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشێك لە پلانی خۆیان بە هاوکاری ڕێکخراوە ناحکوومییەکان جێبەجێ بکەن بە کێبڕکێ و لە ڕێگای پێشکەشکردنی پرۆژە.

٣- حکوومەتی هەرێم هانی کەرتی تایبەت و کۆمەڵگا بەگشتی بدەن بۆ پشتگیری لە سندووقی کۆمەکی ڕێکخراوەکان و ئەم کارەش بە یاسا ڕێکبخرێت.

٤- ڕێکخراوەکان ببەخشرێن لە ڕەسم و باج و گومرگ.

*** تەوەری پەیوەندی ڕێکخراوەکان لە نێوان خۆیان:**

١- ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێویستە زیاتر گرنگی بە هەماهەنگی و کاری هاوبەش بدەن لە ڕێگای دامەزراندنی تۆڕبەندی و هاوپەیمانێتی و...تاد، حکوومەت کارئاسانی بکات و دانیان پێدابنێت و بەیاسا ڕێکبخرێت.

٢- هاوکاری ئەو تۆڕ و هاوپەیمانێتییانە بکرێ کە ئێستا هەن و زەمینە برەخسێندرێ بۆ بەشدارکردن لە تۆڕ و هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتییەکان.

*** تەوەری ڕێکخراوە بیانی و نێودەوڵەتییەکان:**

١- حکوومەتی هەرێم ئاسانکاری لە هاتن و تۆمارکردن و کارکردنی ڕێکخراوە بیانی و

نێودەوڵەتییەکان بکات.

٢- حکوومەت ڕێکخراوە بیانی و نێودەوڵەتییەکان ناچار بکات کە لە ڕێگای ڕێکخراوە ناحکوومییە ناوخۆییەکان پرۆژەکان جێبەجێ بکەن و ڕێگر نەبێت لەبەردەم ئەندامبوون و تۆڕبەندی و هاوپەیمانیەتی دروستکردن لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکان و نێودەوڵەتییەکان.

*** تەوەری پەیوەندی ڕێکخراوەکان لەگەڵ حکوومەت:**

١- بەشداری بە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بکرێت لە پلاندانان و ئەنجامدان و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی کاری حکوومەت.

٢- گەیشتن بە زانیارییەکان بۆ کۆمەڵگا بەگشتی و ڕێکخراوەکان بەتایبەت دەستەبەر بکرێت و بەیاسا لەلایەن پەرلەمان ڕێکبخرێت.

٣- دامەزراندنی بانکی زانیاری و ماڵپەڕێك بەهەماهەنگی لە نێوان حکوومەت و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بۆ گەیشتن بە داتا و زانیارییەکان بەمەبەستی هاتنەکایەوەی شەفافیەتی زیاتر و گەیشتن بە خزمەت بۆ خزمەتخوازیاران بە ئاسانترین ڕێگا.

# سەرهەڵدانی
# كۆمەڵگای مەدەنی و پێكهاتەكەی

**فاتیح**

هەر لەگەڵ رووخانی رژێمی فەرمانڕەوای گشتگر لە كۆتاییی هەشتاكانی سەدەی رابردوو لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا و لە هەندێ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، ئاراستە بەرەو بە دیموكراسی بوون زێدەیكردوو وەك زاراوەیەكی تازە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بانگەشە بۆ كۆمەڵگەی مەدەنی كرا كە پێشتر لە وتارە گشتیەكان بەكار نەدەهات و توێـژەرەكانیش بەو ئاستە بایەخیان پێنەدا. رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە رێگەی خوێندن و شیكردنەوە و دەرچوونی ژمارەیەك توێژینەوە پێی ئاشنا بوو بوون. ئەمەش زۆر لایەنی هێنایە پێشەوە و بۆچوونی جیاجیا لەسەری پەیدابوون. لەوانە هەندێك بە پەرۆشەوە لێی دەڕوانن و دەڵێن كۆمەڵگەی مەدەنی چارەسەری زۆر لە كێشەكانمان بۆ دەكات، هەمیشە خۆی لێدەپارێزێ و دەڵێن بانگەشەی كۆمەڵگەی مەدەنی لە بنەڕەتدا لە رۆژئاوا هاتووە بۆیە ناكرێ ئەو نمونەیە خوازراو بێ بۆ ئێمە.
بەڵام لاگیرانی بیرۆكەی كۆمەڵگەی مەدەنی دەڵێن پێشكەوتنی دیموكراسیەت لە

کۆمـەلگاکانی رۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت پێویـست بـەوە دەکـات کـە رێکخـراوی نـا حکـومی دابمەزرێن و پراکتیزەی چالاکیەکانیان بکەن بۆ ئەوەی رۆلگێڕانی دەوڵەت تەواو بکـەن و کۆمەکی دەر بن بۆ بلاوبوونەوەی دەستپێشخەری بە هاکان و کۆمەڵەکان و پشت بەستن بەخود بەو ئاستەی کە زەمینە خۆشکەر بێ بە دەرفەتێکی باشتر بۆ ئەوەی کۆمەلگاکان لە هـەموو شـتێکەوە تـەنیا پـشت بـە دەولـەت نەبەسـتن و ئـەو رەوشـە کۆمەلایەتیـەش چاکسازی تیایدا بکەن کە میکانیزمێکی بۆ ماوەیی تاوەکو ئێستا پیادە دەکرێـت و هـەر لە چاخەکانی کۆنەوە بۆیان ماوەتەوە. چونکە هەندێ لەو کۆمەلگایانـەی لـە رۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتن بـە جیـدی و بـە کردەکـی لـە هـەوڵ و کۆشـشی چـڕدان بـە مەبەسـتی بەرفراوانکردنی پێکهاتەی ئەو رێکخراوانە و دامو دەزگایانـە و رەنگدانەوەشـیان زوو یـان درەنگ روونتر بەدەر دەکەوێت. لە هەمانکاتدا دیاردە تازە پشتگوێ بخرێ یاخود بەلاوە بنرێ، بەڵکو لە سەرمان پێویستە بە دوای هەڵوێستی دروست بگـەڕێین و ئـەو لایەنانـە هەڵبـژێرین کـە کۆمەلگـەی مـەدەنی بـەخۆوە دەگرێـت و دەبێتـە قۆنـاغی ئایینـدە بـۆ پێشکەوتنی کۆمەلگاکان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

## کۆمەڵگەی مەدەنی چییە و بۆ چی؟

دیارە کۆمەلگەی مەدەنی مێژوویەکی هەیـە و سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئـەو چـەمکە بـۆ یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی یۆنانی ئەغریقی کـە ئەرسـتۆ بـەم شـێوەیە ئامـاژەی پێداوە (کۆمەڵە سیاسەتوانێك ملکـەچ دەبـن بـۆ یاسـا). لێـرەدا جیـاوازی نـەکردووە لـە نێـوان دەولـەت و کۆمەلگـەی مـەدەنی دەولـەت لـە هـزری کـۆنی سیاسـەتی ئـەوروپادا مەبەست کۆمەلگەی مەدەنی بووە و کۆمەڵەیەکی سیاسـی پێکـدێت و تیایـدا هاوولاتیـان ئەندامن و شارەزان و دان بە یاسای دەوڵەت دادەنێن و مامەڵەش بەپێی یاسا دەکەن.
پاشان ئەو چەمکە لە سەدەی هەژدەیەم لەگەڵ قالبگرتنی پەیوەندیەکانی وەبـەرهێنانی سـەرمایەداری پێـشکەوت و لـەو سـاوە جیـاوازی کـرا لـە نێـوان دەولـەت و کۆمەلگـەی

مـەدەنی. مەسـەلەی چـڕی خـستنەسەر دەسـەڵاتی سیاسـی پێـشنیازکرا لـە پـاڵ ئـەوە ئەوەش دەست نیشانکرا کە بزاوتە کۆمەڵیەکان بە هەماهەنگ ماف بەرگریان هەیە دژ بـە هەر مەترسییەکی داپڵۆسینی سیاسیدا.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمین دا بیرۆکـەی سیاسـی رۆژئـاوا جـەختی لەسـەر پێویـست بـوونی کەمکردنـەوەی خـۆ سـەپاندنی دەوڵـەت کـردەوە بـۆ بەرژەوەنـدی کۆمەڵگـەی مەدەنی کە پێویستە خودی خۆی کاروبارەکانی خۆی هەڵسوڕێنی و تەنیا کەمێك نـەبێت ئەویش بۆ حکومەت جێی دەهێڵێ.

لە سەدەی بیست گەرامیشی پێشنیازی کۆمەڵگەی مەدەنی کـرد لـە چـێوەی چـەمکێکی تازە بە بیرۆکەیەك کە کۆمەڵگەی مەدەنی گۆڕەپانێك نییە بـۆ کێبڕکێـی ئـابوری بـەڵکو گۆڕەپانێکـە بـۆ کێبڕکێـی ئایـدۆلۆژی بـەو ئاسـتەی کـە جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان کـۆنترۆڵکردنی سیاسـەت و خۆسـەپاندنی ئایـدۆلۆژی. ئـەوەتا لەگـەڵ پێگەیـشتنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە ئەوروپا لە هـەر دوو سـەدەی حەڤدەیـەم و هەژدەیـەم، لەگەڵ دابەشبوونی کۆمەڵگە بۆ چینایەتی هاو بەرژەوەندی لە یەکچوو یان بەرهەڵستکار و توندوبوونی کێشەی چینایەتی، دەبوا سـەرمایەداری واتـا چـینی زاڵ بـە میکـانیزمێکی کارا قاڵبگرێت وەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی و سەقامگیری کۆمەڵگا زامـن بکـات. لێـرەدا سەرمایەداری ئەوروپی بەکردەیەکی سەرکەوت لە وەدیهێنانی ئەو ئامانجە لە رێگەی دوو میکانیزم: میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی راستەوخۆ لە رێگەی دامودەزگاکانی دەوڵەت لەگەڵ میکـانیزمی خـۆ سـەپاندنی ئایـدۆلۆژی و رۆشـنبیری لـە رێگـەی رێکخـراوە کۆمـەڵی نـا حکومیەکاندا کە تاکەکان بە خۆبەخش پراکتیزەی چالاکیەکانیان دەکـرد، بـە مەبەسـتی چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکانیان لـە رێگـەی باشـکردنی رەوشـەکانی رۆشـنبیری و ئابوری و بژێوی ژیانیان.

کۆمەڵگەی مەدەنی واتە تاکەکان و دەستەکانی نـا رەسمـی بـەو سـیفەتەی کـە تـوخمی کاران لە زۆربەی بوارەکاندا وەك پەروەردە و ئابوری و خێزان و تەندروستی و رۆشنبیری

و خێرخوازی و شتی دیکەش. کۆمەڵگەی مەدەنی لە چەند دەستەیەك پێکدێت و لە کۆمەڵناسی ناسراوە بە دامودەزگای سانەوی، وەك: کۆمەڵە ئەهلیەکان، سەندیکاکانی کرێکاری و پیشەییەکان و کۆمپانیا بازرگانیەکان و ژووری بازرگانی و پیشەسازیەکان، لەگەڵ ئەو دامودەزگا خۆبەخشانەی لەوانە دەچن مەبەستیش لە بانگەشە بۆ کردنی کۆمەڵگەی مەدەنی توانای ئەو دامودەزگا ئەهلیانەیە بە لە ئەستۆ گرتنی گەورەترین بەرپرسیاریەت لە هەڵسوڕاندنی کاروباری کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی ببێتە خولگەیەکی خودی بۆ دوا رۆژێکی دوور. بەم شێوەیە ئەم چەمکە دامودەزگا کۆمەڵایەتیە سەرەتاییەکان وەك خێزان، هۆز، تیرە، تایفەی ئایینی، یان مەزهەبی دوور دەخاتەوە. وێڕای ئەوە دامودەزگاکانی سیاسەت و حکومەتیش دوور دەخاتەوە. ئەوسا کۆمەڵگەی مەدەنی تەواوی دامودەزگاو رێکخراوە نا حکومیەکان لە خۆ دەگرێت کە بەکاری خۆبەخش هەڵدەستن بە ئەنجامدانی چالاکیەکانیان. لە راستیدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوە بە هەڵەداچوون کە هەڵوێستی سلبیان وەرگرت لە بانگەشەکردن بۆ بەهێز کردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، چونکە مەزەندەیان وابرد کە ئەوە تەنیا ئەو رێکخراوە نا حکومیانە دەگرێتەوە کە تازەن و کە بابەتەکانیان دیاردە کرا چالاکیان دەنواند کە لەلایەن وڵاتە سەرمایەدارەکان یان پارەدار دەکران لە کاتێکدا لەوە بێئاگابوون کە کۆمەڵگەی مەدەنی ژمارەیەك لە رێکخراوە میللی و جەماوەریەکانیش لەخۆ دەگرێت.

کۆمەڵگەی مەدەنی لە رووی پرێنسیپەوە تێکهەڵکێشیەك لە پەیوەندیەکان دروست دەکات بۆ پتەوکردنی ئەو پەیوەندیە لە نێوان تاکەکان لە لایەك و لە نێوانیان و نێوان دەوڵەتدا لە لایەکی دیکەوە. پەیوەندیەکانیش هەڵدەستن بە ئاڵوگۆڕکردنی بەرژەوەندیەکان و سوود گەیاندنەکان، گرێبەست و لێکڕازیبون و لێك تێگەیشتن و جیاوازیەکان وماف و ئەرك و بەرپرسیارەتیەکان و لێپرسینەوەی دەوڵەت لە هەموو کاتێکدا گەر بارەکە پێویستی بە لێپرسینەوە کرد لە رووی کار راپەڕاندیش ئەو تێکهەڵکێشە لە پەیوەندیەکان داوا بکات بۆ ئەوەی سوود بەخش بێت لەبەر جەستە

کردنی لە دامودەزگا خۆبەخشە کۆمەڵایەتیە رۆشنبیریە ئابوریەکان و دەستەبەر کردنی مافە جۆراو جۆرەکان کە بە هەموویانەوە بنکەیەکی سەرەکی پێکدێنن و لایەك چرپی دەخاتە سەر پرۆژەی دەوڵەت، لایەکی دیکە پێناوێك دەبێت بۆ لێپرسینەوە ئەگەر بارەکە پێویستی بەو لێپرسینەوەیە کرد.

کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆیە، تا رادەیەکی زۆر راستەوخۆ سەرپەرشتی دەوڵەت دەکات. کۆمەڵگەی مەدەنی جیا دەکرێتەوە بەسەر بەخۆییەکەی و لەخۆوە رێکخستن و گیانی دەستپێشخەری تاکی و کۆمەڵی و کارکردن بەخۆبەخش و بە پەرۆش بوون لە پێناو خزمەتکردنی دەستە بێهێزەکان. دەبێ ئەوەش بزانین کە کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵگەیەکی تاکیەتی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کۆمەڵگەیەکی هاوکارە لە رێگەی تۆرێکی بەرفراوانی پڕ لە دامودەزگا. لەوەش زیاتر کۆمەڵگەی مەدەنی بایەخ بە دامودەزگاکانی دەدات تاوەکو پێبگەن، هەڵبستن بە رۆڵبینینی خۆیان بە رێکخستن و کاراکردنی بەشداری خەڵك لە ماف چارەی خۆنووسینیان روو بەڕووبوونەوەی ئەو جۆرە سیاسەتە کە بە سلبی کاری لە گوزەرانیانی کردووە و بۆتە هۆی هەژاریکردنیان. هەروەها هەڵدەستێ بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کە دەستپێشخەرە و خوڵقاوە لە خودەکان، بە رۆشنبیرکردنیان بە دامەزراندنی دامودەزگاکان دەربارەی بە هاوڵاتی بوون، جەخت کردنەوە لەسەر ویستی هاوڵاتیان لە کردە مێژوو‌ییەکانیان و سەرنج راکێشانیان بۆ کردە مێژوو‌ییەکان و بەشداریکردنیان بە نواندنی چالاکی، بە مەبەستی وەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی گەورە لە کۆمەڵگاکاندا، تا بۆ هەڵبژێراوی دەسەڵات بە قۆرخکراوی نەمێنێتەوە لەم چێوەیەدا بیرمەند و خەباتگێڕی ئیتاڵی ئەنتۆنیۆ گەرامینی وای دەبینێت کە کۆمەڵگەی مەدەنی گۆڕەپانێکە بۆ ململانێ لە ناو دامودەزگا سیاسی و سەندیکایی و بیرۆکەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، کە لەو میانەدا چینی برژوایی رۆشنبیریەی سەپاندووە، یاخود لەو میانەوە موژدەی خۆسەپاندنی دژ بۆ چینی کرێکارو کار دەست بەرز دەبێتەوە. واتە چەمکێکی ململانێیە سەربەخۆیی پتەو دەکات بۆ

دامودەزگاکانی مەدەنی و رۆڵبینیان لە پاراستنی مرۆڤی ئاسا لە زاڵیەتی دەوڵەتدا. بە توانا بوونی لە پراکتیزە کردنی هاوکاری کۆمەڵی لە روو بەڕوونەوەدا. لە توانایدا دەبێ فشار بخاتە سەری و کاریگەر بێت لەسەر سیاسەتە گشتیەکانی دەوڵەتدا. بەم شێوەیە کۆمەڵگەی مەدەنی لای گەرامیش یەکێکە لە کۆڵەکەکانی دیموکراسی و رۆڵی گرنگ دەبینێ لە دامەزراندن و پشتگیر کردن لە پێش خستنیدا. هەروەها دەشێ لەرووی پرێنسپەوە ئاشنا بین بە پەیوەندیەکان لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسیەت لە رێگەی بە دواداچوونمان لەسەر هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندداون پێی. چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی بریتیە لە کۆمەڵە رێکخراوێکی خۆبەخشی ئازاد، تەواوی بوارەکانی گشتی لە نێوان خێزان و دەوڵەت پڕکردۆتەوە، واتە لە نێوان دامودەزگا نزیکەکان و دامودەزگاکانی دەوڵەت کە بوار نارەخسێنێ ئازادانە بۆ بە ئەندامبوونی هەڵیژێرێ ئەو رێکخراوە خۆبەخشە ئازادانە بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندی تاکەکانی یان بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان یان بۆ پراکتیزەکردنی چالاکی مرۆیی جۆراوجۆر هاتۆتەکایەوە پابەندە بەبوونی و چالاکیەکانی بە بەهاو پێودانگەی رێزلێنان و رێزگرتن و رازیبوون و لێبووردەیی و بەشداریکردن و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکان بە شێوەیەکی دروست بەو ئاستەی کە ببێتە رەزامەندی هەمووان.

بەپێی ئەو چەمکە کۆمەڵگەی مەدەنی چوار بنەمای سەرەکی لەخۆ دەگرێت.

* کارکردنی ئازاد بە ویستی خۆی یان خۆبەخش.
* هەبوون بەشێوەی رێکخراوەیی.
* قەبوڵکردنی جۆرو هەمە چەشنە و جیاوازیەکان لە نێوان خود و ئەوانی دیکەدا.
* هەوڵ و تەقەللا بۆ ئەوەی بەهانەکان بگاتە دەسەڵات.

پێکهاتەی کۆمەڵگەی مەدەنی

بەپێی ئەو پێناسەیە هەر کیانێکی کۆمەڵی رێکخراو کە هەڵبستێ بە ئەندامیەتی رێکخستن بۆ دۆزی گشتی یان پیشەیی یاخود کاری خۆبەش داخیلی بازنەی

دامودەزگاکـانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی دەبێـت. پـشتیش نابەسـتێت لـە بـە ئەنـدامبوونی بەهۆی بۆ ماوە یان خوێن یاخود خزمایەتی وەك خێزان، تیرە، هۆز، تایفە.

لە راستیدا گرنگترین پێکهاتەی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەمانەن:

* سەندیکاکانی پیشەیی
* سەندیکاکانی کرێکاریی
* بزاوتە کۆمەڵایەتیەکان
* کۆمەڵە هاوکاریەکان
* کۆمەڵە ئەهلیەکان
* یانەی دەستە وانەبێژەکان لە زانکۆکان
* یانەکانی وەرزش و یانە کۆمەڵایەتیەکان
* بنکەکانی لاوان و یەکێتیەکانی قوتابیان
* ژووری بازرگانی و پیشەسازی
* رێکخراوە نا حکومیەکانی بەرگرو گەشەپێدان وەك بنکەکانی ماف مـرۆڤ و ئافرەتـان و گەشەپێدان و ژینگە.
* رۆژنامەی ئازاد دەزگاکانی راگەیاندن و بڵاوکردنەوە
* بنکـەکانی لێتوێژینـەوە و دیراسـات و کۆمەڵـە رۆشـنبیریەکان شـایانی باسـە لـە پـاڵ ئەوانـەوە هەشـە دەسـتە تەقلیدیـەکان وەك سـۆفیگەری و ئـەوقاف دەداتـە پـاڵ ئـەو رێکخراوانە، بەوەی کە ئەوانەش لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە سـەدان سـاڵە و پێش سەرهەڵدانی ئەو رێکخراوە تازانە هەنە و وەك کۆمەڵگەیی مەدەنی بەپێی سات و کات رۆڵی خۆیان بینیوە.

ژێدەر:

١- د. حاميد خليل، الوطن العربي والمجتمع المدني، تراسات استراتيجية، جملة فصيلة تصدر عن مركز الدراسات والبحوث الاستراتيجية بجامعة دمشق العدد الاول، السنة الاولي- خريف ٢٠٠٠

٢- د. الحبيب الجنحاني، المجتمع المدني بين النظرية والممارسة، مجلة عالم الفكر، تصدر عن المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، دولة الكويت، العدد الثالث، المجلد ٢٧ يناير ١٩٩٩.

٣- د. احمد ثابت، الديمقراطية المصرية علي مشارف القرن القادم، كتاب المحروسة للبحوث والتدريب والنشره القاهيره، الطبقة الاولى يناير ١٩٩٩

٤- د. مصطفي كامل السيد، مفهوم المجتمع المدنى و مصر. نوفمبر ١٩٩٧

# بەڵێ بۆ دامودەزگا سەربەخۆییەکانی ناحکومی

روند بولص

ئەوەی منی هەڵوێستە پێکرد، ئەمیش ئەو بابەتە بوو کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بە ناونیشانی کار و چالاکیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاتێك وەزارەتی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی لە حکومەتی هەرێم کە لەلایەن مامۆستای بەڕێز جۆرج مەنسور کە وەزیری هەرێمە لە کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی کاتێك کە ئەو مادەو بیروڕایە ئەکادیمیەم بەرچاو دەکەوت لەسەر ئەم بابەتە گرینگە کە ئەمیش بوونی کۆمەڵگای مەدەنیە، کە دەبێ زۆر گرینگی پێ بدرێ و بەهەند وەربگیرێ چ لە ئێستاو وە چ لە داهاتوودا بۆیە منیش وام هەستکرد کە لە ڕێگای ئەم بابەتە کە تەواوی تێبینی و ڕاوبۆچوونەکانم کۆبکەمەوە، وە بیکەم بەم بابەتە. ئەگەر سەیری کۆمەڵگا بکەین بۆ نموونە کۆمەڵگای ئێراقی بە شێوەیەکی گشتی وە خەڵکی کوردستان بەتایبەتی دەبینین کە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئێشوو ئازارو خۆخواردنەوە لە نەبوونی ئازادیدا دەژیان ئەمیش بەهۆی حکومەتی فاشی حزبی بەعسی دیکتاتۆری، کاتێك لە ماوەی دەسەڵاتیدا کە چەند شەڕێکی یەك لە دوای یەکی بەرپاکرد، وە دەستیکرد بە پاکتاوکردنی خەڵکی کوردستان وە لە ناوبردنی

ئێراقیەکان، هەر جارێك بە ناونیشانێك و لەژێر دورشمێك وە کیمیاران کردنی هەڵەبجەی شەهیدو کوشتنی بە کۆمەڵ و کردەی بە ناو جینۆسیادو ئەنفال و نەمانی هیچ جۆرە ئازادێك بە گشتی لە کۆمەڵگا وە چاندنی تۆی دووربەرەکی و شەڕو ئاژاوە لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگای ئێراقی بە گشتی ئەمیش لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە بە زۆری زۆرداری و بە سیاسەتێکی نا تەندروست دەسەڵاتی خۆی سەپاندە بوو بۆ مانەوەی حکومەتەکەی تا پەرە بە درێژکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی بدات. وە هەروەها کۆمەڵگایەکی برینداری وەك کۆمەڵگای ئێراقیدا لە هەموو کۆمەڵگایەك زیاتر پێویستی بە رێکخراو و کۆمەڵەی سەربەخۆی نا حکومی هەیە بۆ ئەوەی بتواندرێ زەمینە خۆش بکرێ بۆ ئەوەی سەرلەنوو بینای کۆمەڵگای ئێراقی بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بکرێتەوە تا بتواندرێ تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەر رێز لەیەك گرتن و هەموو ئازادیە تاکە کەسیەکانی مافی مرۆڤ بینابکرێتەوە بە شێوەیەکی گشتی هەڵی لە بار بڕەخسێنین بۆ ئەوەی هاووڵاتی بتوانێ بە هەموو شێوەکان چێژ لە ژیان وەربگرن بە بێ جیاوازی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یاسایی و دەستووریدا، وە پارێزگاری تەواو بکرێ لەسەر بەردەوامی و ئایدیایێکی ڕاستەقینە کە تەواوی مافەکانی مرۆڤ لەبەر چاوبگرێ بەبێ جیاوازی. لە کاتێك بە مانەوەی سەیرێکی باری ئابووری بکەین، دەبینین بژێوی ژیان زۆر گرانە، بۆیە دەبێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگای بەندێکی یاسایی دەبێ لیژنەیەکی سەربەخۆ لە کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی ئامادە بکات کە تایبەت بەم بوارە بێ و وە رێگا پێدراوبین لەلایەن حکوومەت کە تایبەت بەم بوارەبن و بە پاکی کارەکان جێبەجێ بکەن. وە دەبێ دەستورێکی یاسایی تایبەت هەبێ بۆ ئەم بوارە، بۆ ئەوەی بتوانێ داکۆکی لە کۆمەڵە و رێکخراوە سەربەخۆکان بکات، بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام لەکارەکانی هەر لەم رێگایەشەوە دەتوانین مەرامە گرینگەکانی و کۆمەڵگایەکی مەدەنی دروست بکەین کە سوود لە برایەتی و و یەکتر خوێندنەوە و یەك رێزی وەربگرین بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی تەواو بە مافەکانی مرۆڤ دروست بکەین، وە هەموو خەون و ئاواتەکانی هەموو هاووڵاتیەك لە خۆ بگرێ، لە ناو وڵاتێکی ئازادو مەدەنی.